# فەلسەفەی خۆراوایی

## Westren Philosophy

لەئینسایکلۆپیدیای ئینکارتاوە

وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە

ئاوات ئەحمەد

سلێمانی 2003

زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی گیرفانی ژمارە (29)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

# فەلسەفەی خۆراوایی

وەرگێڕانی : ئاوات ئەحمەد
بابەت : مێژووی فەلسەفە
بەڕێوەبەری هونەری: شیروان تۆفیق
مۆنتاژی کۆمپیوتەری: سەیران عبدولڕەحمان
هەڵەچن: خودی وەرگێڕ
تیراژ: 500
ژمارەی سپاردن: 46ی 2003

## وتەیەك

هەموو ئەوانەی هەولّیانداوە مێژوویەك بۆ فەلسەفە بنوسنەوە، بۆیان دەركەوتووە كە زاراوەی فەلسەفە خۆی لەخۆیدا مشتومڕێكی زۆری لە سەرەو زەحمەتە لەسەر پێناسەیەك رێك بكەون، هیچ دوانێك لەبیریارە دەركەوتووەكان، بەتەواویی لەسەر شوناسێك كۆك نین و كەم و زۆر جیاوازیان لەنێواندا هەیە. هەروەها لەوەش سەیرتر ئەوەیە كەتائێستا یەكەمین پێناسەی فەلسەفە كەلەیۆنانییە دێرینەكانەوە هاتۆتە دەرەوە، باشترینیانەو، بیریارە یۆنانییەكانیش خۆیان لەهەمووان زیاتر شایستەی نازناوی فەیلەسوفن.

زاراوەی فەلسەفە بەزۆر مانا لێکدراوەتەوە:
هەندێکیان بەگەڕان بەشوێن داناییدا لەقەڵەمی دەدەن، ئەمە نزیکترینیانە لە دیدی یۆنانییەکانەوەو خودی وشەکەش هەر لەم مانایەوە گەردان کراوە، وشەی داناییش تێگەیشتنی گەردون و مرۆڤ و ئەرك و مافە ئاکارییەکانیشی دەگرێتەوە، بەمجۆرە دانایی بەمانا یۆنانییەکەی بریتیە لەوەی پرسیار بکەین ئایا ئەو شتانەی وەکو باوەڕ وەرمان گرتون و بوون بەنەریتێکی دووبارە کراوە، شتگەلێکی ماقوولن، واتە ئایا ئەوەی باوەڕمان پێیەتی، ئەوەیە کە راستە؟.
هەندێکی تر بە تێگەیشتنی قووڵی دیاردە ئاینییەکان و خودی ئایین و پلەو پایەی مرۆڤ لەناو ئایینەکاندا، لەقەڵەمیانداوە. لای هەندێك فەلسەفە لێکۆڵینەوەی زانستە سروشتییەکان و تێگەیشتنی مانای سەرەتاو کۆتایی بوون و ئایدیاکانی مرۆڤە. هەندێ جار مانای بەهاکانی چاکەو خراپەو راستیی و جوانیی دەگەیەنێت، هەروەها گەڕان بەدوای هۆش و ئیرادەدا لەپانتاییەکانی بوون و گەردوندا.. هتد.

زەحمەتـە بتوانـین یەکێتییـەك لـەنێوانی ئـەم فرەییـەدا بدۆزینـەوەو هێڵێکـی گشـتیی بـۆ مانـای زاراوەکـە بکێشـین، رەنگـە لـە باشـترین گوزارشـتدا بتوانـین بڵێـین فەلسـەفە هـەموو ئەمانـەو زۆر شـتی تریشـە بەسـەر یەکـەوەو هەریەکێکیشـیانە بەتـەنیا، ئەمەش خۆی لەخۆیدا لە یـەکێك لـە مەتەڵـەکانی زینـۆ دەچێت. لێرەشـەوەیە کـە ژن و مـێردە فەیلەسـوفەکە پێکـەوە دەڵێـن: "لێکۆڵینـەوەی فەلسـەفە وەکـو لێکۆڵینەوەی هیچ بابەتێکی تر نیە. نە بەروارەکان، نە فورمولەکان، نەیاساکان، هیچیان پێویست نین. هیچ کارێکی مەیدانیی بەکەڵکی نایەت و پێویستی بە هیچ ئـامێرێکی تـەکنیکی نیـە. تاکـە شـتێکی پێشـینە کەپێویسـت بێـت بـۆی، بریتیـە لـە عـەقڵێکی پرسیارکەر[1].

ئـەم کتێبـە خنجیلەیـەی بەردەسـتی خوێنـەر، هـەوڵیداوە هەماهەنگییـەك لـەنێوانی زەمەنـە فەلسـەفییەکان و قوتابخانـە فەلسـەفییەکاندا دروسـت

---

[1]Steven M. Cahn

Exploring Philosophy 2000 p3.

بکات و ڕێچکەیەك بدۆزێتەوە بۆ دەرخستنی ئەو ڕەوتەی کەفەلسەفە لەپێشکەوتنە خوارو خێچەکەیدا پێیدا تێپەڕیوە. خوێنەر لەم کتێبەدا (کەخۆی لەئەسڵدا وتارێکەو ئێمە کردوومانە بەکتێب و هەوڵماندا وە لە پەراوێزدا ناوو زاراوە گرانەکان شی بکەینەوەو لە شێوەی کتێبێکی بچووکدا پێشکەشی بکەین) بیرۆکەیەکی گشتی دەربارەی مێژووی بیرکردنەوەی خۆراوایی دەبینێتەوە، ئەگەر ئارەزووی لێبێت، ڕەنگە پێشەکییەك بێت بۆ ئەوەی زیاتر قووڵ ببێتەوە.

ماوەتەوە ئەوە بڵێین کە برای ئازیزو ڕۆشنبیرمان (ئازاد بەرزنجی) هاندەری یەکەمی تەواوبوونی وەرگێڕانەکە بوو لە ماوەیەکی پێوانەییدا. ڕەنگە ئەگەر پشتیوانیی ئەو نەبوایە، ئەم کتێبە بەم نزیکانە نەکەوتایە بەرچاوی خوێنەران.

لە کۆتاییدا، پێویستە ئاماژە بدەین بەوەی هەموو پەراوێزەکان لەلایەنی ئێمەوە ئامادە کراون و لەوەشدا سودمان لەم سەرچاوانەی خوارەوە وەرگرتووە:

1. Encyclopedia Britanica 2002.

2. Encyclopedia Encarta 2002.

3. Compton's Interative Encyclopedia 2001.

- معجم الفلاسفة ـ جورج طرابيشي، 1987.
- الموسوعة الفلسفية ـ روزنتال و ب. يودين، 1987.
- الموسوعة الفلسفية المختصرة، نقلها عن الانجليزية: فؤاد كامل، جلال العشري، عبدالرشيد الصادق ـ بلا تاريخ.
- بزرگان فلسفه ـ هنری توماس، مترجم: فريدون بدرەای 1379 (2000).

وەرگێڕ

سلێمانی

تشرینی دووەمی 2002

# پێشەکی

زاراوەی فەلسەفە لەوشەی فیلۆسۆفیا philosophia یۆنانییەوە هاتووە، کەمانای خۆشەویستی دانایی دەگەیەنێت، بریتیە لەلێپرسینەوەی رەخنەییانەو عەقڵییانەی پرەنسیپە بنەڕەتییەکان. بەگشتی فەلسەفە دەکرێت بەچوار لقی سەرەکییەوە:

- میتافیزیا metaphysics : پشکنینی واقیی کۆتایی.
- ئەپستمۆلۆجیا epistmology : لێکۆڵینەوەی رەگوریشەو، فرەیی و، سنورەکانی زانین.
- ئێتیك ethics : لێکۆڵینەوەی سروشتی ئاکارێتی و دادپەروەریی.
- ئیستاتیکا aesthetics : لێکۆڵینەوەی سروشتی جوانی لەهونەرە جوانەکاندا.

دوو چەشنە دیارەکەی پرسیارکردنی فەلسەفەییانە بریتین لە فەلسەفەی شیکاریی analytic philosophy

بریتیە لە لێکۆڵینەوەی لۆجیکییانەی[2] چەمکەکان، لەگەڵ فەلسەفەی کۆکاریی synthetic philosophy بریتییە لە ڕێکخستنی چەمکەکان لەیەك سیستمی دیاریکراودا.

زاراوەی فەلسەفە، وەك لەئەسڵدا لە لایەنی یۆنانییە دێرینەکانەوە بەکار هاتووە، مانای گەڕان بووە بە دوای زانیندا لە پێناوی زانیندا. فەلسەفە هەموو پانتاییەکانی بیرکردنەوەو تێڕامان دەگرێتەوە، بە هونەرەکان و زانستەکان و ئاینیشەوە. لە پانتاییە جیاجیاکانی زانیندا، چەندان میتۆد[3]و پرەنسیپی

---

[2] لۆجیك (Greek logos,"word,""speech,""reason") بەیۆنانیی پێی دەوترێت لۆگۆس، زانستێکە خەریکی پرەنسیپەکانی مشتومڕە عەقڵییە جیاجیاکانە. لێکۆڵینەوەی لۆجیك بریتیە لەهەوڵێك بۆ پێناسەکردنی ئەو حاڵەتانەی کە پێیان دەوترێت پێشەکییەکان premises, دەگوازێتەوە ئەو ئەنجامەی conclusion کە لێیانەوە هەڵدەهێنجرێت. یاسای لۆجیك بریتیە لەپەیوەندیی نێوان پێشەکییەکان و بەرەنجامەکان، وەك ئەوەی ئەگەر پێشەکییەکان دروست بن، ئەوا بەرەنجامەکانیش دروست دەبن.

[3] میتۆد method بریتیە لەرێگای ئەنجامانی شتێك یان جێبەجێکردنی شتێك، بەتایبەتی بەپێی پلانێکی داڕێژراو.

تایبــەتی پـــەرەیان پێـــدراوە، هـــەر پانتاییـــەکیان پێویستیی بەتێڕوانینی فەلسەفییانەی خۆی هەبووە، ئەمەش بووەتە هۆی سەرهەڵدانی فەلسەفەی هونەر و فەلســەفەی زانســت و هـــەروەها فەلســـەفەی ئـــایین. زۆرجار زاراوەی فەلسەفە بـەکار هێـنراوە بـۆ ئـەوەی بەباشـی مانـای بـەها بنچینەییـەکان و هەڵوێسـتەکان بەرامبـەری ژیـان و سروشـت و کۆمـەڵگا بگرێتــەوە. دەستەواژەی "فەلسەفەی ژیان" یش، لەمەوە هاتووە. چونکە هێڵەکانی نێوانی پانتاییە جیاجیاکانی زانین، جــیڕن و قــابیلی کشــان و چوونـــەوە یـــەکن، بۆیـــە پێناسەی زاراوەی فەلسەفە وەکو بابەتێك بۆ ناکۆکیی دەمێنێتەوە.

لـەم نوسـینەدا، فەلسـەفەی خۆراوایـی لەسـەردەمە دێرینەکانی یۆنانەوە بۆ سەردەمە مۆدێرنەکان بەسـەر

---

یـاخود دەتوانـین بڵێـین میتـۆد بریتیـە لـە سیسـتمی بیرکردنەوە، کردەوە یاخود تەکنیك. هەروەها دەشێ بڵێین میتۆد بریتیە لەجەستەی تەکنیکێکی سیستماتیزەکراو کە لەلایـەنی دیسـپلینێکی دیـاریکراوەوە بـەکاردەهێنرێت، بەتایبەتی دیسپلینی زانستی.

دەکرێتەوە. خۆمان نەداوە لە بیرکردنەوەی فەلسەفیی لە خۆرەلاَتی دوور و ناوەڕاست، لە وێنەی فەلسەفەی چینی، ئیسلامیی، بودایـیزم، داویـزم یـان تـاویزم، هەروەها کۆنفۆشیۆشیزمیش.

### فەلسەفەی یۆنان

فەلسەفەی خۆراوایی بە شێوەیەکی گشتی لە یۆنانی دێرین وەکو پرسش کردن دەربارەی سروشتی راستەقینەی جیهانی فیزیایی دەستی پێکردووە. لە فۆرمی سەرەتایدا، لە زانستی سروشتی جیانەدەکرایەوە. نوسینی فەیلەسوفەکانی سەرەتا لەبەردەستدا نەماون، تەنیا چەند پارچەیەکی پەرت و بلاَویان نەبێت لەلایەنی ئەرەستۆو نوسەرانی سەردەمەکانی دواترەوە تۆمار کراون.

## قوتابخانەی ئایۆنیی

**The Ionian School**

یەکەمین فەیلەسوف لە مێژوودا تۆمار کرابێت تالیسی[4] خەڵکی شاری میلیتۆسە، لەسەر کەنداوی ئایۆنیا لە ئاسیای بچووك، لە دەوروبەری ساڵی 580 ی پێش زاییندا چالاك بووە. تالیس لە لایەنی نەوەکانی دواترەوە بە یەکێك لەحەوت داناکەی یۆنان[5]

---

[4] تالیس Thales (625?-546?BC) فەیلەسوفێکی یۆنانییە، لە میلیتۆسی ئاسیای بچووك لەدایك بووە. دامەزرێنەری فەلسەفەی یۆنانییەو بەیەکێك لەحەوت داناکە لەقەڵەم دەدرێت. بەهۆی زانینەکەیەوە دەربارەی فەلەکناسیی شۆرەتی دەرکرد، دوای ئەوەی پێشبینی خۆرگیرانەکەی رۆژی 28 / 5 / 585 ی پێش زایینی کرد. دەشڵێن زانستی ئەندازەی لەیۆناندا ناساندووە. تالیس پێی وایە پرەنسیپی بنەڕەتیی هەموو شتەکان ئاوە، هەموو شتێك لەوەوە دێت و بۆ بۆ ئەویش دەگەڕێتەوە. پێش تالیس لێکدانەوەی گەردون بەشێوەیەکی ئەفسانەیی بوو، بۆیە تەرکیزکردنی ئەم لەسەر جەوهەری فیزیاییانەی جیهان، بوو بەسەرەتای لەدایکبوونی بیرکردنەوەی زانستیی. تالیس نوسینی لەپاش جێنەماوەو زانیاریەکانمان دەربارەی ئەو لەتوێی میتافیزیاکەی ئەرەستۆوەیە.

یۆنـــان[5] لەقەڵـــەم دراوە، بایـــەخی داوە بـــە دیـــاردە گـــــەردونی و فیزیـــــایی و میتیۆرۆلۆجییـــــەکان[6]. لێکۆڵینـــەوە زانســـتییەکانی گەیاندویانەتـــە ئـــەوەی بڵێت هەموو دیاردە سروشتییەکان فۆرمی جیاجیای مادەیـەکی بنـەڕەتین، بـەبڕوای ئـەو ئـەو مادەیـە ئـاو بـووە، چونکە پێی وابوو بە هـەڵمبوون و چڕبوونـەوە پرۆسێســێکی گەردوونیـە. یـــەکێك لەقوتابییـــەکانی

---

[5] حەوت پیاوە داناکەی یۆنان Seven Wise Men of Greece بریتین لەپیاوە حەکیمەکانی یۆنان لەنێوان هەردوو سەدەی حەوتەم و شەشەمی پێش زایینی، کەلەزانست و فەلسەفەو سیاســەتدا شــارەزاو چــالاك بــوون. بریتــین لــە پرایــن (لەســەدەی شەشــەمی پێــش زاییــندا ژیــاوە)، چیلۆنــی سپارتەیی (سەدەی شەشەمی پێش زایین)، سیلۆبولێسی لیندۆسـیی (سـەدەی شەشـەم)، پیریـاندەری کۆرینســەیی (لەســاڵی 585 ی پێــش زاییــندا مــردووە)، پیتاکۆســی میتیلینــی ( 650؟ - 570؟)، سـۆڵۆنی ئەسـینایی و تاڵیســی میلیتۆسی.

[6] میتۆلۆلۆجـــی Meteorology بریتیـــە لەلێکۆڵینـــەوەی ئەتمۆســـفیری زەوی و بەتایبـــەتی لێکۆڵینـــەوەی کـــەش و هەوا.

تاڵیس، ناوی ئاناکسیماندەره[7]، ئامارژەی بۆ یەکەمین پرەنسیپ کردووە، کە هەموو شتەکان لەوەوە پەرەدەسێنن، ئەویش جەوهەرێکی نەبینراوی هەستپێنەکراوی ناکۆتایە، پێی وتووە ئاپیرۆن، واتە

---

[7] ئاناکسیماندەر (Anaximander (circa 611-c. 547 BC فەیلەسوف و ماتماتیکزان و فەلەکناسی یۆنانییە، لەمیلیتۆس لەدایکبووە، ئەو ناوچەیەی ئێستا پێی دەڵێن تورکیا. هاوڕێ و قوتابی تاڵیس بووە. دەوترێت ئاناکسیماندەر لاریی چەماوەی خۆرگیران و مانگ گیرانی دۆزیوەتەوە، واتە ئەو گۆشەیەی کەلەوێدا چەماوەکە بەرەو هێڵی ئیستیوای ئاسمانیی دەخزێت، هەروەها کاتژمێری هەتاویشی بەیۆنانییەکان ناساندووەو زانستی نەخشە دروستکردنیشی داهێناوە. دیارترین کاری ئەناکسیماندەر بریتیە لەنوسینەکەی دەربارەی گەردون و رەسەنی ژیان. بەلای ئەوەوە گەردوون ژماریەك لولەکە کەچەقێکی هاوبەشیان هەیە، ئەوپەڕەکەی خۆرەو ناوەڕاستەکەی مانگەو لەقوولاییشدا ئەستێرەکان هەن، لەناوەڕاستی ئەم لولەکانەدا زەوی هەیە. کەبێ پشتیوانەو لەشێوەی تەپڵێکدایە. ئەناکسیماندەر گریمانەی ئەوەی کردووە کەرەسەنی گەردوون دەگەڕێتەوەبۆ جیابوونەوەی دژەکان لەمادەیەکی بەرایی. گەرمیی لەساردیی، وشکیی لەتەڕی جیابوونەوە. لەوەش زیاتر پێی وابوو کەهەموو شتەکان لەسەرەنجامدا دەگەڕێنەوە بۆ ئەو توخمەی لێی دروست بوون.

بــێ ســـنور. هـــەرچۆنێك بێـــت، ئـــەو وای زانیـــوە جەوهەرێکی قابیلی پشکنین و لێکۆڵینـەوە لـە هـەموو شتەکاندا هەیە، بۆیە بۆچونەکـەی لەمـەڕ ئەزەلییـەت، دەربـارەی گـەردونی بێسـنور، پێـش بۆچوونـی نـوێ کەوتووە. ئەو جەوهـەرەی ئەو ئامـاژەی بـۆ کـردووە، نـەمرەو قـابیلی تێکشـکاندن نیـە. لـەم بۆچوونـەی ئـەوەوە، جەوهــەرە باوەکـان، لــە وێنــەی گــەرمیی، ســـاردیی، زەوی، هـــەوا، هـــەروەها ئـــاگریش، بەبەردەوامیی پەرە دەسێنن و شتە جیاجیاکان و ئەو ئۆرگانیزمەنـە دەخەنـەوە کەجیـهانی تێبینیکراویـان پێکهێناوە.

ســـێیەمین فەیلەســـوفی ئـــایۆنیی مـــەزن، ئاناکزیمێنسـە[8]، ئەمیش دەگەڕێتەوە بۆ گریمانەکـەی

[8] ئاناکســـیمێنس (Anaximenes (circa 570-500 BC فەیلەســوفی سروشــتە، دوایــن ئــەندامی قوتابخانــەی ئایۆنییەکانـە، لـەمیلیتۆس، ئایۆنیـا، پێــی وابــووە هــەوا توخمی بنەڕەتییەو لێوەی هەموو شتەکان هاتونەتە بوون. بۆئـەوەی روونـی بکاتـەوە چۆن شـتی رەق لەهــەواوە دێـت بیرۆکەی چڕبوونەوەو شلەقانی پێشکەش کرد. دەڵێت ئـەم پرۆسێسانە وادەکەن خودی هەوا کە خۆی نەبینراوە، وای لێبێت وەکو ئاو، ئاگر، مادەی رەق بینراو بێت. پێی وابوو

تالیس کە دەیوت جەوهەرە بەراییەکە شتێکی ئاشناو ماتریالییە، بەڵام وتی ئەو جەوهەرە هەوایە نەك ئاو. ئەو باوەڕی وابووە، دەشێت بە زاراوەگەلێکی وەك شڵەقان و چڕبوونەوەی هەوا، ئەو گۆڕانانەی بەسەر شتەکاندا دێن لێك بدرێنەوە. بەم پێیە ئاناکسیمێنس یەکەمین فەیلەسوف بووە کە حیاوازییە چۆنایەتییەکانی بە زاراوەکانی جیاوازیی چۆنایەتی لێکداوەتەوە، ئەمەش میتۆدێکی بنەڕەتیی زانستە فیزیاییەکانە.

بەگشتی، قوتابخانەی ئایۆنییەکان، لە لێکدانەوەی میتۆلۆجییانەی[9] دیاردە

---

کاتێك هەوا بەتەواویی پوختە دەبێت، گەرم دەبێت و دەبێت بە ئاگر، کاتێکیش چڕ دەبێتەوە، دەبێت بەمادەی رەق. گرنگیی ئاناکسیمێنس لەگەردوونناسییەکەیدا نیە، بەڵکو لەوەدایە کەهەوڵی داوە سروشتی کۆتایی واقیع بدۆزێتەوە.

[9] میتۆلۆجیا Mythology بریتیە لە لێکۆڵینەوەی ئەفسانەکانی کەلتورێکی دیاریکراو، لێکۆڵینەوەو راڤەکردنی ئەفسانەکان. رەنگە ئەفسانە بەفراوانی وەکو چیرۆکێك پێناسە کرابێت کە لەئەنجامی گێرانەوەی هەزاربارەدا، بوبێتە نەریتێك لەو کۆمەڵگایەدا. بەپێی ئەم

سروشـتییەکانەوە، یەکـەمین هــەنگاوی رادیکاڵانــەی بــەرەو لێکدانــەوەی زانســتییانە هەڵهێنایــەوە. ئـــەم قوتابخانەیـــە پرەنســـیپە زانســـتییە گرنگـــەکانی سـەقامگیریی جەوهـەرەکانی دۆزییـەوە، پەرەسـەندنی سروشـتییانەی جیـهان و، وەرگۆڕانـی چـەندێتی بـۆ چۆنێتی.

### قوتابخانەی فیساگۆریی

**The pythagorean School**

لــە دەوروبــەری ســـاڵی 530ی پێـــش زایینـــدا، فیساگۆراسـی[10] فەیلەسـوف، لــە کرۆتۆنـای بـاکوری

---

پێناســـەیە، دەشـــێت زاراوەی میتۆلۆجیـــا، گێڕانـــەوە دێرینەکانی چیرۆکە میسرییە دێرینەکان و حیکایەتەکانی مرۆڤــی چــاخی بەســـتەڵەکیش بگرێتـــەوە. تـــێڕوانینی میتۆلۆجییانەش بریتیە لەلێکدانەوەی جیهان لەتوێی ئەو تێکست و نەریتانەوە.

[10] **فیسـاگۆراس** Pythagoras (582?-500?BC), فەیلەسـوف و ماتمـاتیکزانێکی یۆنانییـە، پێڕەوەکـەی کاریگـەریی لەسـەر ئـــەفلاتون هـــەبووە. فیســـاگۆرس بـــاوەڕی بەنـــەمریی و گوێزانەوەو دۆنادۆنکردنی رۆح هەبووە، تەنانەت خـۆی بـە وێنەیەکی تری ئیفۆربەس دادەنا ، ئەوەی رایگەیاندبوو کە جـەنگی تـەروادە دەقـەومێت و، پێـی وابـوو گـەلێك لــە

**ئیتالیا، قوتابخانەیەکی فەلسەفیی دامەزراند، لەچاو قوتابخانەی ئایۆنییەکاندا، زیاتر قوتابخانەیەکی ئاینیی و سۆفییانەی تەژم بوو. ئەم قوتابخانەیە تێروانینی میتۆلۆجییانەی دێرینی لەگەڵ لێکدانەوەی گەشەکردووی زانستییانەدا یەکخست. ئەو سیستەمە فەلسەفییەی بەناوی فیساگۆریزمەوە ناسرا، باوەڕە ئێتیکی[11] و ژوورسروشتییەکان و میتافیزیاییەکانی لەتێڕوانینێکی ڕۆحانییانەی ژیاندا، ئاوێتە کرد. فیساگۆراس پێی وابوو پێڕەویی لە ڕێبازێکی بیرکردنەوە دەکرد، لەسەر بناغەی ئەو باوەڕە**

---

**ئەزمونەکانی هی ئەو ژیانەی رابردووین. هەرچۆنێك بێت فیساگۆرس قوتابخانەیەکی دامەزراندووە کە بەقوتابخانەی ئیتالیی بەناوبانگە، هاوسەرەکەی خۆی کەناوی سیانۆ بووە یەکێك بوە لەقواتابییە نێودارەکانی ئەم قوتابخانەیە.**

[11] **ئێتیك** Ethics (Greek ethika, from ethos,"character,""custom") **بریتییە لەپرەنسیپەکان یان ستاندەردەکانی هەڵسوکەوتی مرۆڤ، هەندێکجار پێی دەوترێت مۆراڵ. ئاکار** (Latin mores,"customs") **، هەروەها بەلێکۆڵینەوەی ئەو پرەنسیپانەش دەوترێت، بۆیە هەندێکجار پێی دەوترێت فەلسەفەی ئاکاریی ـ مۆراڵی.**

دامەزرابوو کە ڕۆح زیندانیی ناو جەستەیە، لە کاتی مردندا ئازاد دەبێت و لە شێوەیەکی بەرزتر یان نزمتری ژیاندا دۆنادۆن[12] دەکاتەوە، بەپێی پلەی ئەو فەزیلەتەی هەیبووە. پێویستە بالاترین مەبەستی مرۆڤەکان بریتی بێت لە خاوێنکردنەوەی ڕۆحەکانیان، ئەویش بە گەڕان بە دوای فەزیلەتە

[12] دۆنادۆن (Avatar (Sanskrit avatara,"descent" لە ئاینی هیندۆسییدا، بریتیە لە دابەزینی یەزدان بۆ سەرزەوی لەشێوەی مرۆڤێکدا. دۆنادۆن هاوشێوەی بەرجەستەبوونەکەی مەسیحە لەئاینی مەسیحییدا، بەلام دوو جیاوازیی سەرەکییان هەیە: یەکەم ، خودای هیندۆسەکان دەتوانێت لەیەك کاتدا لەچەند شوێنێکی جیاوازدا بەرجەستە ببێت بەوەی دۆنادۆنێکی لاوەکیی بکات لەپاڵ دۆنادۆنە سەرەکییەکەیدا. دووەمیش ، خودای هسندۆسەکان بەتەواویی ناچێتە قالبی مرۆڤەوە وەکو مەسیح و بەشداریی ناکات لەهەموو سروشت و ئاکارە مرۆییەکاندا. هەندێك لەدۆنادۆنە نێودارەکانی خوداوەندی هیندۆسەکان بریتییە لە کریشنا، راما، هەروەها خودی بوداش. دۆنادۆن زیاتۆ زاراوەیەکی ئاینییە نەك فەلسەفیی، وەلێ پێڕەوەکەی فیساگۆراسیش خۆی لە خۆیدا قوتابخانەیەکی ئاینیی بووە، هەروەها شێوەیەکی تایبەتیی دۆنادۆن لە تێڕوانینی سۆکراتیشدا هەیە، خوێنەر دەتوانێت بڕوانێتە دایالۆگی فایدۆن، کە لە لایەنی ئێمەوە کراوە بەکوردی.

فیکرییەکانداو، دوورکەوتنەوە لە چێژە هەستییەکان و ، مومارەسە کردنی سروتی ئاینیی جیاجیا. فیساگۆرییەکان، ڕێسا میتافیزیاییەکانی چارەسەرکردن بە مۆسیقایان دۆزیبوۆوەو، لەوەوە گەیشتوونە ئەوەی جوڵانی هەسارەکان "مۆسیقای جیهانەکان" بەرهەم دەهێنێت، هەروەها پەرەشیان دا بە"چارەسەرکردن بەمۆسیقا" بۆ ئەوەی مۆڤایەتی لەگەڵ تەنە ئاسمانییەکاندا، بخەنە ناو هارمۆنیایەکەوە. پێناسی زانستیان لەگەڵ ماتماتیکدا کرد، لەو بڕوایەوە کە هەموو شتەکان لە ژمارەو هێما ئەندازەییەکانەوە دروست بوون. فیساکۆراسییەکان بەشدارییەکی گرنگیان لماتماتیك و تیوری مۆسیقاو گەردونناسیدا، کردووە.

## قوتابخانەی هیراکلیتییەکان

**The Heraclitean School**

**هیراکلیتۆسی ئێپسۆسی[13]، بەردەوام بوو لەسەر لێکۆڵینەوەکانی قووتابخانەی ئایۆنییەکان دەربارەی جەوهەری بنەڕەتی و، وتی ئەو جەوهەرە ئاگرە. ئەو تێبینی کرد گەرمی گۆڕان لە مادەدا دروست دەکات، بەمەش پێش تیوریی مۆدێرنیوزە کەوتووە. هیراکلیتۆس دەیووت هەموو شتەکان لە حاڵەتی جوڵانی بەردەوامدان، سەقامگیریی وەهمە، بە تەنیا گۆڕان و یاسای گۆڕان، یان لۆگۆس[14]، راستەقینەن.**

---

[13] **هیراکلیتۆس** Heraclitus (540?-475? BC) **فەیلەسوفێکی یۆنانییە، پێی وایە ئاگر مادەی یەکەمینە کەسەرچاوەی هەموو شتەکانی ترە، هەروەها دونیا لەناو گۆڕانێکی رێکوپێکدا بەڕێوە دەچێت. لەئێپسۆس لەئاسیای بچووک لەدایک بووە. ژیانێکی گۆشەگیرو تەژمی بەسەربردووەو حەزی لەتێکەڵاویی نەکردووە، بۆیە نازناوی فەیلەسوفی رەش یان فەیلەسوفی گرینۆگیشی پێدراوە.**

[14] **لۆگۆس** Logos **وشەیەکی یۆنانییە بەمانای عەقڵ، لە فەلسەفەی دێرین و لە تایبەتی لە فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاستدا، هەروەها لە سیۆلۆجیاشدا، بەو مانایە**

لۆگۆسەکەی هیراکلیتۆس، یاساکانی سروشت لەگەڵ ژیرییەکی یەزدانییدا، پێناسە دەکات، کە پەرەی سەندووە بۆ تیۆلۆجیایەکی ستۆیکییانەی[15] یەکێتیی بوون.

## قوتابخانەی ئێلییەکان

**The Elleatic School**

لە سەدەی پێنجەمی پێش زایندا، پارمنیدس[16] لە ئیلییا قوتابخانەیەکی فەلسەفیی دامەزراند، ئیلییا

---

بەکارهاتووە کە عەقڵی یەزدانیی رۆڵی فەرماندان بە پرەنسیپەکانی گەردوون دەبینێت.

[15] ستۆیسیزم Stoicism قوتابخانەیەکی فەلسەفییە، لە یۆنانی دێرین دامەزرێنراوە، پێچەوانەی ئیپیکۆریزم بووە لەتێڕوانینیدا بۆ ژیان و ئەرکی سەرشان. فەلسەفەی ستۆیك لە سەگانییەکانەوە پەرەی پێدراوە، کەئەنتیسینی دامەزرێنەری قوتابی سۆکرات بووە.

[16] پارمنیدس Parmenides (born about 515 BC) فەیلەسوفێکی یۆنانییە، گەلێك لەلێکۆڵەران بەمەزنترین ئەندامی قوتابخانەی ئێلی لە قەڵەمی دەدەن. دەڵێن لەتەمەنی شەستوپێنجساڵیدا سەردانی ئەسینای کردووەو لەو سەردانەدا سۆکرات ئەو کاتە لاو بووە، گوێی لە ئاخاوتنی بووە. پارمنیدس بە شیعر باسی پێڕەوە فەلسەفییەکەی خۆی کردووە. تاکە بەرهەمی کە لە

کۆڵۆنییەکی یۆنانیی بوو لە نیمچەدوورگەی ئیتالیا.
پارمنیدس هەڵوێستێکی پێچەوانەی هیراکلیتۆسی وەرگرت لە مەسەلەی پەیوەندیی نێوانی گۆڕان و جێگیریی، پێی وابوو کەگەردوون، یاخود حاڵەتی بوون، حاڵەتێکی بەشنەکراوی، نەگۆڕاوەو هەموو سەرچاوەیەك بۆ گۆڕان و فرەیی، بریتیە لەخود ـ ناکۆکیی. ئەو دەڵێت هیچ شتێك ناتوانێت بەراستی جەخت بکات، جگە لەوەی بوون دەتوانێت. زینۆی خەڵکی ئیلیا[17]، کە قوتابییەکی پارمنیدسە، هەوڵیداوە یەکێتیی بوون بسەلمێنێت بەوەی مشتومڕ بکات لەسەر ئەوەی باوەڕ بوون بە راستیی گۆڕان و فرەیی و جووڵە، بەرەو مەتەڵێکی لۆجیکیمان دەبەن. مەتەڵەکەی زینۆ بووە مەتەڵێکی فیکریی نێودار، کە

---

ناوچوون رزگاری بووبێت چەند برگەیەکە لە شیعری دەربارەی سروشت، باس لە بوونێکی رەها دەکات، کە نەبوونی شتێکە ئەندێشە ناکرێت.

[17] زینۆی ئیلییایی Zeno of Elea لەدەوروبەری سەدەی پێنجەمی پێش زایینـدا ژیاوە، ماتماتیکزان و فەیلەسوفێکی یۆنانییە، سەر بە قوتابخانەی ئێلییەکانە، بە مەتەڵە فەلسەفییەکانی ناوی دەرکردووە.

فەیلەسوفەکانی لۆجیک لەهەموو سەردەمەکانی دواتردا هەوڵیانداوە هەڵی بهێنن. بایەخدانی ئێلییەکان بەگرفتی جێگیری لۆجیکییانە، بناغەکانی پەرەسەندنی زانستی لۆجیکی دارشت.

## فرەگەراکان

**The Pluralists**

لە سەدەی پێنجەمی پێش زاییندا، لێکۆڵینەوەی جیهانی فیزیایی ئایۆنییەکان، لەلایەنی ئەمپیدۆکلیس[18] و ئاناکساگۆراسەوە[19] بەردەوامیی

---

[18] ئەمپیدۆکلیس Empedocles (490?-430 BC) فەیلەسوف و سیاسەتمەدارو شاعیرێکی یۆنانییە، لە ئاگریجێنتۆم لە سیسیلی لە دایك بووە. قوتابی فیساگۆراس و پارمنیدس بووە. ئەو تاجەی رەت کردەوە کە لە لایەنی خەڵکی ئاگریجێنتۆمەوە پێشکەشی کرابوو، ئەمەش دوای ئەوەی هاریکاریی کردن لە لەناوبردنی حوکمی ئۆلیگارشی و دامەزراندنی دیموکراسییدا.

[19] ئاناکساگۆراس (500?-428BC) Anaxagoras فەیلەسوفێکی یۆنانییە، پێناسەی بیرۆکەی ناوس. واتە عەقڵی کردووەو کردوویەتی بە یەکێك لە رەگەزە بنەڕەتییەکانی فەلسەفە، چونکە پێش ئەو فەلسەفە تەنیا

پێدرا، ئەوان پەرەیان دا بە فەلسەفەیەکی فرە جەوهەر، بۆ ئەوەی جێگەی گریمانەی ئایۆنییەکان بگرێتەوە، کە باسی یەك تاقە جەوهەریان دەکرد. ئەمپیدۆکلیس پێی وابوو هەموو شتەکان لە چوار توخمی کورتنەکراوە پێکهاتوون: هەوا، ئاو، خاك، ئاگر، دواجاریش هەموویان لە لایەنی دوو هێزی دژەوە تێکەڵ دەکرێن یان جیادەکرێنەوە، خۆشەویستی و ناڕەحەتی. بە هۆی ئەم پرۆسێسەوە، جیهان، لە خولانەوەیەکی ئەبەدییدا لە پشێوییەوە پەرە دەسێنێت و سەرلەنوێ بەرەو پشێویی

---

خاك و هەواو ئاگرو ئاوی بەرەگەزی بنچینەیی دادەنا.
ئەناکساگۆراس یەکەمین فەیلەسوفە لە ئەسینا نیشتەجێ بووبێت، کە دواتر دەبێت بەسەنتەرێکی گەشاوەی فەلسەفە. لە قوتابییەکانی ئەم فەیلەسوفە پارکلیس و یۆرپیدس و هەندێکیش دەڵێن سۆکراتیش بووە. ئەناکساگۆراس نزیکەی سی ساڵ لەئەسینا وانەی وتووەتەوەو، پاشان لەبەرئەوەی دەیووت خۆر جگە لەبەردێکی گەرم و مانگیش تەنیا خاکێکەو هیچی تر، دەخرێتە زیندانەوە. یەکەمین کەسە کەدەڵێت هەموو مادەکان لەگەردیلە پێك دێن و گەردیلەش بچوکترین بەشی پێکهێنەری ماددەکانە.

دەگەڕێتەوە. ئەمپیدۆکلیس ئەو خولانەوە ئەبەدییەی بە بابەتێکی گونجاوی پەرستشی ئایینی لە قەڵەمداو، رەخنەی گرت لە باوەڕە گشتییەکان بە خوداوەندە شەخسییەکان. وەلێ نەیتوانی ئەو رێگایە روون بکاتەوە کە لێوەی ئەو باباتە ئاشنایانەی تاقیدەکرێنەوە، دەتوانن لەو رەگەزانەوە پەرە بسێنن کە بەتەواویی لێیان جیاوازن. لەبەرئەوە ئەناکساگۆراس، پێشنیاری کرد هەموو شتەکان لە تەنۆلکەی ورد ورد یاخود تۆو، پێکدێن، کە بەشێوەیەکی ناکۆتا هەمەچەشنن. ئەناکساگۆراس، تیوریی پەرەسەندنی گەردوونیی دانا بۆ روونکردنەوەی رێگای پێکەوە کۆبوونەوەی ئەم پارچانە، بۆ پێکهێنانی ئەو تەنانەی جیهانی ئاشنایان پێکهێناوە. وای بۆ دەچوو کە پرەنسیپە چالاکەکەی ئەو پرۆسێسە پەرەسەندووە، بریتیە لە عەقڵی جیهان، تەنۆلکەکان پێکەوە دەلکێنێت و جیایان دەکاتەوە. بۆچوونی ئەو لەمەڕ تەنۆلکە بنچینەییەکان، بەرەو پەرەسەندنی تیۆریی گەردیلەییانەی مادەی بردین.

## گەردیلەگەراکان

**The Atomists**

**گواســتنەوە لــە فرەیـیــەوە بــەرەو گەردیلــەیی هـەنگاوێکی سروشتیی بوو، تیوریـی ئـەوەی هـەموو مادەکـان لـە تەنۆلکـەی دابەشـنەکراو پێکـهاتوون، بـە تەنیا لە خەسڵەتە فیزیاییە ساکارەکانیاندا جیاوازن، وەك قــەبارەو قورســایی و شـێوە. ئـەم هــەنگاوە لــە ســـەدەی چوارەمـــی پێـــش زایینـــدا، لـــە لایـــەنی لوسیپۆس[20] و هاوکــــــارە زۆر ناســــــراوەکەیەوە دیمۆکریتۆس[21]، هەڵهێنرایەوە، ئەمیان بە شێوەیەکی**

---

[20] **لوسـیپۆس** Leucippus (450?-370? BC) **فەیلەسـوفێکی یۆنانییـە، زۆر رێـی تێدەچێت لـە ئابدێرا لـەدایك بووبێـت. هیـچ شـتێك دەربـارەی ژیـانی نـەزانراوە، هیـچ نوسـینێکی نـەماوە. هــەرچۆنێك بێـت لەگـەڵ دامــەزراندنی تیوریـــی ئەتۆمییانــەی مــادەدا نــاوی دێــت، کــەدواتر لەلایــەنی دیمۆکریتســی قوتابییــەوە پــەرەی پێــدرا. بــەپێی ئــەم تیورییــە، هــەموو مادەکــان لەتەنۆلکــەی دابەشـــنەکراوی جیاجیا پێکدێن کەپێیان دەوترێت ئەتۆم؟**

[21] **دیموکریتـــۆس** Democritus (460?-370? BC), **فەیلەسـوفێکی یۆنانییـە، قوتـابی لوسیپۆسـە، داهێنــەری تیـورەی ئەتۆمییــە لــە گــەردووندا (واتــە دەڵێــت ئەگــەر**

شـێوەیەکی گشـتی بـەوە شـۆڕەتی دەرکـردووە، کـە یەکــەمین تیوریــی ڕێکوپێکــی دەربــارەی تیوریـــی گەردیلەیی بوونی مادە داڕشتووە. تێڕوانینی ئەو بۆ سروشت بەقووڵیی تێڕوانینێکی ماتریالیستانە بوو، هـەموو دیـاردە سروشـتییەکانی بـەزاراوەکانی ژمـارە، شـکڵ و قـەبارەی ئەتۆمـەکان لێکدەدایـەوە. بۆیـە ئـەو چۆنییەتیـە هەسـتییەکانی شـتەکان، وەك گــەرمیی، ساردیی، تام، بۆن، هـەمویانی گـەڕاندەوە جیاوازییـە چەندێتییەکانی نێوان گەردیلەکان. فۆرمە باڵاترەکانی بـوون، لەوێنــەی ژیـانی ڕووەك و گیانـەوەر، تەنانـەت بیری مرۆڤیش، لە لایەنی دیمۆکریتسـەوە، بەو زاراوە فیزیاییە پوختانە لێکدراونەتـەوە. ئـەو تیوریيەکـەی خـۆی بەسـەر فەلسـەفە، سایکۆلۆجیا، تیوریـی زانـین، ئێتیك، هەروەها سیاسەتیشدا پیادە دەکات، بەمـەش یەکـەمین مانیفێسـتی ماتریـالیزمی دیمۆکریتیسـیانە دەکەوێتــە ڕوو، تێیـدا هـەموو سـیماکانی بـوون، بـە

---

مادەیـەك بکـەیت بـەدوو لەتـەوەو پاشـان لەتـەکانیش لـەت بکـەیت و بـەردەوام ببیـت، دەگـەیتـە بەشـێك کـە ئیـتر لـەت ناکرێت، ئەو بەشەی ناونا ئەتۆم).

شێوەیەکی وشك و برینگ بەپێی یاسا فیزیاییەکان داڕێژراون.

## سۆفیستەکان

**The Sophists**

بەرەو کۆتایی سەدەی پێنجەمی پێش زایین، گروپێك مامۆستای گەڕۆك، پێیان دەوترا سۆفیستەکان، لە سەرانسەری یۆناندا ناوبانگیان دەرکرد. سۆفیستەکان رۆڵێکی گرنگیان گێڕاوە لە پێشخستنی دەوڵەتشارەکانی[22] یۆنان لە سیتمی

---

[22] دەوڵەتشار City-State حکومەتێکی خۆبەخۆ ئیکتیفاکەرەو سەنتەرێکی شارنشینەو بە شێوەیەکی گشتی چواردەوری بە ناوچەیەکی گوند نشینی سەربەخۆ گیراوە. شارەکانی یۆنانی دێرین لەم چەشنە ئیداریە بوون، لەوانە ئەسینا، کەسەربەخۆییەکی سیاسیی تەواوی هەبوو. رۆمانیش لەسەرەتاکانیدا دەوڵەتشار بووە. لەماوەی هەرەسهێنانی ئیمپراتۆرییەتی رۆمانی تادەگاتە سەدەی نۆزدەیەم، زۆرێك لەشارەکانی باکوری ئیتالیا، لەوێنەی فلۆرەنسەو جەنوا، دەوڵەتشار بوون. هەروەها شەش حەوت شاری باکوری ئەڵمانیاش وەك دەوڵەتشار ناسراون، لەوانە برێمێن و هامبۆرگ کەتا سەدەی نۆزدەیەم شتێك لەسەربەخۆیی خۆیانیان پاراستبوو.

مۆڵکایەتیی زەوییەوە بۆ دیموکراسییەکی بازرگانیی. کاتێك پیشەسازیی و بازرگانیی یۆنان گەشەیان کرد، چینێکی نوێی خاوەن ئابورییەکی دەوڵەمەند لە بازرگانە بە دەسەڵاتەکان کەوتە کارکردن بۆ وەرگرتنی دەسەڵات. بەڵام رۆشنبیریی ئەریستۆکراتەکانیان نەبوو، لەخۆسازدانیاندا بۆ سیاسەت و بازرگانیکردن، کرێیان دەدا بە سۆفیستەکان و ئەوانیش وانەی ئاخاوتنی گشتی، مشتومڕی یاسایی، رۆشنبیریی گشتییان پێ بدەوتنەوە. گەرچی سۆفیستەکان بەشدارییەکی بەرچاویان لە بیرکردنەوەی یۆنانییدا کردووە، بەڵام گروپەکە بەسەر یەکەوە شۆرەتێکی خراپی هەبوو، بە فریودەرو دوو ڕوو و دیماگۆگی لەقەڵەمیان دەدان. بۆیە وشەی سۆفیست بوو بەنیشانەی هەڵە ئاکارییەکان. دروشمە نێودارەکەی پروتاگۆراس[23]، یەکێك بوو لە گەورە سۆفیستەکان،

[23] پرۆتاگۆراس Protagoras (480?-411?BC) فەیلەسوفێکی یۆنانییە، لەئابدێرای تراسیا لەدایك بووە. لەدەوروبەری ساڵی 445ی پێش زایینیدا چووە بۆ ئەسیناو بووە بەهاوڕێی پارکلیزی سیاسەتمەدارو ناوبانگێکی باشی پەیدا کرد وەکو مانۆستاو فەیلسوف. یەکەمین بیریارە

ئەمە بوو:" مرۆڤ پێوەری هەموو شتەکانە"، دروشمێکی نمونەیی هەڵوێستی فەلسەفییانەی قوتابخانەی سۆفیستەکانە. سۆفیستەکان پێیان وابوو تاکەکان مافی ئەوەیان هەیە خۆیان داوەریی هەموو شتەکان بکەن. ئەوان نکولییان لە بوونی زانینێکی بابەتییانەی وەها دەکرد، کە پێویست بکات هەرهەمووان باوەڕیٚ پیٚ بهێنن، پێیان دادەگرت لەسەر ئەوەی زانستە سروشتییەکان و تیۆلۆجیا[24] بەهایان

بەخۆی وتبێت من سۆفیستم و وانەی بەپارە وتبێتەوەو بڕێك پارەی زۆری لەقوتابییەکانی وەرگرتبێت. وانەو ڕێنمایی لە ڕێزمان و ڕەوانبێژیی و لێکدانەوەی شیعردا دەوتەوە. دوان لەدیارترین کارەکانی ناونیشانی ڕاستیی و دەربارەی خوداکانیان هەڵگرتووە، کەتەنیا چەند بڕگەیەکی پەرت و بڵاویان لەبەردەستدا ماوە. پێڕەوەیکەی ئەو بیتی بوو لەوەی هیچ شتێك بەرەهایی باش یان خراپ، دروست یان هەڵە نیە، هەروەها هەموو تاکێك خۆی چاوگ و سەرچاوەی کۆتایی خۆیەتی. تۆمەتی بێدینیی دراوەتە پاڵ و ڕای کردووە بۆ تاراوگەو لەڕێگادا بەرەو سیسیلی لەدەریادا دەخنکێت. دوو دیالۆکی ئەفلاتون پرۆتاگۆراس و سیاتیتۆس تەرخانن بۆ بەدرۆخستنەوەی پێڕەوەکەی.

[24] تیۆلۆجیا Theology بریتیە لەو پێڕەوەی کەهەوڵ دەدات گوزارشت لەناواخنی باوەڕە ئاینییەکان بکات، وەکو یەك

کەمە یان هەر نییانە، چونکە هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر ژیانی رۆژانە نیە، هەروەها رایان دەگەیاند کەپێویستە تەنیا ئەو کاتانە پێڕەویی لە رێسا ئێتیکییەکان بکرێت کە سودی راستەقینەیان بۆ تاك تێدایە.

### فەلسەفەی سۆکراتی

**Socratic Philosophy**

لەوانەیە مەزنترین کەسایەتی فەلسەفیی لە مێژوودا، سۆکرات[25] بێت. لەساڵی 469ی پێش زاییندا

---

وەکو یەك پێکهاتەی یەکگرتووی بۆچوونەکان. تیۆلۆجیا مەودایەکی تەسکتری هەیە لەچاو باوەڕدا، چونکە وێڕای ئەوەی کە باوەڕ بریتییە لەسەرجەمی تێڕوانەکانی تاکەکەس، کە هەست و ئیرادەش دەگرێتەوە، تیۆلۆجیا هەوڵ دەدات، بەبەرجەستەکراویی گوزارشت لەتوخمەکانی باوەڕ بکات کەبەشێوەیەکی راشکاو یان ناڕاشکاوانە لەناویدا هەن.

[25] سۆکرات Socrates (470-399 BC) یەکەمین کەسی ئەو سێینە فەلسەفییە گرنگەیە کە بنەماکانی فەلسەفەی خۆراوایان دارشتووە:. سۆکرات و قوتابیەکەی (ئەفلاتون) و قوتابی قوتابییەکەی (ئەرەستۆ)، سۆکرات فەلسەفەی برد بەرەو لێکۆڵینەوە لە ژیان و چالاکییەکانی مرۆڤ، هەربۆیە سیسیرۆ دەربارەی دەڵێت: سۆکرات فەلسەفەی لە

زاییندا لەدایك بووە، تا ئەوکاتەی لە ساڵی 399ی پێش زاییندا رەوانەی مەرگیان کردو ژیانیان لێ زەوت کرد، ئەم دیالۆگێکی فەلسەفییانەی لەگەڵ قوتابییەکانیدا بەرپا کردبوو. سۆکرات بە پێچەوانەی سۆفیستەکانەوە، لە بری فێرکردنەکانی کرێی لە قوتابییەکانی وەرنەدەگرت، لەم بارەیەشەوە دەیووت ئەو هیچ زانینێکی پێ نیە تا بیدات بەکەس، جگە لەوەی دەرك بەوە دەکات کە پێویستە زیاتر بزانین. سۆکرات هیچ نوسینێکی وەك تۆماری بیرکردنەوەکەی جێنەهێشتووە، وەلێ لە توێی دیالۆگەکانی قوتابییە نێودارەکەیەوە، واتە ئەفلاتون، وانەکانی گوێزراونەتەوە بۆ نەوەکانی دواتر. سۆکرات پێی وابوو هەموو کەسێك زانیاریی تەواویی دەربارەی راستیی کۆتایی هەیەو لەگەڵ رۆحییدا تێکەڵاو بووە، بەتەنیا هەرئەوەندەی پێویستە هان بدرێت بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی هوشیارانە دەرکی پێبکات. بۆ نمونە لە

---

ئاسمانەکانەوە داگرت بۆ سەرزەوی. دواجار بە تاوانی بێباوەڕی و تێکدانی رەوشتی لاوانی ئەسینا حوکم دەدرێت و دەرمانخوارد دەکرێت.

دایالۆگی "مینۆن[26]" ی ئەفلاتوندا، سۆکرات ڕێنمایی کۆیلەیەکی نەزان دەکات بۆ تێگەیشتنی تیورییەکەی فیساگۆراس، ئەمەش دەری دەخات زانین شتێکی خۆڕسکە لە ڕۆحداو لە ئەزمونەوە فێری نابین. سۆکرات باوەڕی وابوو ئەرکی فەیلەسوف ئەوەیە خەڵکی بهەژێنێت بۆ ئەوەی خۆیان بیربکەنەوە، نەك ئەو شتێکیان فێربکات کە نایزانن. بەشداریی سۆکرات لە مێژووی بیرکردنەوەدا بریتی نەبوو لە پێڕەوێکی سیستماتیکیی، بەڵکو میتۆدێکی بیرکردنەوەو ڕێبازێکی ژیان بووە. ئەو پێی وادەگرت لەسەر پێویستیی شیکردنەوەی ئەزمونییانەی پێشینەی باوەڕەکانی هەرکەسێك، بۆ بەدەستهێنانی پێناسەی روون بۆ چەمکە بنچینەییەکان، هەروەها نزیکبوونەوەی عەقڵییانەو ڕەخنەییانە لەگرفتە ئێتیکییەکان.

---

[26] دەستمان کردووە بەوەرگێڕانی ئەم دایالۆگەش، لە دەرفەتێکدا پێشکەشی خوێنەرانی دەکەین.

## فەلسەفەی ئەفلاتونیی

**Platonic Philosophy**

**ئـــەفلاتون[27] لەســـۆکرات زیـــاتر بیریـــارێکی سیســتماتیکی و پۆزەیتیـڤ بـــوو. بــەڵام دەتوانــین نوسینەکانی، بە تایبەتی دایالۆگەکانی سەرەتای، بە بــەردەوامبوون لەســـەر تێڕوانینــەکانی ســـۆکرات و فراوانکردنــەوەیان لەقەڵــەم بدەیــن. ئــەفلاتونیش وەك سۆکرات، ئێتیکی بە باڵاترین لقی زانـین لەقەڵـەمدا. پێی لەسەر بنەما رۆشنبیرییەکانی فەزیلەت دادەگرت،**

[27] **ئەفلاتون** Plato (circa 428-c. 347 BC) **فەیلەسـوفێکی یۆنانییە، یەکێکە لەهەرە بیریارە خوڵقێنەرو کاریگەرەکانی فەلەسەفەی خـۆراوا. لـەخێزانێکی ئەریسـتۆکراتدا لـەدایك بـووە، بــاوکی نــەوەی پادشــاکانی زووی ئەســینا بــووە. بەلاوی سیاسەتی کردووە بەڵام زوو نائومێد بووەو، دواتـر بــووە بــەقوتابی ســۆکرات و بنـــەماکانی فەلســـەفەکەی و شێوازی دیالەکتیکییانەی دەمەتـەقێ لـەوەوە وەردەگرێـت: کەیشـتن بەراسـتیی لــەتوێی پرسـیارکردن و وەڵامدانــەوەو دیســـان پرســـیارکردنەوەوە. دوای دەرمـــانخواردکردنی مامۆستاکەی ماوەیەکی زۆر ئەسینا جێدەهێڵێت و لەساڵی** 387 **پ. ز دا دەگەڕێتـەوەو ئەکادیمیاکــەی دادەمــەزرێنێت. سـەرجەمی کارەکانی** 35 **دیـالۆگ و** 13 **نامـەن کەهــەموویان پارێزراون.**

پێناسەی فەزیلەتی لەگەڵ دانایيدا دەکرد. ئەم تێڕوانینە گەیشتە ئەوەی پێی دەوترێت مەتەڵە سۆکراتییەکە، سۆکرات لە پروتاگۆراسدا جەخت دەکات "هیچ مرۆڤێك لەخۆیەوە خراپە ناکات". دواتر ئەرەستۆ سەرنجی دا ئەو بەرەنجامە هیچ جێگایەك بۆ بەرپرسیارێتیی ئاکاریی ناهێڵێتەوە. ئەفلاتونیش، گرفتە بنەڕەتییەکانی زانستە سروشتییەکان، تیوریی سیاسیی و میتافیزیا و تیۆلۆجیاو تیوریی زانینی خستۆتە روو، هەروەها ئەو ئایدیایانەی پروتاگۆراسی پێشخست، کە دواتر بوون بە توخمە بنچینەییەکانی بیرکردنەوەی خۆراوایی.

بنەماکانی فەلسەفەکەی ئەفلاتوون لەناو تیوریی ئایدیاکاندا، یاخود پێڕەوی فۆرمەکاندایە. تیوریی ئایدیاکان ، لە زۆرێك لە دیالۆگەکانیدا گوزارشتی لێدەکرێت، بەتایبەتی لەکۆمارو پارمنیدسدا، بوون دابەش دەکات بۆ دوو جیهان، جیهانی ئایدیا یان فۆرمە پوختەو نەمرو نەبینراوەکان، لەگەڵ جیهانێکی بەرهەستدا، کە شتە ئاساییەکانی تێدایە، لە وێنەی درەختەکان و بەردەکان، جەستەی مرۆڤەکان،

هەروەها ئەوشتانەی دەتواترێت لە رێی هەستەکانەوە دەرکیان پێبکرێت، ئەو هەستانەی بەلای ئەفلاتونەوە ناڕاستەقینە بوون، تـەماویی و لێـڵ بـوون، هـەروەها کۆپـی ناکاملّی ئایدیاکـان بـوون. بـەهۆی سـتانداردە بەرزەکەی زانینەکەیەوە، گەیشـتە بـەرەنجامێکی زۆر غـــەریب، پێویســـتیی بـــەوە بووهـــەموو بابەتـــە راستەقینەکانی زانین بـەبێ هیـچ ناکۆکییـەك وەسـف بکرێـن. چونکـە هـەموو ئـەو بابەتانـەی بەهەسـتەکان دەرکیـــان پێدەکرێـــت، تووشـــی گۆڕانکـــایی دەبـــن، ئەمەش جەختکردنێکە دەربارەی ئەو چەشنە بابەتانە کەلەساتێکدا دروست نین و لەساتێکی تردا دروستن. بـەپێی ئـەفلاتون، ئـەو بابەتانـە لەراستییدا کامڵ نین، بۆیـە ئـەو باوەڕانـەی لەئـەنجامی تاقیکردنـەوەی ئـەو بابەتانـــەوە دێـــن، تـــەژم و بێمتمانـــەن، چونکـــە پرەنســـیپەکانی ماتمـــاتیك و فەلســـەفە، لەلایـــەنی تێڕوانینی ناوەوەییانـەی ئایدیاکـان، دۆزراونەتـەوە، تاکە زانینێك پێکدەهێنن کەشایستەی ناوەکە بێت. لە کۆمـاردا، ئـەفلاتون وەسـفی مرۆڤایـەتی وەك چـەند زیندانییـەکی نـاو ئەشـکەوتێك دەکـات، کـە بەهەڵـە

وادەزانـــن ســـێبەرەکانی ســـەردیوارەکان واقیعـــی راستەقینەیە، جیهانی ئایدیاکانە. چەمکی ئـەفلاتون لەمەڕ ئایدیای رەهای چاکە، بالاترین فۆرمـەو هـەموو ئـەوانیتریش دەگرێتـەوە، بـوو چـاوکی سـەرەکیی یـەکێتیی بـوون و پـێڕەوە ئاینییـە رۆحانییـەکان لـە کەلتوری خۆراوادا.

تیۆرییەکـــەی ئـــەفلاتون لەمـــەڕ ئایدیاکــــان و تێڕوانینـــە عەقلانییەکـــەی بـــۆ زانـــین بوونـــە هـــۆی دامەزراندنی ئایدیالیزمە ئێتیکی و کۆمەلایەتییەکەی. جیـهانی ئایدیـا نـەمرەکان، ئـەو سـتانداردانە یـان ئایدیایانـە پێشـکەش دەکـات کـە پێویسـتە بـە پێـی ئەوان هـەموو بابـەت و رەفتارەکـان داوەریـی بکرێـن. تـــاکی فەلســـەفیی، لـــەچێژە هەســـتییەکان دوور دەکەوێتـــەوەو بـــە دوای زانینـــی پرەنســـیپە ئەبســـتراکتەکاندا دەگـــەڕێت، لـــەو ئایدیایانـــەدا تـــەرزەکانی هـــەڵس و کـــەوتی کـــەس و دامودەزگـــا کۆمەلایەتییەکانیش دەدۆزێتەوە. فەزیلەتی تایبـەتی، لەگـەڵ بـەهرەکانی تـری نـاو رۆحـدا، پەیوەندییـەکی هارمۆنییـــان دەبێـــت. دادوەریـــی کۆمەلایـــەتیی

لەناوچینـــەکانی کۆمـــەڵگادا لـــە پەیوەندییـــەکی هـارمۆنییدا دەبێت. حەڵەتی ئیدیاڵی عـەقڵێکی دیـار لـەناو جەستەیەکی دیاردا پێویستیی بەوە هەیە کـە دانـاترین تـاک فـەرمانڕەوایی جـەماوەری بـە دوای لـەزەتدا وێـڵ بکـات. بـەپێی ئـەفلاتون، راسـتیی، جوانیـی، هـەروەها دادپـەروەریی، لـەئایدیای چاکـەدا پێکـەوە کۆدەبنـەوە، ئـەو هونـەرەی گوزارشـت لـە بـەها ئاکارییـەکان دەکـات، باشـترین هونـەرە. ئـەفلاتون لـە پرۆگرامێکی کۆمەڵایەتیی پارێزکاردا، پشتیوانیی لە سەنتەرێتیی هونەر دەکات، هونەر بە ئامێرێک لە قەڵەم دەدات، بۆ گەیاندنی رۆشنبیریی ئاکارییانە، بەلاوان.

## فەلسەفەی ئەرەستۆیی

**Aristotelian Philosophy**

ئەرەسـتۆ[28]، لـە تەمـەنی حەڤدەسـاڵیداو لەسـاڵی 367ی پێـش زایینـدا، لـە ئەکادیمیامـەی ئـەفلاتوندا،

---

[28] ئەرەسـتۆ Aristotle (384-322 BC), فەیلەسـوف و زانـای گریکیـی بـەناوبانگ، لەگـەڵ ئـەفلاتون و سـۆکراتدا بەدامەزرێنـەری فەلسـەفەی خـۆراوا لەقەڵـەم دەدرێـن.

دەستی کردووە بە خوێندن. زرنگترین قوتابیی ئەفلاتون بوو، پێکەوە لەگەڵ مامۆستاکەیدا بە قووڵترین و کاریگەرترین بیریاری جیهانی خۆراوا لەقەڵەم دەدرێن. ئەرەستۆ دوای ئەوەی ساڵانێکی زۆر لە ئەکادیمیاکەی ئەفلاتوندا خوێندوویەتی، پاشان بووە بەمامۆستای ئەسکەندەری گەورە. دواتر گەڕایەوە بۆ ئەسیناو لایسییەمی دامەزراند، ئەمیش وەکو ئەکادیمیاکەی ئەفلاتون قوتابخانەیەك بوو، بۆ ماوەی چەند سەدەیەکی دوورو درێژ یەکێك بووە لە سەنتەرە گرنگەکانی فێربوون لە وڵاتی یۆناندا. ئەرەستۆ لە وانەکانی خۆیدا، پێناسەی چەمك و پرەنسیپە بنچینەییەکانی زۆرێك لە زانستە تیۆرییەکانی کرد، وەك لۆجیك، بایۆلۆجیا، فیزیا،

---

ئەرەستۆ لەشاری ستاگیرا لەدایك بووە، لەتەمەنی حەڤدەساڵییدا چۆتە ئەسیناو لەبەردەستی ئەفلاتوندا بووە بەقوتابی. یەکێك لەنوسراوە هەرە گرنگەکانی بریتییە لە ئۆرگانون Organon، کە بە مانای ئامێر دێت و بریتییە لە نامەیەك دەربارەی لۆجیك. هەروەها دەربارەی فیزیك و فەلەکناسیی و ئاکارو سیاسەت و گیانەوەران و رووەکسازیی و میتافیزیکیش کتێبی لێ جێماوە.

سـایکۆلۆجیا. لـە دامـەزراندنی زانسـتی لۆجیکـدا، پـەرەی دا بـەتیوریی دەرەنجـامی کورتکـراوە، کـە بەپێوانـەی لۆجیکـی[29] ناسـراوە (مشـتومڕێکی کورتکراوە، دوو پێشـەکی و یـەك بـەرەنجامی هەیـە)، لەگەڵ سێتێك ڕێسا بۆ میتۆدی زانستیی.

ئەرەستۆ، لە تیوریی میتافیزیکییدا رەخنەی لـە ئـەفلاتون گـرت لەبەرئـەوەی فۆرمـی لـەمادە جیاکردۆتەوەو پێی وابووە فۆرمەکان و جەوهەرەکان، لەناو ئەو بابەتە تۆکمانەدا دارێژراون، کە ئەو بەنمونە دەیانهێنێتـەوە. بـەلای ئەرەسـتۆوە، هـەموو شـتێکی راسـتەقینە، بریتیـە لـە تێکەڵیـەك لـە شـێمانەیی و واقیعێتی، بەوشەیەکی تر هـەموو شتێك تێکەڵەیەکە لەو شتەی کە دەبێت، بەڵام هێشتا نەبووە، لەگەڵ ئەو شـتەی کـە بەراسـتیی بـووە (هـەروەها وەکـو مـادەو فۆرمیش ناسراوە)، چونکە هەموو شتەکان دەگۆڕێن و

---

[29] پێوانـەی لۆجیکیـی syllogism بریتیـە لەمشـتومڕێك کەلەپێشـەکییەکی سـەرەکی و پێشـەکییەکی لاوەکـی و دەرەنجامێك پێکهاتووە. بۆ نمونە: هەموو مەلەکان پەڕیان هەیە، کۆتریش مەلە، کەواتە کۆتریش پەڕی هەیە.

دەبن بەشتی تر لەوەی کە هەبوون، جگە لە چالاکییە فیکرییەکانی مرۆڤ و یەزدان، ئەمانە فۆرمی پوختەن. بەلای ئەرەستۆوە، سروشت بریتییە لە سیستمێکی ئۆرگانیی ئەو شتانەی کە فۆرمە باوەکان وا دەکەن بشێت ئەو شتانە بەجۆرێکی وەها بپۆلێنرێن کە چەشن و رەگەزەکانیش بگرێتەوە، هەرچەشنێك، فۆرم، مەبەست، شێوازی پەرەسەندنی خۆی بەشێوەیەکی تایبەتی وەها هەیە، کە دەتوانرێت پێناسە بکرێت. مەبەستی زانستە تیورییەکان بریتیە لەپێناسەکردنی فۆرمە بنەڕەتییەکان، مەبەستەکان، هەروەها شێوازەکانی پەرەسەندنی چەشنەکان و رێکخستنیان لەناو سیستمی سروشتیی خۆیاندا، لەگەڵ فۆرمە ئاڵۆزەکانیاندا، ئاستە سەرەکییەکانی ئەو پۆلاندنە بیتیە لە بێگیان، رووەك، گیانەوەر، رۆح، عەقڵ، بەلای ئەرەستۆووە فۆرم، یان راستەقینەیی بوونی جەستە و مرۆڤ، رۆحە عەقڵانییەکەی بالآترین فۆرمە لەچاو رۆحی ئەو گیانەوەرانەی تردا کە لەسەر زەوی دەژین، ئەوانیش بالآترین فۆرمی ئەو شتانەن کە لەناو دەچن. جەستە ئاسمانییەکان، تۆکمەیی

جەوهەرە نەمرەکان، یان ئاسمان . ئەسیر ether، هەموویان لەلایەنی خوداوە لەجوڵەیەکی بازنەیی ڕێکوپێکدا دەخرێنە گەڕ، ئەوانە لەسیستەمی سروشتدا، هێشتا باڵاترینەکانن. ئەم پۆلاندنە پەیژەییەی سروشت، لەلایەنی زۆرێک لەئاینزا جولەکەو مەسیحیی و موسوڵمانەکانی سەدەکانی ناوەڕاستەوە وەکو تێڕوانینێك بۆ سروشت، هەڵگیراوەتەوە، چونکە لەگەڵ باوەڕە ئاینییەکانیاندا دێتەوە.

فەلسەفە سیاسیی و ئێتیکییەکەی ئەرەستۆ، پرەنسیپە ئەفلاتۆنییەکانی خستە بەر ڕەخنەو تاقیکردنەوەو پەرەی پێدان. بەپێی ئەرەستۆ، ستانداردەکانی هەڵس و کەوتی کۆمەڵایەتی و تایبەتی، پێویستە لەلێکۆڵینەوەی زانستیی دەربارەی مەیلە سروشتییەکان لە تاکەکان و کۆمەڵگاکاندا، نەك لە جیهانێکی ئاسمانییانەی فۆرمە پوختەکاندا. بۆیە ئەرەستۆ لەچاو جەختکردنە توندو تۆکمەکەی ئەفلاتوندا دەربارەی پرەنسیپە ڕەهاکان، ڕێسا

ئێتیکییەکان بەرێنماییکەر بەرەو ژیانێکی کامەران و خۆش، لەقەڵەم دەدات.

جــــەختکردنی لەســــەر کامــــەرانیی، وەکــــو تــــێرکردنێکی چالاکانــــەی توانــــا سروشــــتییەکان، گوزارشتی لەو هەڵوێستە کردووە کە یۆنانەکانی ئەو کاتــە بەرامبــەری ژیــان هــــەیانبووە. لــە تیوریــی سیاســییدا، ئەرەســـتۆ هەڵوێســـتێکی واقیعییانـــەتر لـــەوەی ئـــەفلاتون وەردەگرێـــت. ئـــەو تێڕوانینـــەی پێپەســـەند بـــوو کـــە هـــەر شانشـــینێك لەلایـــەنی پادشایەکی داناوە بەڕێوە ببرێت، باشترین بونیادی سیاسیی پێکدەهێنێت، بەڵام تێبینیی ئەوەش کرد کەکۆمـەڵگاکان لەپێداویسـتیی و دابونەریتـەکانیاندا جیــاوازن و بــاوەڕی وابــوو کەدیموکراســییەکی سنوردار، بەشێوەیەکی گشتی باشترین چارەسەرە. ئەرەســۆ لەتیورییەکــەیدا لەمــەڕ زانــین، پــێڕەوە ئەفلاتونییەکەی ڕەتکردەوە کەدەییوت زانین شتێکی خۆڕسکە، بەڵکو جەختی کرد لەسەرئەوەی تــەنیا بەگشــتاندن لــەرێی ئەزمونــەوە دەســت دەکــەوێت. ئەرەســـتۆ هونـــەری وەکـــو هۆکـــارێکی لـــەزەت و

رۆشـــنبوونەوەیەکی زرنگانـــە لێکدایـــەوە، نـــەوەك ئـــامێرێکی فـــێرکردنی ئاکـــاریی. شـــیکردنەوەی تراجیدیـــای یۆنـــانی لەلایـــەنی ئەرەســـتۆوە، بـــوو بەمۆدێلێك بۆ رەخنەی ئەدەبیی.

## فەلسەفەی هیلینی و رۆمانی

## HELLENISTIC AND ROMAN PHILOSOPHY

لەســـەدەی چوارەمـــی پێـــش زایینـــەوە هـــەتاکو ســـەرهەڵدانی فەلســـەفەی مەســـیحیی لەســـەدەی چوارەمـی دوای زاییندا، ئـەپیکۆریزم، ستۆوسـیزم، گومانگـــەرایی و ئـــەفلاتۆنیزمی نـــوێ، قوتابخانـــە فەلسەفییە سەرەکییەکان بوون لەجیهانی خـۆراوادا. لەوماوەیـەدا، بایـــەخدان بەزانســـتە سروشـــتییەکان بەمکومیی رەتکراوەتەوە، ئەو قوتابخانانە هەموویان بەشـێوەیەکی سـەرەکیی بایـەخیان بـەئێتیك و ئـایین دەدا.

## ئیپیکۆریزم

**Epicureanism**

**لــە ســاڵی 306ی پێــش زاینــدا، ئیپیکــۆر[30] قوتابخانەیــەکی فەلســەفیی لەئەســینا دامــەزراند. لەبەرئەوەی قوتابییەکانی لە باخچەی ماڵەکەی خۆیدا کۆدەبوونــەوە، ئیــتر بــەناوی "فەیلەســوفەکانی باخچەکە" وە ناسران. ئیپیکۆر فیزیـا ئەتۆمییەکـەی**

---

[30] **ئیپیکۆر** Epicurus (341-270 BC) **فەیلەسوفێکی یۆنانییە، لەدورگەی سامۆس لەخێزانێکی ئەسینایدا لەدایك بووە. سەرەتا لای باوکی فێری خوێندن بووە، کەمامۆستا بووە، پاشان لای چەندان فەیلەسوفی جیاجیا خوێندویەتی. لەتەمەنی هەژدە ساڵیدا بۆ خزمەتی سەربازیی دەچێت بۆ ئەسینا، پاش ماوەیەکی کەم پەیوەندیی دەکات بەباوکییەوە لەکۆلۆفۆن و لەوێ دەست دەکات بەدەرس وتنەوە. پاشان لەمیتیلنی قوتابخانەیەکی فەلسەفیی دادەمەزرێنێت. بەپێی نوسراوێك کەلەسەدەی سێیەمی زایینیدا دەربارەی نوسراوە، ئیپیکۆر سێسەد دەستنوسی لێ جێماوە کە 37 نامەی دەربارەی فیزیا و ژمارەیەکەك زۆر نوسینی دەربارەی خۆشەویستی، دادپەروەریی، خوداوەندەکان و بابەتی تریش نوسیوە، کەتەنیا سێ نامەو چەند پەرەگرافێکی پەرت و بڵاوی تریان ماونەتەوە.**

دیمۆکریتسی کرد بەپێڕەوی خۆی، بەلام شەش حەوت گۆڕانکاریی گرنگی تێدا کرد. لەجیاتی جوڵەی هەڕەمەیی ئەتۆمەکان بەهەموو ئاڕاستەیەکدا، بۆ ئاسانکردن گریمانەی ئەوەی کرد کەیەك جووڵەی یەك تەرزە هەیە. دیسانەوە توخمی ڕێکەوتی هێنایە ناو جیهانی فیزیاوییەوە، بەوەی گریمانەی کرد کەهەندێکجار ئەتۆمەکان بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو لەرەوتی خۆیان لادەدەن، ئەمەش بنەمایەك پێشکەش دەکات بۆ باوەڕبوون بەئیرادەی سەربەست. پێی وابوو زانستی سروشتی تەنیا ئەوکاتە گرنگە کەدەتوانرێت لەوەرگرتنی بڕیاری پراکتیکیدا بەکار بهێنرێت بۆ هێورکردنەوەی ترسان لەخوداوەندەکان و مەرگ. ئەو رادەگەیەنێت، ئامانجی ژیانی مرۆڤ بریتیە لە بەدیهێنانی زۆرترین بڕی لەزەت، ئەوەشی بەجوڵەیەکی ماقووڵ و بزریی ئازار پێناسە کردووە. فێرکارییەکانی ئیپیکۆر بەشێوەیەکی سەرەکیی لە هۆنراوەیەکی فەلسەفییدا

جێگیر کراون، بە ناونیشـانی " دەربـارەی سروشـتی شـــــتەکان " ، کـە لۆکریتۆسـی[31] شـاعیری رۆمـانی نوسـیویەتی، بـە شـێوەیەکی گشـتیی بەشـداریی کــردووە لەبڵاوکردنـەوەی ئیپیکۆریزمــدا لــەناو رۆمانەکاندا.

---

[31] لۆکریتۆس Lucretius (94?-55? BC) شاعیرێکی رۆمانییە، شیعرێکی فێرکاریی مەزنیی هەیە بەناونیشانی دەربارەی سروشـتی شـتنەکان و لەشـە کتێبـدا نسـراوەتەوە، ماتریـالیزمی فەلسـەفیی دیمۆکریتـۆس و ئیپیکـۆرۆس دەخاتە روو. ناوی تـەواوی تیتـۆس لۆکریتـۆس کارۆسـە. لۆکریتـۆس هـەوڵی داوە مرۆڤایـەتی لـەترس و مـەرگ و خوداوەندەکـان رزگـار بکـات، کەبەلایـەوە ئـەم سـیانە سەرەکیترین هۆی ناشادیی مرۆڤ بوون. بەلایەوە گەردون پێکـهاتووە لەیـەکگرتنی رێکـەوتی ئـەو ئەتۆمانـەی لەبۆشاییدا دەسوڕانەوە، پێی داگرتووە لەسەر ئەوەی رۆح بوونێکی جیاوازیی نامادییانە نیە، بەڵکو ئەویش کۆمەڵە ئەتۆمێکەو وەکو جەستە لەناو دەچێت. لۆکریتۆس نکولیی لـەبونی خوداوەندەکـان ناکـات، بـەلام پێـی وایـە هیـچ کارێکیان بەچارەنوسی بونەوەرە فانییەکانەوە نیە.

## ستۆیسیزم

**Stoicism**

**قوتابخانەی ستۆیسی، لەدەوروبەری ساڵی 310ی پێش زاییندا، لەلایەنی زینۆی کیتیۆمییەوە[32]، لەئەسینا دامەزراوە، لەجوڵانەوەی سەگانیی پێش خۆیەوە پەرەی سەندووە، کەدامودەزگا**

---

[32] **زینۆی سیتۆمی** Zeno of Citium **لەکۆتاییەکانی سەدەی چوارەم و سەرەتای سەدەی سێیەمی پێش زاییندا ژیاوە. فەیەلسوفێکی یۆنانییەو دامەزرێنەری قوتابخانەی ستۆیسیزمە. لەکیتۆمی ساپرس لەدایك بووە. زانیاریی دەربارەی سەرەتای ژیانی کەمە، جگە لەوەی هاوچەرخەکانی دەیگەڕێننەوە بۆ سەر فینیقییەکان. قوتابی کریتیاسی سەگانی و زینۆکراتی ئەفلاتونی بووە. لەدەوروبەری ساڵی** 300 **دا قوتابخانەی فەلسەفیی خۆی دامەزراندووەو ناوی ستۆیسیزمی لێناوە، ناوەکەش لەوشەی** Stoa Poikilç **ەوە هاتووە کەماناى دالآنە بۆیە کراوەکە دەگەیەنێت. کەناوی ئەو دالآنەیە تێیدا قوتابییەکانی فێر دەکرد. پێوەستیی ئاکارییانە، کۆنترۆڵکردنی خود، ژیان لەسورشتدا بەشێوەیەکی هارمۆنییانە، بەشێکن لەو پرەنسیپانەی ئێتیکی پراکتیکییانەی زینۆ. زیاتر لەپەنجا ساڵ وانەی وتووەتەوە، زینۆ هیچ نوسینێکی لێ جێنەماوە، بەڵام قوتابییەکانی زۆرێك لەوانەکانیان نوسیوەتەوە.**

کۆمەڵایەتییەکان و بەها مادییەکانی ڕەت دەکردەوە. ستۆسیزم بوو بە کاریگەرترین قوتابخانەی جیهانی یۆنانی . ڕۆمانی، چەند نوسەرو کەسایەتییەکی بەرچاوی لەوێنەی ئەو کۆیلە یۆنانییەی دواتر بوو بەفەیلەسوفێکی ڕۆمانی، ئیپیکتیۆس[33] ، هەروەها مارکۆس ئۆرلیانۆسی ئیمپراتۆری ڕۆمانی،

---

[33] ئیپیکتیۆس Epictetus (55?-135?) فەیلەسوفێکی یۆنانییە، کەفەلسەفەکەی جەختی لەسەر سەربەستی و ئاکارێتی و مرۆڤایەتی دەکرد. زۆر ڕێی تێدەچێت لەهیراپۆلیسی فریجیا لەدایك بووبێت (ئێستا تورکیایە). بەلاویی کۆیلە بووە، بەڵام خوو دەداتە فەلسەفەی ستۆسیزم. مامۆستاکەی سەربەستیی بۆ دەگەڕێنێتەوە، ئیتر ئیپکتیۆس تا ساڵی 90 ی زایینیی لە ڕۆما فەلسەفە دەڵێتەوە. پاشان دوور دەخرێتەوەو لەنیکۆپۆلیس نیشتەجێ دەبێت. فەلسەفەکەی لەدوو کتێبی قوتابییەکیدا باس کراوە کەناوی ئارییانە: ڕابەر، کەبەتەواویی پارێزراوە، لەگەڵ گوتارەکانی ئیپیکتیۆس، کەخۆی هەشت کتێبەو چواریان ماونەتەوە. بەپێی ئەم نوسراوانە ئیپیکتیۆس سەرقاڵی گرفتە ئاکارییەکان بووە، وەك پێناسەکردنی چاکە. پێی لەسەر ئەوە داگرتووە کەمرۆڤ لەبنەڕەتدا بونەوەری سنوردارو ناژیرە، بەڵام گەردون کەلەلایەنی یەزدانەوە بەڕێوە دەچێت، شتێکی کامڵ و تەواوە.

کەبـەدانایی و خانـەدانیی ناسـرابوو. سـتۆییکەکان پێیان وابوو مرۆڤ ئەگەر گوێ نەداتە شتە مادییەکان و سەروەت و سامان و بڕیـار بـدات ژیـانی خـۆی بـۆ عـەقڵ و فەزیلـەت تـەرخان بکـات، دەتوانێـت بگاتـە سەربەسـتی و ئـارامیی. هـەروەها بەشـێوەیەك لەشـێوەکان تـێڕوانینێکی ماتریالانـەیان دەربـارەی سروشت هەبوو، شوێنی تێڕوانینەکەی هیراکلیتۆس کـەوتبوون کـە پێـی وابـوو مـادەی سـەرەتایی بـوون بریتیە لە ئـاگر، هـەروەها لۆگۆسیان دەپەرست، بـە ووزە، یاسا، عـەقڵ و سـێبەری یـەزدانیی پێناسـەیان دەکـرد. پـێڕەی ستۆسیزمەکان بریتـی بـوو لـەوەی مـرۆڤ بەشـێکە لەیـەزدان، هـەروەها خـەڵکانێك لەخێزانی گەردوونییەوە، یارمەتی سەرهەڵدای سنورە نەتـەوەیی و کۆمەڵایـەتی و رەچەڵەکییـەکانیان داوەو رێگـای بڵاوبوونـەوەی ئـاینیی گـەردوونییان خـۆش کردووە. پێڕوی ستۆیکەکان لەمەڕ یاسای سروشتی، کـەمرۆڤی کـردووە بەسـتاندارێك بـۆ هەڵسـەنگاندنی یاسـاکان و دامودەزگـا کۆمەڵایەتییـەکان،

کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەسەر یاسای رۆمان و خۆراوای دواتریش.

## گومانگەرایی

**Skepticism**

قوتابخانەی گومانگەرایی، بەردەوامیی داوە بەرەخنەکانی سۆفیستەکان لەمەڕ زانینی بابەتی، لەسەدەی سێیەمی پێش زاییندا باڵی کێشا بەسەر ئەکادیمیاکەی ئەفلاتوندا. گومانگەراکانیش، وەکو زینۆی ئیلیایی[34]، بۆیان دەرکەوت لۆجیك ئامێرێکی زۆر چاکی رەخنەگرتنە، دەتوانێت هەموو تێڕوانینێکی فەلسەفییانەی پۆستیڤییانە هەرەس پێبهێنێت، ئەمەشیان زۆر بەکارمەیی بەکارهێناوە. گریمانە بنەڕەتییەکەی ئەوان بریتی بوو لەوەی مرۆڤ ناتوانێت زانین یان دانایی دەربارەی واقیع هەبێت، هەروەها رێگای بەرەو کامەرانییش لە تویێی

---

[34] زینۆی ئیلییایی Zeno of Elea لەدەوروبەری سەدەی پێنجەمی پێش زاییندا ژیاوە، ماتماتیکزان و فەیلەسوفێکی یۆنانییە، سەر بەقوتابخانەی ئێلییەکانە، بەمەتەڵە فەلسەفییەکانی ناوی دەرکردووە.

نەهێشتنی تەواوی قەزاو قەدەرەوە دەبێت. باشترین نمونەی ئەم تێڕوانینەش، ئەوەیە کە دەڵێن پیرۆ[35] گومانگەرایەکی ناسراو بوو، کاتێك بەڕێگادا دەڕۆیشت و دەگەیشتە هەڵدێرێك، نەیدەویست ئاڕاستەی خۆ بگۆڕێت و دەبوو قوتابییەکانی ڕێگەی پێ بگۆڕن. کارنیدێس[36] داکۆکیی لەوە دەکرد کە

---

[35] پیرۆ (Pyrrho (circa 360-c. 272 BC فەیلەسوفێکی یۆنانیی، کومانگەرایی بەفەلسەفەی یۆنانی ناساندووەو قوتابخانەی پیرۆنیزمی دامەزراندووەو بەدامەزریٚ،ەری قوتابخانەی گومانگەراییش دەژمێردرێت. لەئیلیبیا لەدایك بووەو لەسەردەستی ئاناکسارخۆس خوێندویەتی، پاشان لەگەڵ ئەسکەندەری گەورەدا بەرەو داگیرکردنی خۆرەڵات دەچێت و لەویٚ ئاگاداری فێرکارییە زەردەشتییەکانی ئێران و براهمایی هیندیی دەبێت. نوسینەکانی لەرێی تیمۆنی فیلۆسیییەوە ناسراون. پیرۆ پێی وابووە هەرگیز ناتوانین سروشتی راستەقینەی شتەکان بزانین، بۆیە زانینی بابەتیی شتێکی مەحاڵە.

[36] کارنیدێس (Carneades (214?-129 BC فەیلەسوفێکی یۆنانییەو لەسیرێن لەدایك بووە (ئێستا شەحاتەی لیبیایە)، ستۆیسیزمی لەئەسینا خوێندووەو دواتر ئەکادیمیایەکی سێیەمی کردۆتەوە، وەك درێژکردنەوەی ئەکادیمیاکەی ئەفلاتون. لەساڵی 155 پێش زاییندا دەبێت بەئەندامی باڵیۆزخانەی رۆمان. وەلیٚ بەردەوام

باوەڕەکـــان بـــە شـــێوەیەکی ســـــەرنجڕاکێش لـــەو ئەزمونانەوە هێنراون کە هەمانە، بەڵام هـەرگیز دڵنیا نین.

### ئەفلاتونیزمی نوێ

**Neoplatonism**

فەیلەسـوفی هیلینـــی . جولەکـــە فیلـــۆ جودێـــس[37] فەلسـەفەی یۆنـانیی، بە تایبـەتی ئایدیا ئـەفلاتۆنی و فیســـــاگۆرییەکانی لەگـــــەڵ ئـــــاینی جولەکـــــەدا

---

بوو لەسەر وتنەوەی وانە فەلسـەفییەکانی، بـەڵام کـاتۆی ئیمپراتۆر پێی وابوو کەفەلسـەفە بـۆ لاوان مەترسـیدارە، بۆیـە سـیناتۆرەکانی ڕۆمـان ناچـار دەکـات کارنـادێس دوور بخەنەوە.

[37] فیلـۆ جیودایـەس Philo Judaeus (circa 20BC-AD50) پێشـــی دەوترێــت فیلـــۆی ئەســکەندەرییە فەیلەســـوفێکی جولەکـــەی هیلینیســـتییە، بـــە گـــەورەترین فەیلەســـوفی جولەکـــەی ســـەردەمی خـــۆی دادەنرێـــت. وەلێ ئـــەوەندە باڵادەســـت بـــووە لـــە فەلســـەفەی یۆنـــانییداو ئـــەوەندە فەلســـەفەی یۆنـانیی گواســـتۆتەوە بـــۆ نـــاو بیرکردنـــەوەی خـۆی، کـە دەشـێت بـە فەیلەسـوفێکی یونـانی لـە قەڵـەمی بدەیـــن، فیلـــۆ لەچـــەندان ســـەرچاوەوە خواســـتویەتیەوەو پێڕەوەکەی خۆی پێکهێناوە؟

لەناوسیستمێکی بەرفراواندا لەیەك دا، بەجۆرێك کە کاری کردە سەر تەسەوفی ئەفلاتۆنیزمی نوێ و جولەکەو مەسیحیی و ئیسلامیش. فیلۆ پێی لەسەر بالأیی سروشتی یەزدان داگرت، وەکو سەرسامکەری تێگەیشتنی مرۆیی و بەو پێیەش نەبوونی توانای وەسفکردنی، سروشتی جیهانی وەکو زنجیرەیەك قۆناغ وەسف کرد کە لە یەزدانەوە هاتون و کۆتاییان لەناو مادەدایە، کە سەرچاوەی خراپەیە. ئەو داکۆکیی لە دەوڵەتی ئاینیی کرد یاخود تیۆکراسی، یەکێك بوو لەو یەکەمینانەی کەپەیمانی دێرینیان بۆ مەسیحییەکان راڤە کردووە. جیودایەس لە دەوروبەری ساڵی 50 ی زاینییدا مرد.

ئەفلاتونیزمی نوێ یەکێکە کاریگەرترین قوتابخانە فەلسەفیی و ئاینییەکان، ئەوانەی کێبەرکێی مەسیحییەتیان کردووە. لە سەدەی سێیەمی زاینییدا لەلایەنی ئەمۆنیۆس ساکۆس و قوتابییە نێودارەکەیەوە، پلۆتۆنیۆس، دامەزرێنراوە.

پلۆتۆنیۆس[38] ئایدیاکانی خۆی لەسەر بناغەی نوسینە شیعریی و سۆفییەکانی ئەفلاتون و فیساکۆرس و فیلۆ دامەزراندووە. بەلای ئەوەوە وەزیفەی سەرەکیی فەلسەفە بریتیە لەئامادەکردنی تاکەکان بۆ گەیشتن بەحاڵ لێهاتن، کەلەوێدا لەگەڵ یەزداندا دەبن بەیەك. یەزدان یان تاقانەکە، دەکەوێتە پشتەوەی تێگەیشتنی عەقلانییانەوەو سەرچاوەی هەموو واقیعە. گەردون بەهۆی پرۆسێسێکی تەماوییەوە کەلەوزەی یەزدانییەوە دەڕژێت، لەتاقانەکەوە، لەلۆگۆسەوە،

---

[38] پلۆتینۆس Plotinus (AD205-70) فەیلەسوفێکی رۆمانییە، دامەزرێنەری ئەفلاتونیزمی نوێیە، لە میسر لە دایك بووە، لە ئەسکەندەرییە بۆ ماوەی دەساڵ لەسەردەستی ئاماۆنیۆس ساکۆس خوێندویەتی. لەدەوروبەری ساڵی 244ی زاینیدا دەچێت بۆ رۆماو قوتابخانەیەك دادەمەزرێنێت، بەزۆریی باسی دانایی ئەفلاتون و فیساگۆراسی دەکرد. لەتەمەنی شەست ساڵیدا و بەرەزامەندیی گالینۆسی ئیمپراتۆر، هەوڵیدا بەپێی کۆمارەکەی ئەفلاتون، کۆمەڵگایەکی کۆمۆنیستییانە دابمەزرێنێت، بەڵام بەهۆی راوێژکارەکانی گالینۆسەوە، پڕۆژەکە سەری نەگرت. 54 لێکۆڵینەوەی بەیۆنانیی نوسیوە، پییان دەوترێت ئێنادەکان، کەشەش کۆمەڵەیەو هەر کۆمەڵەیەکیان نۆ کتێبە.

لەتاقانەکەوە، لەلۆگۆسەوە، هەڵدەقوڵێت، کەفۆرمە ئەفلاتونییەکان و رۆحی جیهانی تێدایە، کەرۆحی مرۆڤ و هێزە سروشتییەکان دەخوڵقێنن. بەپێی پلۆتۆنیۆس، ئەو شتانەی تریش کەلە تاقانەکەوە سەرچاوە دەگرن، ئەوانەن کەهەتا زیاتر و زیاتر لەمادەی پوخت نزیك ببنەوە ناکامڵترو خراپتر دەبن. بەرزترین ئامانجی ژیان بریتیە لە پاکژکردنەوەی مرۆڤ لە پشتبەستن بە ئارامییەکانی جەستە، ئەمەش لە تویی تێڕامانی فەلسەفییەوە، بۆ ئامادەکردنی خود بۆ گەیشتنەوەی شادانە بە تاقانەکە. ئەفلاتونیزمی نوێ کایگەرییەکی زۆری لەسەر بیرکردنەوەی سەدەکانی ناوەڕاست داناوە.

## فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست

**MEDIEVAL PHILOSOPHY**

لە ماوەی هەرەسهێنانی شارستانێتی یۆنانیی ـ رۆمانییدا، فەیلەسوفە خۆراواییەکان، بایەخی خۆیان لە لێکۆڵینەوەی زانستییانەی سروشتەوە وەرگێڕاو کەوتنە گەڕان بەدوای کامەرانیی گەردونیی و گرفتی

زیندووبوونەوە لە جیهانێکی دیکەی باشتردا. لە دەوروبەری سەدەی سێهەمی زاینییدا، مەسیحییەت دابەش بوو بۆ چەند کۆمەڵەیەکی رۆشنبیریی لە ئیمپراتۆرییەتی رۆمانیدا. فێرکاریی ئاینیانەی مزگێنییەکان لە لایەنی باوانی کەنیسەوە بە گەلێك لە چەمکە فەلسەفییەکانی قوابخانە یۆنانی و رۆمانییەکان، ئاوێتەکرا.

## فەلسەفەی ئۆگستینی

**Augustinian Philosophy**

لە نوسینەکانی سانت ئۆگستیندا[39]، پرۆسەی سازاندنی پێداگرتنی یۆنان لەسەر عەقڵ لەگەڵ جەختکردن لەسەر هەست و سۆزی ئاینییدا، لە فێرکارییەکانی مەسیح و پەیامبەرەکانیدا، بە دڵگیریی

---

[39] ئۆگەستین ، سانت Augustine, Saint (354-430), مەزنترین قەشەی لاتینیە، دیارترین سەرکردەی کەنیسەی خۆراوایە. سەرەتای ژیانی زۆر بە بەرەڵایی و بێباوەڕی بەسەر بردووە. بەڵام دوایی پەشیمان بۆتەوەو لەکتێبی دانپیانانەکانیدا باسی ئەو قۆناغەی ژیانی خۆی کردووە. بۆماوەی دوازدە ساڵ لەگەڵ کچێکدا پەیوەندییان هەبووە، بێ ئەوەی مارەی بکات، کوڕیکیشی لێی دەبێت.

گوزارشتی لێکراوە. ئەو پەرەی دا بە سیستمێکی بیرکردنەوە، لە توێی ئەو سیستمەوە، هەروەها لە توێی چەند چاککاریی و مشتومالْکردنێکی دواترەوە، سەرەنجام بووە پێڕەوێکی بە دەسەلاْتی مەسیحێتی. بەشێوەیەکی دیار وەکو سەرەنجامی کاریگەریی ئەو، بیری مەسیحیی هەتا سەدەی سیازدەیەمی زاینی لە رۆحیدا ئەفلاتونیی بوو، ئەو کاتەی فەیلەسوفێکی ئەرەستۆیی بالْی کێشا. ئۆگستین سوور بوو لەسەر ئەوەی باوەڕی ئاینیی و تێگەیشتنی فەلسەفیی بە تەواویی لێکدەچن و پێچەوانەی یەکتریی نین، بۆیە پێویستە مرۆڤ "باوەڕی هەبێت بۆ ئەوەی تێبگات و تێبگات بۆ ئەوەی باوەڕی هەبێت". ئەمیش وەکو ئەفلاتونییە نوێیەکان رۆحی بەبوونێکی بالاْتر دانا لەچاو جەستەدا، پێشی وابوو زانین لە تەواوی ئەو ئایدیا ئەفلاتونییانەدایە کە هەریەکە لە هەست و ئەندێشەشیان خاوێنکردۆتەوە.

فەلسەفەی ئەفلاتونی لەگەلْ چەمکە مەسیحییەکاندا ئاوێتە بوون لەمەسەلەی ئەو یەزدانە

شەخسییەدا کەجیهانی خوڵقاندووەو چارەنوسیشی دیاریکردووە، پێڕەوی هەموو مرۆڤایەتیش پێویستیی بەبەرجەستەبوون هەیە لەناو مەسیحدا. ئۆگەستین هەوڵیدا چارەسەری عەقڵیی پێشکەش بکات بۆ گرفتەکانی ئیرادەی سەربەست و چارەنوس، بوونی خراپە لەجیهانێکدا کەلەلایەنی خودایەکی کامڵ و دەستەڵات ڕەهاوە خوڵقێنراوە، هەروەها سێ کەسەکە لەیەك سروشتی هاوبەشی یەزداندا لەپێڕەوی سیانیدا[40].

سانت ئۆگەستین وا لەمێژوو تێگەیشتبوو کە خەباتێکی دراماتیکییە لە نێوانی چاکەی

---

[40] سێینە Trinity لەتیۆلۆجیای مەسیحییدا، پێڕەوێکە دەڵێت یەزدان لەسێ کەسایەتییدا بوونی هەیە باوك و کوڕو گیانی پیرۆز، کەهەرسێکیان لەیەك جەوهەری بووندا بەرجەستە دەبن. ئەم پێڕەوە بەراشکاویی لەپەیمانی نویدا نیە، کەلەوێدا وشەی یەزدان بەشێوەیەکی سەقامگیر ئاماژەیە بۆ باوك، وەلی مەسیحی کوڕ، لەپەیوەندییەکی تایبەتیدا لەگەڵ یەزداندا بەرچاو دەکەوێت، لەکاتێکدا کەگیانی پیرۆزیش وەکو کەسێکی یەزدانیی جیا دەردەکەوێت.

مرۆڤایەتیی، وەکو لە"شاری یەزدان" یان کۆمەڵگای قەشەکاندا، گوزارشتی لێ کردووە، لەگەڵ خراپەی مرۆڤایەتی وەك لەناو شارە زەمینییەکان و بەها مادییەکانیاندا، بەرجەستە بووە. تێڕوانینی ئەو بۆ ژیانی مرۆڤ رەشبینانە بووەو پێی داگرتووە لەسەر ئەوەی لە جیهانی ژیاندا کامەرانی شتێکی مەحاڵە، کەلەوێدا تەنانەت لەگەڵ بەختێکی باشیشدا، کەشتێکی زۆر دەگمەنە، ئاگاداربوون لەنزیکبوونەوەی مردن، هەموو مەیلێك بەرەو ژیان دەشێوێنێت. ئەو باوەڕی وایە کەبەبێ فەزیلەتی باوەڕی ئاینیی، هیوا، هەروەها بەزەیی، کەپێویستییان بەرەزامەنیی یەزدانیی هەیە تا دەست بکەوێت، مرۆڤ ناتوانێت پەرە بدات بەفەزیلەتەکانی جوامێریی، دادپەروەریی، میانڕەویی و دانایی. شیکردنەوەکانی ئەو بۆ کات، یادەوەریی، هەروەها ئەزمونە ناوەییەکانی دەرون، سەرچاوەی سروشتی بیرکردنەوەی میتافیزیی و سۆفییگەرا بوون.

لـەماوەی سـێ سـەدەی دوای مردنـــی ئۆگســتین، تاکـە بەشدارییی سـەرەکیی لەفەلسـەفەی خۆراواییـدا، لەلایەنی سیاسەتمەداری رۆمانی بۆسییۆسەوە[41] بوو، کـە لەسـەدەی شەشـەمی زاینییـدا ژیـاوە، سـەرلەنوێ بایەخدانی بە فەلسەفەی یۆنـان و رۆمـان بووژاندەوە، بەتایبــەتی لۆجیـــك و میتافیزیکەکـــەی ئەرەســـتۆ. لەسـەدەی نۆیـەمی زاینییدا، ئاینزایـەکی ئێرلـەندی کـە

---

[41] بۆسیۆس دەوروبەری (480-524) Boethius فەیلەسوف و سیاسەتمەدارێکی رۆمانییە. متمانەوە پشتیوانیی پادشا سـیۆدۆری پادشـای ئۆستڕۆگۆســی بەنسـیب بـووە، پاشـانیش فـەرمانڕەوای رۆمـا، لەسـاڵی 510 دا دەبێـت بەباڵیۆز. دواتریـش لەلایـەنی دوژمنەکانیـەوە بەجیانـەتی مەزن تاوانبار دەکرێت و لەگەڵ بێتاوانییەکەشیدا لـەپیڤیا زیندانیـــی دەکرێـــت و لـــەێدارە دەدرێـــت. لـــەماوەی زیندانیبوونیـدا، لاوانـەوەی فەلسـەفەی نوسـی، گـەرچی لەلایـەنی کەسـێکی نامەسـیحییەوە نوسـرابوو، بـەڵام زۆر دێـدو بۆچوونـی مەسـیحییەتی تێـدا بـوو، لـەماوەی سـەدەکانی ناوەڕاسـتدا لەئـەورووپا بایـەخێکی زۆری پێـدراوە. جگـە لـەوە دەربـارەی لۆجیـك نوسـیویەتی و کارەکانی ئەرەستۆی وەرگێڕاوەو لەسەری نوسیون. بەهۆی ئەمـەوە زۆرێـك لـە بیریارەکـانی سـەدەکانی ناوەڕاسـت ئاگاداری فەلسەفەی یۆنانیی بوون.

ئێرلەندی کە ناوی جۆن ئێریگینا[42] بوو، پەرەی دا بە لێکدانەوەی سروشتی یەکێتی بوونی مەسیحییەت، کەسێیینە یەزدانییەکەی بەیەك دانە، لۆگۆس ناساند، هەروەها رۆحی جیهانیی ئەفلاتۆنیزمی نوێشی بوژاندەوە و پێی وابوو کە باوەڕو عەقڵ هەردوکیان پێویستن بۆ ئەنجامدانی یەکێتیی گوشاد لەگەڵ یەزداندا.

[42] ئێریگینا، جۆن سکۆت Erigena, John Scotus (815?-877?) سکۆلەرێکە لەئێرلەندە لەدایکبووە، یەکەمین سیستمی فەلسەفیی مەزنی بەرهەمهێناوە، لەسەدەکانی ناوەڕاستدا، لەدەوروبەری ساڵی 847 دا پادشا چارلسی یەکەم دەیکات بەسەرپەرشتیاری قوتابخانەی یاسایی و راشیدەسپێرێت کەنوسینە ئەفلاتۆنییەکانی دایۆنیسیۆسی ئێریۆپاگێت وەربگێرێت بۆ سەر زمانی ئینگلیزیی. دواتر لەگەڵ پاپا نیکۆلاسی یەکەمدا کێشە دەکەوێتە نێوانیانەوە، چونکە ئێریگینا کتێبەکانی خۆی نەدەدا بەسانسۆر، وەلێ چارلس پشتی ئێریگینای گرت، ئیتر هەتا مردنی پادشا لەقوتابخانەکە مایەوە.

## سکۆلاستیزم

**Scholasticism**

لە سەدەی یازدەیەمی زاینییدا، وەکو ئەنجامێکی پەیوەندیی کردنی ناوچەجیاجیاکانی جیهانی خۆراواو، لەگەڵ ئەو بێداربوونەوە گشتییەدا، کە لە رێنیسانسدا[43] گەیشتە لوتکە. گەشانەوەیەکی بیری فەلسەفیی سەری هەڵدا. کارەکانی ئەفلاتون و

[43] رێنیسانس Renaissance, بریتیە لەزنجیرەیەك لە جوڵانەوەی ئەدەبیی و کەلتوریی لەهەرسێ سەدەی 14،16،15، دا. ئەم جوڵانەوانە لەئیتالیاوە سەریان هەڵداو، بەرەو ئەڵمانیا، فەرەنسە، ئینگلتەرەو بەشەکانی تری ئەوروپا تەشەنەیان کرد. لێکۆڵینەوەی ژیارە مەزنەکانی یۆنانی دێرین و رۆمانەکان، بوون بەهۆی ئەوەی کەکەلتوری تایبەتی خۆیان بەرهەم بهێنن و ببن بەکێباری ئەو ژیارە دێرینانە. بیرکردنەوەی ئەو بیریارانە کەوتە ژێر کاریگەریی مرۆڤدۆستییەوە . هیومانیزم، کەجەخت دەکاتە سەر بایەخی تاك. هیومانیستەکانی رێنیسانس باوەڕیان وابوو کەتوانرێت لەرێی رۆشنبیریی کلاسیکەوە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پێش بخرێت. ئەم رۆشنبیرییە سەرچاوەی خۆی لەنێکستە دێرینەکانەوە وەرگیراوەو جەخت دەکاتە سەر شیعرو مێژوو. رەوانبێژیی ، لەگەڵ فەلسەفەی ئاکارییدا.

ئەرەستۆ و بیریارە یۆنانییەکانی تر لە لایەنی لێکۆڵەرانی عەرەبەوە وەرگێڕدران و سەرنجی فەیلەسوفانی ئەوروپای خۆراوایان راکێشا. فەیلەسوفانی موسوڵمان و جولەکەو مەسیحی ئەو نوسینانەیان لێکدایەوەو روونیان کردەوە بۆئەوەی سەرلەنوێ فەلسەفەو باوەڕ ئاینیی پێکەوە ئاشت بکەنەوەو زەمینەیەکی عەقڵیی ساز بکەن بۆ باوەڕە ئاینییەکان. کارەکانی ئەوان بناغەی سکۆلاستیزمیان دامەزراند.

بیری سکۆلاستییەکان کەمتر بایەخی دەدا بەدۆزینەوەی راستیی و پرەنسیپی نوێ، زیاتر بایەخیان دەدا بەخستنە رووی راستییەکانی ناو ئەو باوەرانەی کە هەن. بۆیە میتۆدی ئەوان میتۆدیکی دیالەکتیکی یان مشتومراویی بوو. بایەخی زیاتر بەلۆجیکی دەمەتەقێ بووە هۆی رودانە پیشکەوتنی گرنگ لەلۆجیك و تیۆلۆجیادا. ئاڤیسینا[44]ا پزیشکی

[44] ئاڤیسینا، یان ئیبن سینا -Avicenna (Arabic, Abu Ali al-Husayn ibn Abd Allah ibn Sina) (980-1037) فەیلەسوف و پزیشکی موسولمانی ئیرانییە، بەیەکی: لەفەیلەسوفە

پزیشـــکی عـــەرەب کەلەســـەدەی یـــازدەدا ژیـــاوە، ئایدیاکانی ئـەفلاتونیزمی نـوێ و ئەرەسـتۆی لەگـەڵ پێڕەوی ئاینی ئیسلامدا گرێ دا، هـەرروەها شاعیری جولەکە سۆلۆمۆنی کوڕی یەهودای کوڕی گابیرۆڵ[45] شـــتێکی هاوشـــێوەی لەگـــەڵ بـــیری یۆنـــانی و جولەکەیەتییدا کرد. ئانسێلمی کانتێربێری کاهین و سکۆلاســـتیك و فەیلەســـوفیش تێڕوانینەکـــەی

---

مەزنەکانی ئیسلام دەژمێردرێت، دیارترین کتێبی بریتیە لـە یاسا لەپزیشـکییدا. هـەروەها کتێبێکـی فەلسەفیشـی هەیە بەناوی کتێبی شیفاوە، کەکۆکراوەی چەند نوسینێکە دەربارەی لۆجیکی ئەرەستۆیی و میتافیزیاو سایکۆلۆجیا، لەسەر بنەمای تێکەڵاوکردنی ئەرەستۆییزم و ئەفلاتۆنیزمی نوێ داڕێژراون. ئاڤیسێنا باوەڕی بەنەمریی نەبووەو پێشی وانـەبوو کەیـەزدان بایـەخدەدات بەمرۆڤـەکان، هـەروەها باوەڕیشی بەوە نەبوو کەجیهان لەناو کاتدا خوڵقێنرابێت. لەبەر ئەم تێڕوانینە فەلسەفییانەی، لەلایـەنی غەزالییـەوە هێرشی کرایە سەر.

[45] ئیبن گابرێل، سۆلۆمۆن بێن یاهودا Ibn Gabirol, Solomon ben Yehuda (1021?-1058?) فەیلەسـوف و شـاعیرێکی جولەکـەی ئیسـپانییە، هـەروەها بـەناوی لاتینـی ئاڤیسێبرێنیشـەوە ناسـراوە، کتێبـی "چـاوگی ژیـان" ی دیالۆگێکی ئەفلاتونییانەیەو بەعەرەبی نوسراوە.

ئاگۆستینی لەمەڕ پەیوەندیی نێوان باوەڕو عەقڵ، هەڵگرتەوە. هەروەها ئەفلاتونیزمیشی تێکەڵی تیۆلۆجیای مەسیحی کرد. ئانسیلم بەپاڵپشتیی تیوریی ئایدیاکانی ئەفلانون، کەوتە مشتومڕ لەسەر بوونی مەسەلە هەمەکییەکان، یاخود خەسڵەتە گشتییەکانی شتەکان، بەمەش ریالیزمی لۆجیکییانەی لەسەر یەکێك لەکێشە هەرەسەرەکییەکانی فەلسەفەی ناوەڕاستیی دامەزراند.

تێڕوانینی پێچەوانە بەنۆمیناڵیزم ناسرا، کەلەلایەنی رۆسکلینی فەیلەسوفی مەزهەبگەراوە کریستاڵە کرا، کەپێی وابوو تەنیا تاکەکان و شتە بەرهەستەکان بوونیان هەیە، هەروەها مەسەلە هەمەکییەکان و فۆرمەکان و ئایدیاکان، کەشتەکان بەپێی ئەوان پۆلێن دەکرێن، زیاتر بەرچاون و چێی ئاماژەن، نەك جەوهەرە بەرهەستەکان. کاتێك مشتومڕی لەسەرئەوە کرد کەپێویستە سێیینەکە سێ بوونی جیا بن، تێڕوانینەکەی بەهێرتیکا دانراو ناچار

کرا پاشگەز ببێتەوە. لەسەدەی دوازدەیەمدا، رێك لەساڵی 1092دا، تیۆلۆجیستێکی سکۆلاستیکی فەرەنسی کە ناوی پیتەر ئەبیلارد[46] بوو، کە خۆشەویستییەکی تراجیدییانەی لەگەڵ خانمێکدا هەبوو ناوی هیلۆسی بوو، ئەمە یەکێکە لەچیرۆکە هەرە رۆمانسییەکانی مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست، چاکسازییەکی لەنێوانی ریالیزم و نۆمیناڵیزمدا کرد کەبەناوی چەمکگەراییەوە ناسرا، کە بەپێی ئەو، مەسەلە هەمەکییەکان لەناو چەند شتێکی دیاریکراودا بوونیان هەیە وەکو موڵکایەتی و هەروەها لە دەرەوەی شتەکانیشدا وەکو چەمك لەناو ئاوەزدا. ئەبیلارد پێی داگرت لەسەرئەوەی پێویستە ئاینی بە سروش هاتوو بە عەقڵ مشتوماڵ بکرێت.

---

[46] ئەبیلارد، پییر Abelard, Peter (1079-1142?) فەیلەسوف و ئاینزایەکی فەرەنسییە، وەك مامۆستایەکی پرشنگدار ناسراوەو یەکێك لەناوە درەوشاوەکانی سەدەی دوازدە. لەکتێبەکەیدا ( بەڵێ و نا) جەخت دەکات کەپێویستە ئایین بەپێشەکییە عەقڵییەکانەوە بنوسێت و هێرشی کردە سەر ناکۆکییەکانی ناو بیرو دەسەڵاتەکانی کەنیسە. کەنیسەش لەوەڵامدا بەهەرتەقە تاوانباری کرد.

پەرەی بە ئێتیکێك دا، کە لەسەر بناغەی هوشیاریی کەسیی دامەزرابوو، بیری پرۆتستانتیزمی لێکەوتەوە.

ئیبن خەلدونی[47] قازی و پزیشکی ئیسپانی ـ عەرەب، کەدیارترین فەیلەسوفی عەرەبە لەسەدەکانی ناوەڕاستدا، زانست و قەلسەفەی ئەرەستۆیی والێکرد کاریگەریی زۆری هەبێت لەسەر بیرکردنەوەی ناوەڕاستیی، لەتوێی کورتکردنەوەو لەسەر نوسینەکانی بۆ کارەکانی ئەرەستۆ. لەناو ئەو هەموو مەزهەبگەرایانەدا کەئەرەستۆیان بە فەیلەسوفەکە

---

[47] ئاڤیرۆس، یان ئیبن روشد ( 1198 J 1126 ) Averros فەیلەسوف زانا، پزیشکی ناسراوی ئیسلامە، بەوردیی تێکستەکانی ئەرەستۆی راڤە کردووەو ناڕەزایی خۆی لەو شێوازە ئەفلاتونییە نوێیە دەربڕیوە کە ئیبن سیناو شوێنکەوتووەکانی ئەرەستۆیان پێ دەخوێندەوە. لەدوای ئەرەستۆوە بەمامۆستای دووەم دادەنرێت. شایانی باسە، لەمێژووی ئیسلامییدا، ئیبن روشد زانایەکی پشتگوێ خراوبووەو سەرلەنوێ لەسەردەمی نازەدا، لەڕێی خۆراواوە روناکی خراوەتەوە سەر و نوسینەکانی لەزمانە خۆراواییەکانەوە دەکرێنەوە بەزمانی عەرەبی. دیارترین نوسراوی بریتیە لە " فصل المقال فیما بین الحکمە والشریعە والاتصال". هەروەها کتێبی " تهافت التهافت" لەوەڵامی کتێبی " تهافت الفلاسفە" ی غەزالییدا.

لەقەڵـەم دەدا، ئیـبن خـەلدون نازنـاوی commentor[48] ی پێ برا. ئیبن خەلدون هەوڵیدا ئەو دژایەتییە نەهێڵێت کەلــــەنێوانی فەلســـــەفەی ئەرەســـــتۆیی و ئـــــاینی ئاسمانییدا هـەبوو، بـە جیاکردنـەوەی دوو سیسـتمی جیـای راسـتیی لـە یـەکتریی. جەسـتەی زانسـتییانەی راسـتیی لەســـەر بناغـەی عـەقڵ دەمـەزراوەو راسـتیی ئـــاینییش لەســـەر بنـــەمای ســـرووش دامـــەزراوە. تێڕوانینەکەی وا وەرگیرا کە شتێك بەسـەر ئایندا زاڵ دەکـات، ئـەوەش بـووە هـۆی ئـەوەی لەسـاڵی 1195دا دوور بخرێتـەوە. پـێڕەوی دەبـڵ راسـتییەکەی ئیـبن خـەلدون کاریگـەریی لەسـەر گـەلێك لـە فەیلەسـوفە موسـوڵمان و جولەکـەو مەسـیحییەکان هـەبوو، وەلێ لەلایـەنی زۆری تریشـەوە رەتکرایـەوە. بـەڵام بـوو بەباسێکی گرنگ لەفەلسەفەی ناوەڕاستیدا.

---

[48] مەبەست لەوەیە کـەئیبن خـەلدون کارەکـانی ئەرەسـتۆو ئـەفلاتونی شـی کردۆتـەوەو لەسـەری نوسـیون و سـەرنج و تێبینیی دەربارەیان تۆمار کردووە.

مۆسێس مایمۆنیدێس[49] رابییەك و پزیشکێکی جولەکە بوو، یەکێکە لە بیریارە دیارەکانی بیی جولەکە، شوێنی ئیبن خەلدون کەوت لە گرێدانی فەلسەفەی ئەرەستۆیی بەئایینەوە، بەلام ئەو تێڕوانینەی رەتکردەوە کەدەشێت هەردوو سیستەمە دژەکەی ئایدیاکان راست بن. لە رێنمایی کردنەوەی گریٚ کوێرەکەدا (1190؟ ، لەسالی 1881 ـ 1885 دا کرا بە ئینگلیزیی) مایمۆنیدێس هەوڵ دەدات هەوڵیدا لێکدانەوەیەکی عەقلانیی بۆ پێڕەوی جولەکەیەتی پێشکەش بکات و داکۆکیی لە باوەڕ ئاینییەکان کرد ( وەك باوەڕبوون بەئەفراندنی جیهان) کەتەنیا لەو خاڵەدا لەگەڵ زانستەکەی ئەرەستۆدا ناتەبابوو کە پێی وابوو کە هیچ لایەکیان بەڵگەی یەکلاییکەرەوەیان بەدەستەوە نیە.

---

[49] مایمۆنیدێس (1135-1204) Maimonides فەیلەسوف و پزیشکێکی جولەکەیە، لەئیسپانیا لەدایك بووە، بەناوی رابی مۆسێس بن مایمۆنیدێسەوە شۆرەتی دەرکردووە، یاخود بەناوە لاتینییەکەیەوە، رامبام دەناسرا.

ئەسـکەندەری هیلاسـیی[50] کـە تیۆلیۆجیسـت و سکۆلاستێکی ئینگلیزیی بوو، لەگەڵ فەیلەسوفی سکۆلاستی ئیتالییدا، سانت بۆناڤێنچەر[51]، هەردوکیان فەیلەسوفی سەدەی سیازدەیەمن، پرەنسیپە ئەفلاتونی و ئەرەستۆییەکانیان تێکەڵ کردو چەمکی فۆرمە جەوهەرییەکەیان پێناسە کرد، یاخود جەوهەرە نامادییەکە، بۆئەوەی مەسەلەی نەمریی رۆح لێکبدەنەوە. تێڕوانینی بۆناڤێنچەر بەرەو تەسەوفی یەکێتیی بوون دەڕۆیشت، لەوەدا کە

---

[50] ئەسکەندەری هیلاسی,(1185?-1245) Alexander of Hales بەناوی دکتۆر ئێرافیگابیلێسەوە ناسراوە. تیۆلۆجیست و فەیلەسوفێکی ئینگلیزییە. ئوستادی فەلسەفەو تیۆلۆجیا بووە لەپاریس. کارەکانی بەناوی کورتەی تیۆلۆجیاوە ناسراون، دوای مردنی خۆی چاپکراون. ئەسکەندەری هیلاسی پرەنسیپە ئەرەستۆییەکانی هێنایە ناو گوتاری مەسیحییەوە.

[51] بۆناڤێنجەر، سانت (1217-74) Bonaventure, Saint تیولۆجیستێکی مەسیحییەو کاهینی گەورەی فرانسیکانییەکانە، بەهۆی نوسینە رۆحانییەکانیەوە ناوبانگی دەرکردووە، بەناوی دکتۆری سریافیشەوە ناسراوە.

ئامانجی کۆتایی فەلسەفەی کردبوو بە فەنابوون لەناو یەزداندا.

فەیلەسـوفی سکۆلاسـتیی ئـەڵمانیی سـانت ئەلبێرتۆس ماگنۆس[52] یەکەمین فەیلەسوفی مەسیحی بووە کە سیستمی بیرکردنەوەی ئەرەستۆیی بەجوانی بخاتـە روو و لێکـی بداتـەوە. ئـەو سەراسـیمەی نوسـینەکانی موسـوڵمان و جولەکـە ئەرەسـتۆییەکان بـوو، کەوتـە لێکۆڵینـەوەیان و چـەند سـەرنجێکی ئینسـایکلۆپیدیی دەربـارەی ئەرەسـتۆو زانسـتی سروشـتی لـە سـەردەمەکەیدا نوسـی . ئـەلبێرتۆس مـاگنۆس لەسـاڵی 1280 دا مـرد. ئـاینزای ئینگلـیزیی رۆجـەر بـاکۆن[53]، یەکێکـە لـەو سکۆلاسـتیکە

---

[52] ئەلبیرتۆس ماگنۆس، سانت Albertus Magnus, Saint (circa 1200-80) پیی وتراوە ئەلبیرتۆسی گەورە، بایەخیکی زۆری داوە بەزانسـتی سروشـتی. زانسـت و فەلسـەفەی یۆنانی و عەرەبیی بەسەدەکانی ناوەراست ناساندووە.

[53] بـاکۆن، رۆجـەر Bacon, Roger (1214?-1294) لیکۆلـەرو فەبلەسـوف و زانایـەکی ئینگلـیزە، یەکیکـە لەمامۆسـتا هەرەکاریگـەرەکانی سـەدەی سـیازدە. یەکیکـە لەرابـەرانی زانسـتیئەزمونگەریی نـویٚ، لەسـالی 1277دا لەبـەر بـیرو

یەکەمینانـەی بایـەخی داوە بەزانســتی ئـەزمونیی، زانیی کە زۆر شت ماوە دەربارەی سروشت بزانرێت. رەخنەی لەمیتۆدە ئیستیدلالییەکانی سەردەمی خۆی و پشتبەسـتنیان بەسـەرچاوەکانی رابـردوو، گـرت. هـەروەها بانگەشـەی بـۆ میتۆدێکـی نـوێ کـرد لەمـەڕ لێپرسینەوەو پشکنین کەلەسەر بنەمای چاودێریکردن و لێکۆڵینەوەی کۆنترۆڵکراو دامەزرابوو.

مـــەزنترین ســـیمای روناکبـــیر لەســـەدەکانی ناوەڕاستدا، سانت تۆماسی ئەکوینییە[54]، ئاینزایەکی دۆمـەنیکانی بـووە، لـە ژێـر دەسـتی ئـەلبێرتۆس ماگنۆسـدا خوێندبـووی، لەسـاڵی 1248یشـدا دوای

---

بۆچوونـە بێباوەڕانەکـەی لـەزانکۆی ئۆکسـفۆرد دەری دەکەن، کەنیسەش فەرمان دەدات لەدێرێکدا دەسبەسەری بکەن.

[54] ئەکوینی، سانت تۆماس Aquinas, Saint Thomas (1225-1274) هـەندێکجار بـەناوی دکتـۆری ئینگلـیزیی یـان مـیری تۆزەرانەوە بانگ کراوە. فەیلەسوف و ئاینزایەکی ئیتالییە، کارەکـانی کاریگەرییـەکی زۆریـان لەسـەر فەلسـەفەی سکولاستی هەبووەو یەکێکیشە لەسەرکردەکانی کەنیسەی رۆمان کاسۆلیك.

دوای کـەوتبوو بـۆ کۆلۆنیـا. ئـەکوینی زانسـتی ئەرەسـتۆیی و تیۆلۆجیـای ئۆگسـتینیی لـەناو سیسـتمێکی بەراوردکاریبیرکردنـەوەدا لەیـەك دا، کـە دواتر بوو بە سەرچاوەی فەلسەفەی کەنیسەی رۆمان. کاسۆلیك. ئەو دەربارەی هەموو بابەتێکی زانراوی ناو زانست و فەلسەفە شتی نوسیوە، سەرەکیترین کاری Theologica and Summa Contra Gentiles بـوو. لـەو نوسینەدا بونیادێکی قایلکەرو رێکوپێکی ئایدیاکانی ئامادە کرد، کەتائێستاش کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بیری خۆراوایی هەیە. نوسینەکانی لەبابەخدانەکانی سـەردەمەکەی بەعـەقڵ، سروشـت، شـادومانیی دونیاییدا، رەنگی دایەوە، شانبەشانی باوەڕی ئاینیی و بایەخدان بەزیندووبوونەوە.

ئـەکوینی دژی ئیـبن روشـد وەسـتایەوە بـەوەی راسـتییەکانی عـەقڵ و راسـتییەکانی بـاوەڕ، نـاتوانن کێشـەمەکێش لەگـەڵ یـەکترییدا بکـەن، بـەڵکو هەریەکـەیان سـەربەواقیعی جیـان. راسـتییەکانی زانسـتی سروشـتیی و فەلسـەفە بـەهۆی تێڕامانـای

عەقلانییانـــــەی فاکتـــــەکانی تاقیکردنـــــەوەوە دۆزراونەتـــەوە، لـــەکاتێکدا مەیلـــەکانی ئـــاینیی ئاسمـانیی، پـێڕەوی سـێیینە، خولقـاندنی جیـهان، بابەتـەکانی تری دۆگمای مەسیحی، دەکەونە پشـتی بەراوردکردنی عەقڵییانەوە، گەرچی لەگەڵ عەقڵیشدا تەبا نین، پێویستە بەباوەڕ قبوولّ بکرێن، میتافیزیا، تیوریـــی زانـــین. ئێتیـــك و سیاســـەتی ئـــەکوینی، بەشێوەیەکی سەرەکی لەئەرەستۆوە هاتبوون، بـەڵام فەزیلـــەتی ئـــاینیی و ئومێـــدو بـــەزەیی و ئامـــانجی زیندووبوونەوەیـەکی ئەبـەدیی، ئۆگەسـتینی لـەتوێی میـــهرەبانیی یەزدانییـــەوە بـــۆ سروشـــتگەرایی و ئێتیکەکـەی ئەرەستۆ بـەخۆی و ئامانجەکەیـەوە کـە کامەرانیی دونیایی بوو، زیادکرد.

### فەلسەفەی ناوەڕاستیی دوای ئەکوینی

گرنگترین رەخنە لەفەلسەفەی تۆماسیی گیرا، بریتی بوو لەرەخنەکانی جۆن دۆن سکۆت[55] و ولیەمی ئۆکامیی[56]. دۆن سکۆت سیستمێکی دڵگیرو بەرزی میتافیزیاو لۆجیکی پێشخست. بەلام بەهۆی دەمارگیریی شوێنکەوتووەکانی، دواتر ناوی دۆن بەشێوەیەکی مەتەلاویی بوو هێمای گەمژەیی و لەوشەی دۆنەسی dunce ئینگلیزییدا رەنگی دایەوە. سکۆت هەوڵەکەی ئەکوینی رەتکردەوە بۆ ئاشتکردنەوەی فەلسەفەی عەقڵی و ئاینیی

---

[55] دۆن سکۆت، جۆن Duns Scotus, John (1266?-1308) فەیلەسوف و تیۆلۆجیستێکی سکۆتلەندەییە، دامەزرێنەری قوتابخانەیەکی مەزهەبگەراییە کەبەناوی سکۆتیزمەوە ناسراوە.

[56] ئۆکام Ockham or Occam, William of (1285?-1349?), وەکو دگتۆرێکی دڵڕەق ناسراوە، ماناکەی بەلاتینی ئەو دکتۆرەی نابەزێنرێت. فەیلەسوفێکی ئینگلیزییە، پیاوی ئاینیش بووە، یەکێك بووە لە لایەنگرە سەرسەختەکانی پێڕەوی ناویزم چەقۆکەی ئۆکام یان گوێزانەکەی ئۆکام لەو بۆچوونەیەوە هاتووە کەدەڵێت بوون بەبێ پێویستی چەنجارە نابێتەوە.

ئاسمانیی. ئەو پێڕەویی لەدەبڵ راستییەکەی ئیبن روشد کرد و مشتومالی کرد، دەیووت باوەڕی ئاینیی مەسەلەی باوەڕهێنانە، بەتەنیا مەسەلەی بوونی یەزدان نەبێت، کە پێی وابوو دەتوانرێت بەشێوەیەکی لۆجیکییانە بسەلمێنرێت. لەدژی تێڕوانینەکەی ئەکوینی کە یەزدان بە پێی سروشتێکی عەقڵییانە خۆی دەنوێنێت، سکۆت دەیووت ئیرادەو بیریاریی و خولقێنەریی یەزدان دەکەوێتە پێشەوەی یاساکانی سروشت و ئاکارەوە، نەک بەدوایاندا بێت، بۆیە بایەخێکی زیاتری دەدا بە ئیرادەی سەربەست لەچاو ئەکوینییدا. دەربارەی مەسەلەی هەمەکییش، سکۆت بەراوردێکی نوێی لەنێوانی ریالیزم و نۆمینالیزمدا کرد، پشتی بە دیاوازیی نێوانی تەنە تاکەکان و ئەو فۆرمانەی ئەو تەنانە بەشێوەیەکی لۆجیکییانە دەبنە نمونەیان، نەک وەک جیاکردنەوەیەکی راستەقینە. دۆن سکۆت لەساڵی 1308 دا کۆچی دوایی کرد.

سکۆلاستی ئینگلیزیی ولیەمی ئۆکامی رادیکاڵترین رەخنەی نۆمینالیزمی دەربارەی باوەڕە

سکۆلاستیکییەکە بە شتە نەبینراوو هەست پێنەکراوەکان نێوزەد کرد، لە وێنەی فۆرمەکان و جەوهەرەکان هەمەکییەکان. پێی وابوو کە ئەو چەشنە بوونە ئەبستراکتانە وشەن و دەگەڕێنەوە بۆ وشەکان نەك شتەکان. یاسا بەناو بانگەکەی، بەناوی گوێزانەکەی ئۆکامەوە ناسرا، کەدەڵێت پێویستە کەس گریمانەی بوونی هیچ نەکات جگە لەو شتانەی کەبەشێوەیەکی لۆجیکییانە پێویستن، ئە یاسایە بو پرەنسیپی بەبنچینەیی زانس و فەلسەفەی مۆدێرن.

لەهەردوو سەدەی پازدەو شازدەدا بایەخدانێکی زانستییانە بەسروشت ژیایەوەو لەلایەنی مەیلی یەکێتیی بوونی سۆفیگەرایانەوە بەئەنجام گەیەنرا. ئەسقەفی رۆمان. کاسۆلیك نیکۆلاسی کوسایی[57]

---

[57] نیکۆلاسی کوسایی (1401-64) Nicholas of Cusa مەزهەبگەراو کاردینالی ئەڵمانییە، ماتماتیکزان و زاناو فەیلەسوفیش بوو. لەساڵی 1433 دا داکۆکییەکی نوسیوە دەربارەی بالآیی کەنیسە لەسەرووی پاپاوە، وەلێ دواتر هەڵوێستی خۆی گۆڕی و بوو بەداکۆکیکەری پاپا. لەساڵی 145دا دەبێت بەئەسقەفی بریکسین.

پێش کارەکانی فەلەکناسی نیکۆلاس کۆپەرنیکۆسی[58] پۆڵەندییەوە، گەیشتە پێشنیاری ئەوەی زەوی بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە، بەمەش مرۆڤایەتیی لەسەنتەری گەردوندا نەهێشت، هەروەها تەسەوریشی بۆ گەرون بێسنوریی بوو شانبەشانی یەزدان، پەرەی دا بە توانا بیرمەندییە فەلسەفییەکان کە ئەوەش بووە هۆی سەرهەڵدانی زانستی نوێ و ئەنجامدانی چاکسازیی.

[58] کۆپەرنیکۆس، نیکۆلاس Copernicus, Nicolaus (1473-1543) فەلەکناسێکی پۆڵەندییە، کەبەهۆی بیورە فەلەکییەکەیەوە ناسراوە کە دەڵێت خۆر لەوەوە نزیکترە کەسەنتەری گەردوون بێت هەتاکو زەوی، هەروەها زەوی رۆژی جارێك بەدەوری خۆیدا دەسوڕێتەوەو، لەخولگەیەکیشدا لەگەڕدایە بەدەوری خۆردا. ئەم سیستمە ناوی لێنرا سیستمی خۆر- سەنتەریی.

## فەلسەفەی مۆدێرن

**MODERN PHILOSOPHY**

لەسەدەی پازدەیەمەوە، فەلسەفەی مۆدێرن مۆری کارلێکردنی نێوانی سیستمەکانی بیرکرنەوەی پێوە لکاو لەسەر بناغەی لێکدانەوە میکانیکیی و ماتریالیستییەکان گەردوون و ئەوانەی لەسەر باوەڕبوون بەبیرکردنەوەی مرۆڤ دامەزرابوون وەکو تاکە واقیعی کۆتایی. ئەم کارلێککردنە کاردانەوەی لەسەر فراونبوونی کاریگەریی دۆزینەوەی زانستیی و گۆڕانگاریی سیاسیی لەسەر تێڕامانی فەلسەفیی.

## میکانیزم و ماتریالیزم

**Mechanism and Materialism**

سەدەی پازدەیەم و شازدەیەم ماوەی پێشکەوتنی رادیکاڵانەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی و رۆشنبیریی بوو. کەشفکردنی جیهان، چاکسازییەکان، لەگەڵ جەختکردن لەسەر باوەڕی تاک، سەرهەڵدانی

کۆمەڵگای بازرگـانیی و دەرکـەوتنی بـیرو بۆچوونـی نویێ لە تەواوی پانتاییەکانی کـەلتوردا کەبوونـە هـۆی پێشـکەوتنی تـێڕوانینی فەلسـەفییانە بـۆ جیـهان. تێڕوانینی ناوەڕاستانە بۆ جیهان وەکو زنجیرەیـەك لـە بوونەوەرانـــەی لەنزمـــەوە بـــۆ بـــەرز لەلایـــەنی خوداوەندەوە ئافەریدە کراون و بەڕێوە براون، جێگەی بەوێنەیـەکی میکـانیکی گیرایـــەوە بـــۆ جیـــهان وەك ئامێرێکی گەورە، ئەو پارچانەی لەگەڕدان بەپێی یاسا فیزیاییـەکان بـەڕێوە دەبـەن، بـەبێ هیـچ مەبەسـت و ئیرادەیـەك. مەبەستی ژیـانی مرۆڤایـەتی چیـتر بریتـی نەبوو لەخۆئامادەکردن بۆ زیندوو بوونـەوە لەجیهانی داهـاتوودا، بـەڵکو گـۆڕا بـۆ تـێرکردنی ئـارەزووە سروشـتییەکانی مـرۆڤ. دامودەزگـا سیاسـییەکان و پرەنسیپە ئێتیکییـەکان، چیـتر وا سـەیریان نـەدەکرا کەکاردانەوەی فەرمانی یـەزدانیی بن و وایـان لێـهات بوون بەو دەزگا پراکتیکییانـەی کەلەلایـەنی مرۆڤـەوە خوڵقێـنراون. لـەتێڕوانینی فەلسـەفییانەی نوێـدا، ئەزمون و عەقڵ بوون بە رۆحی ستانداردی راستیی.

یەکـەمین وتـــەبێژی مـــەزنی فەلســـەفەی نـــوێ فەیلەسـوف و سیاســـەتمەداری ئینگلـیزیی فرانیـس باکۆن[59] بوو، کەپشتبەستن بەسەرچاوە دێرینـەکان و مشتومڕە زارەکییـەکانی ڕەتکردەوەو، ڕەخنـەی گـرت لــەلۆجیکی ئەرەســتۆیی وەکــو شــتێك لەقەڵــەمیدا کەسـودی نیـە بـۆ دۆزینـەوەی یاسـای نـوێ. باکۆن بانگەشەی بۆ میتۆدێکی زانستیی نوێ کرد کەلەسەر گشـتاندن دامـەزرابوو، بـەڵام بـەوردیی و ئەزمونـەوە. ئـەو یەکـەمین کـەس بـوو کــە فۆرمولــەی ڕێسـاکانی دەرەنجامی گشتی کرد.

---

[59] باکۆن، فرانسیس Bacon, Francis(1561-1626) فەیلەسوف و سیاســەتمەدارێکی ئینگلـــیزە، یەکێکـــە لەرابـــەرانی بیرکردنـــەوەی زانســـتی. ئینســـایکلۆپیدیایەکی فراوانـــی داناوە، کەلەسەر بنەمای‌سەرنجی ئەزمونکاری و پـێڕەوی تێخوێندنەوە بیناکراوە، لەدواشیکاردا مەبەستی لەوە بووە کـە سروشـت بخرێتـە خزمـەتی مرۆڤـەوە. بیکـۆن بەرۆشـــنبیرییە فراوانەکەیـــەوە دژایـــەتی زانینـــی سەرەدەمەکانی نێوەڕاستی کردووە. نوسین و گتێبـەکانی زۆرن، بەڵام ناسراوترینیان کتێبی هەوڵەکانە ـ 1598، لەپاڵ ئینسایکلۆپیدیاکەیدا.

کاری فەلەکناسی ئیتالی گالیلۆ[60] کاریگەرییەکی گرنگی هەبوو لەسەر تێڕوانینی نوێ بەرەو جیهان. گالیلۆ سەرنجی راکێشاین بۆ گرنگیی پیادەکردنی ماتماتیك بۆ فۆرمۆلەکردنی یاسا زانستییەکان. ئەمەشی بەداهێنانی زانستی ماتماتیك جێبەجێ کرد، یاساکانی ئەندازەی لەجوڵانی تەنەکاندا پیادە کرد. سەرکەوتنی میکانیك لەدۆزینەوەی یاسا متمانەپێکراوو سودمەندەکانی ناو سروشتدا، گالیلۆو زاناکانی دواتریشی تێگەیاند کە هەموو

[60] گالیلۆ Galileo (1564-1642), فیزیایی و فەلەکناسێکی ئیتالییە، لەگەڵ کیپلەری فەلەکناسی ئەڵمانییدا، شۆڕێکی زانستییان بەرپاکرد، کە بوو بەبناغەیەك بۆکارەکانی نیوتن. گالیلۆ پەڵەکانی ناوخۆرو چواردانە لەمانگەکانی مشتەریی و رووەکانیمەرخی بەتەلیسکۆب بینیی. لەفیزیاشدا یاسای کەوتنە خوارەوەی شتەکان و خێرایی تۆپێکی هاویژراوی دۆزیوەتەوە. گالیلۆ یەکێکیش بووە لەوانەی لەپێناوی سەربەستی بیرکردنەوەدا تێکۆشاوە. لەبەر بۆچوونەکەی لەمەڕ خولانەوەی زەوی بەدەوری خۆردا، کەنیسە تەنگی پێ هەڵچنیوەو، بەناچاری لە بۆچونەکەی پاشگەز بۆتەوە.

سروشت بەپێی یاساکانی میکانیك داڕێژراوە. گالیلۆ لەنزیکی فلۆرەنسەو لەساڵی 1642 دا مرد.

## دیکارت

**Descartes**

ماتماتیکزان و فیزیازان و فەیلەسوفی فەرەنسی رینە دیکارت[61] شوێنی باکۆن و گالیلۆ کەوت لە رەخنەگرتن لە میتۆدە باوەکانی باوەڕدا، بەڵام نەك وەکو بیکۆن کەمشتومڕی لەسەر میتۆدی گشتی دەکرد کەلەسەر فاکتە چاودێرییکراوەکان دامەزرابێت. دیکارت ماتماتیکی کرد بەمۆدێلی هەموو زانستەکان، میتۆدە ئیستیدلالیی و شیکارییەکانی لەهەموو بوارەکاندا پیادە کرد. دیکارت کارە سەرەکییەکەی خۆی چەند وتارێك

---

[61] دیکارت، رینە Réne Decartes ( 1596 ـ 1650 ) فەیلەسوف و ماتماتیکزانی فەرەنسە کەپێی دەوترێت باوکی فەلسەفەی مۆدرێن ، ماوەی نێوان بیرو جەستەی زۆر کورت کردەوە ، بە تەواویی پشتی بە پرەنسیپە مانمانیکییەکان دەبەست . دیارترین نوسراوی بریتیە لەکتێبی تێڕامانە میتافیزیاییەکان.

دەربارەی فەلسەفە، لەساڵی 1637 دا بڵاو کردەوە. دەستی کرد بە بیناکردنەوەی هەموو زانینی مرۆڤایەتی لەسەر بنەمایەکی بەتەواویی دیاریکراو، بەوەی هیچ باوەڕێك رەت نەکاتەوەو قبوڵیشی نەکات، تەنانەت باوەڕ بەبوونی خودی خۆشی، هەتا ئەو کاتەی دەتوانێت بیسەلمێنێت کە پێویستە راست بێت. لە رێگەی گومانکردنەوە بەڵگەی لۆجیکییانەی بۆ بوونی خۆی دۆزییەوە، هەروەها وتە نێودارەکەی (من بیردەکەمەوە کەواتە هەم) راستییەکی دڵنیای خستە بەردەستی کەتوانی لەوێوە بوونی یەزدان یاسا بنەڕەتییەکانی سروشت بدۆزێتەوە. سەرباری تێڕوانینە میکانیکییەکەی، دیکارت نەریتە ئاینییەکەی پێڕەوی نەمریی رۆحی قبووڵکردو داکۆکیی لەوە کرد کەجەستەو رۆح دوو جەوهەری جیان، بۆیە عەقڵی لەیاسا میکانیکییەکانی سروشت جیاکردەوەو ئیرادەی سەربەستی پێشکەش کرد. جیاکردنەوە بنەڕەتییەکەی نێوان عەقڵ و جەستە، وەکو دوالیزمێك ناسراوە، گرفتی روونکردنەوەی ئەو رێگایەی خستە روو کەلێوەی دوو جەوهەری ئاوا

جیاوازی وەك جەستەو عەقڵ، دەتوانن کاربکەنە سەر یەکتریی ، کە گرفتێکە کەنەیتوانی چارەسەری بکات و لەوکاتەوە تا ئێستا بووە بەشوێنی بایەخی فەلسەفە.

## هۆبز

**Hobbes**

فەیلەسوفی ئینگلیزیی تۆماس هۆبز[62] سیستمێکی سەرانسەریی میتافیزیای بیناکرد کەچارەسەرێك پێشکەش دەکات بۆ گرفتی عەقڵ . جەستە، بەوەی عەقڵی کورت کردەوە بۆ جوڵەی ناوەکی جەستە. پرەنسیپەکانی میکانیکی لەهەموو بوارەکانی زانیندا پیادە کرد، پێناسەی چەمکەکانی هەر بوارێکی بەجیا کرد، لەنمونەی ژیان و هەستەکان و عەقڵ و بەهاو دادپەروەریی، لەزاراوەکانی مادەو

---

[62] هۆبز، تۆماس Thomas Hobbes ( 1588 . 1679 ) فەیلەسوف و سیاسیی نێوداری ئینگلیزە، فەلسەفەیەکی سرۆشتی دارشتووە لەسەر بنەمای یاسای هەستەکان دارشتووە، دیارترین نوسراوی کتێبی لیڤیاتانە . 1650

جووڵەدا، بەمەش هەموو دیاردەکانی کورت کردەوە بۆ پەیوەندییە فیزیاییەکان و هەموو زانستەکانیشی کورت کردەوە بۆ میکانیك. هۆبز لەتیورییە ئێتیکییەکەیدا، ڕێساکانی ڕەفتاری مرۆڤی لەیاسای پاراستنی خودەوە هەڵهێنجا، بەمەش کردەوە خودپەرستییەکانی بەمەیلێکی سروشتیی لەمرۆڤدا، لەقەڵەمدا. لەتیورییە سیاسییەکەیدا، باسی لەوە کرد کە حکومەت و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی خوڵقێنراوی دەستی مرۆڤن و لەسەربنەمای پەیمانی کۆمەڵایەتی دامەزرێنراون و بەهێز پارێزگارییان لێدەکرێت. پشتگیریی لەپادشایەتی ڕەها کرد، وەکو کاریگەرترین هۆکاری دابینکردنی ئاشتی. لەساڵی 1642دا، لیڤیاتانی تەواو کرد، بریتیە لە تیۆرییەکەی خۆی دەربارەی حکومەت، هەتا مردنیشی لەساڵی 679دا، وەکو فەیلەسوفێك و بیریارێك هەر بەردەوام بوو لەسەر کارکردن.

## سپینۆزا

**Spinoza**

فەیلەسوفی هۆڵەندی باروخ سپینۆزا[63]، سیستمێکی وردو تۆکمەی فەلسەفیی بینا کرد، کەچارەسەرێکی تازە بۆ گرفتی بیر. جەستەو کێشەی نێوانی زانست و ئایین، هەروەها کورتکردنەوەی میکانیکییانەی بەها ئێتیکییەکان لەجیهانی سروشتی. ئەمیش وەکو دیکارت پێی وابوو کەدەتوانرێت لەچەند پێناسەو بەڵگەنەویستێکی کەمەوە، بونیادی هەمەکیی سروشت بەپێیێ ئەندازەی ئیۆکلیدیسی بدۆزرێتەوە. سپینۆزا بینی کەتیورییەکەی دیکارت لەمەڕ دوو

---

[63] سپینۆزا باروخ، یان بیندیکێت Spinoza, Baruch or Spinoza, Benedict (1632-1677), فەیلەسوفێکی نەمسایی سەر بەپێڕەوی عەقڵییە، بیریارێکی ئایینیشە، خۆی زۆر بەوەوە خەریك كردووە كە پرەنسیپەكانی یەكێتی بوون بدۆزێتەوە. دیارترین كتێبی بریتیە لە نانەی یەزدانگەرایی . سیاسیی ، كە لەكاتی خۆیدا كەنیسە هێرشێکی زۆری كردە سەری.

جەوهـــەر، گرفتێکـــی بێچارەســـەری خوڵقـــاندووە دەربارەی ئـەو ڕێگایـەی لێوەی بـیرو جەسـتە کـارلێك دەکـەن، ئـەو گەیشـتە ئـەو دەرەنجامـەی کەپێویسـتە تاکـە بابـەتی کۆتـایی زانـین، خـۆی جەوهـەر بێـت. لەهـەوڵیدانیدا بـۆ پیشـاندانی ئـەوەی کەیـــەزدان و جەوهـەرو سروشـت هاوشـێوەی یـەکترین، گەیشـتە بـەرەنجامێکی یـەکێتیی بوونیـی، بـەوەی هـەموو شتەکان بریتین لەسیماکان یـان شـێوەکانی یـەزدان. سپینۆزا بەجولەکەیی لەدایکبووەو گەشەی کردووە ، بۆیـە کەنیسـە تێڕوانینـە نائارتۆدۆکسـییانەکانی ئەوی حەرام کردو لەساڵی 1656دا، لەلایـەنی حاخـامی ئەمستەردامەوە شاربەدەر کرا.

چارەسەرەکەی ئەو بۆ گرفتی جەستەو بیر، بەناو تیـورەی تـەریبیی سـایکۆفیزیکییەوە ناسـراوە، کارلێکی دیاری بیرو جەستە شی دەکاتەوە، بـەوەی هـەردووکیان بەدوو فۆرمـی هـەمان جەوهـەر لەقەڵـەم بدات، کە بە تەواویی بە یەکتریی تەریبن، بۆیە وادیارە کاردەکەنـە سـەریەکتریی بـەڵام لەراسـتیدا وا نیـە.

ئیتیکەکـەی سـپینۆزا وەکـو ئیتیکـی هۆبـز لەسـەر بناغـەی سـایکۆلۆجیایەکی ماتریالیسـت دامـەزرابوو، کەبـەپێی ئـەوە تاکـەکان بـەهاندەری بـەرژەوەندیی تایبـەتی بەڕێوە دەچن، بەڵام سپینۆزا بەپێچەوانـەی هۆبـزەوە دەرەنجـامی ئـەوەی کـرد کـە بـەرژەوەندیی تایبـەتیی عەقلییانـە لەگـەڵ بـەرژەوەندیی ئـەوانیتردا دەسـازێت، بۆیـە ئارامـترین ژیـان بریتیـە لـەو ژیانـەی تەرخانکراوە بۆ لێکۆڵینـەوەی زانسـتیی و کۆتـایی بـە خۆشەویستییەکی بیرمەندانە بەرەو یەزدان هاتووە.

## لۆك

### Locke

جـۆن لۆك[64] یەکێکـە لەسـیما هـەرە کاریگـەرەکان لەسەر بیری ئینگلیزیی، ئەو نەریتە ئەزموونییەی تەواو کـرد کەلەلایـەنی فرانسـیس بیکۆنـەوە دەسـتی

[64] لـۆك، جـۆن Locke, John (1632-1704) فەیلەسـوف و ئابووریناس و سیاسەتمەدارێکی ئینگلیزییە، دامەزرێنەری قوتابخانـەی ئەزموونگەرییـە. دیـارترین نوسـراوی بریتیـە لە"وتارێك دەربارەی تێگەیشتنی مرۆیی . 1650". بەبڕوای لۆك ئەزموون تاکە سەرچاوەی بیرە.

پیکرابوو. ئەو بەبڵاوکردنەوەی وتارەکەی دەربارەی تیگەیشتنی مرۆڤ، لەسالی 1690دا، چوارچیوەیەکی سیستماتیکی بەخشی بەئەزمونگەرایی. لۆك هیرشی کردە سەر ئەو باوەرە باوەی دەلیت زانین سەربەخۆ لە ئەزمون بوونی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا کەئەو جیاکردنەوە دیکارتییەکەی نیوان جەستەو بیری قبووڵ کردبوو، لەگەڵ وەسفکردنی میکانیکییانەی سروشتدا، سەرلەنوێ فەلسەفەی لەلیکۆلینەوەی جیهانی فیزیاییەوە بەرەو لیکۆلینەوەی عەقڵ ئاراستە کردەوە. ئەپستمولۆجیایەکی پیکهینا (لیکۆلینەوەی سروشتی زانین) کەجیگای بایەخدانی سەرەکیی فەلسەفەی مۆدیرنە. لۆك هەولیدا هەموو ئایدیاکان بباتەوە بۆ سەر توخمە سادەکانی ئەزمون. بەڵام ئەو هەست و کاردانەوەی وەك چاوگەکانی ئەزمون خستە روو، هەست مادەکانی زانینی جیهانی دەرەکیی پێشکەش دەکات، هەروەها کاردانەوەش مادەکانی زانینی عەقڵ پیشکەش دەکات.

لۆك گەرچی پیاوێکی گومانگەرا نەبوو، بەڵام کاریگەریی زۆری هەبوو لەسەر گومانگەرایی لەبیری ئینگلیزیی دوای خۆیدا، بەدەرککردنی بەتەژمیی چەمکەکانی میتافیزیك و هەروەها بەئاماژەکردن بۆ ئەوەی کەناتوانرێت دەرەنجامەکانی لەمەڕ جیهانی دەرەوەی عەقڵ، بەدڵنیایی بسەلمێنرێن. نوسینە ئێتیکی و سیاسییەکانی، کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر بیرکردنەوەی دوای خۆی هەبوو، واتە دامەزرێنەرانی قوتابخانەی مۆدێرنی سودگەرایی utilitarianism، کەکامەرانیی بەشی زۆری خەڵکی کرد بەستانداردی راست و هەڵە، لەنوسینەکانی لۆکەوە سروشی وەرگرتبوو. داکۆکییکردنەکەی لۆك لەحکومەتی دەستوریی و لێبوردەیی ئاینیی و مافە سروشتییەکانی مرۆڤ، کاریگەرییان هەبوو لەسەر پەرەپێدانی بیرکردنەوەی لیبراڵیی لەفەرەنسا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو بەهەمان شێوە بەریتانیای گەورە.

## ئایدیالیزم و گومانگەرایی

**Idealism and Skepticism**

فەیلەســوف و ماتمــاتیکزان و سیاســەتمەداری ئەڵمانی، گۆتفرید ولیەم لایبنیز، لەساڵی 1648 دا، لە لێپزین لەدایك بووەو لەماوەی ژیـانیدا، پـەرەی داوە بەسیســتمێکی وردو تۆکمــەو رەســەنی فەلســەفە. دۆزینـەوە ماتماتیکی و فیزیاییـەکانی سـەرەدەمەکەی خۆی لەگەڵ بیرۆکەی سروشتدا ئاوێتە کرد، کەئەمیان دەگەڕێتــەوە بــۆ بیرکردنــەوەی کــۆن و ناوەڕاســت. لایبنیز جیهانی بەشێوەیەك دەبینی کە بریتی بێت لە ژمارەیـەکی بێشوماری یەکە بچووکـەکانی هـێز، کـە، ناوی لێنـان مۆنادەکان، هەریـەکێك لەوانە جیـهانێکی داخــراوە بــۆ خــۆی، بــەڵام وەك ئاوێنــە هــەموو مۆنادەکـانی تـر، لەسیسـتمی دەرککردنـی هەسـتیی خۆیدا پـەرچ دەکاتـەوە. هـەموو مۆنادەکان بریتین لـە هــەبوونی رۆحیــی، بــەڵام ئەوانــەی کــەدەرککردنی هەسـتیی ئاڵۆسـکاوتریان هەیـە، لــەچاو ئەوانـەیاندا کەزیندوو نین و ئەوانەشی کەدەرککردنێکی هەستیی

روونیان هەیە، کە هەستیاریی خودیی و بیریش دەگریتەوە، رۆح و ژیریی مرۆڤایەتی پیکدەهینیت. خودا بریتیە لەمۆنادی مۆنادەکان، کەهەموو مۆنادەکانی تری خولقاندووەو چارەنوس و پیشکەوتنیان بەپیی هارمۆنیای پیش دروستکردن دیاریی دەکات، کەدەبیتە هۆی روودانی دیاردەی کارلیکی نیوانی مۆنادەکان. لەتیروانینی لایبنیزدا هەموو شتەکان ئۆرگانیی و رۆحین و دەچنە ناو نەریتیکی ئایدیالیستانەی فەلسەفییەوە.

## بیرکلی

**Berkeley**

فەیلەسوف و پیاوی کەنیسەی ئینگلیزیی جۆرج بیرکلی[65] ئایدیالیزمی کرد بە قوتابخانەیەکی

[65] بارکلی، چۆرج (1685-1753) Berkeley, George فەیلەسوف و ئاینزایەکی ئیرلەندەییە، بەدامەزرینەری قوتابخانەی نویی ئایدیالیزم لەقەلەم دەدریت. پیی وابوو کەمادە ناتوانیت بەسەربەخۆیی لەبیر بوونی هەبیت، بەتەنیا لەریگای گریمانەکردنی هیزیکی بالاوە دەتوانریت دیاردەی هۆش لیکبدریتەوە،

بەدەسـەڵات لـە بیرکردنــەوەی ئـەنگلۆ ـ ئـەمریکییدا، بەوەی لەگەڵ گومانگەرایی و ئەزمونگەریتیدا ئاویتەی کرد، کە لە فەلسـەفەی بـەریتانیدا کاریگـەرییان پـەیدا کردبوو. بیرکلی گومانەکـەی لۆکـی دەربـارەی زانینـی جیــهان لــەدەرەوەی بــیر، فراوانــتر کــردەوە، کەوتـــە مشتومر کردن لەسەر ئەوەی هیچ بەلگەیەك بۆ بوونـی جیهانیکی لەوجۆرە لەئارادا نیـە. چونکـە بەتـەنیا ئـەو شــتانەی کــەدەتوانرێت ســەرنج بدرێــت، هـــەر ئـــەو شتانەن کەدەتوانرێت هەستیان پێبکرێت و هیچی تر، ئەوانەش خۆیان لەناو بیردان. دەیـووت بونیـان مانـای ئەوەیـە دەرکیــان پێبکرێـت. هــەروەها بـۆ ئـەوەی کـە نـاتوانرێت سـەرنجیان بدرێــت و ئــەوانیش بوونیــان هــەبێت، ئـەوا پێویسـتە شـتەکان لەلایــەنی خــوداوە سەرنجیان درابێت. رایەکانی ئەو دەربارەی فەلسەفە، لەنامەیەك دەربارەی پرەنسیپەکانی زانینـی مرۆییـدا ـ 1710، هــەروەها ســێ دایــالۆگ لــەنێوانی هیــلاس و

---

کەبەبــەردەوامیی ئیدراکیــی هەســتیی لــەبیری مرۆڤــدا ئامادە دەکات.

فیلۆنۆســـدا . 1713، لەلایـــەنی هاوچەرخەکانییـــەوە بێزرێنران. هەرچۆنێك بێت بارکلی بەبانگەشەکردنی ئەوەی دیاردە هەستییەکان، تاکە ئامانجی زانینن، دێـــدی ئەپســـتمۆلۆجییانەی فینۆمینۆلۆجییانـــەی دامەزراند، کەبریتیە لەتیوریی ئەو ئیدراکە هەستییەی کەپێشـــنیاری ئـــەوە دەکـــات کەدەشـــێت مـــادە بـەزاراوەکانی هەسـت شـی بکرێتـەوە، هـەروەها ئـەو ڕێگـــەی خـــۆش کـــرد بـــۆ جوڵانـــەوەی پۆزەتیڤیـــی لەبیرکردنەوەی مۆدێرندا.

## هیۆم

**Hume**

مێژوونوس و فەیلەسوفی سکۆتلەندیی، دەیڤید هیۆم[66]، ڕەخنەگرتنەکەی بارکلیی لەجەوهەری مادیی

[66] هیۆم ، دەیڤید Hume, David (1711-1776), Hume, David (1711-1776)، مێژوونوس و فەیلەسوفیکی سکۆتلەندییە، کاریگـەریی هـەبووە لەسـەر پەرەسـەندنی هـەردوو پـیرەوی کۆمـان و ئـەزمونیی. هیۆم نەچۆتـە قوتابخانـەوە لەماڵـەوە خوێندوویـەتی و لەتەمـەنی دوازدەسـالیدا چۆتـە زانکـۆی ئیدینبـۆرگ، هـەروەها تەندروستییشـی بـاش نـەبووە.

دژی باوەرەکـــەی بـــارکلیی خـــۆی وەرســـوراندەوە، کەبەجەوهـەری رۆحیی هـەیبوو، پیـی داگـرت لەسـەر ئەوەی، کەهیچ بەلگەیەکی هەستپیکراو لەبەردەستدا نیە بۆ سـەلماندنی بوونـی جەوهـەریکی عـەقلیی، رۆح یان یەزدان. گرنگترین کاری فەلسـەفیی هیـۆم، بریتیـە لەنامەیـەك دەربـارەی سروشـتی مـرۆڤ، کەلـەنیوان سـالأنی 1739 . 1740 دا بەسـیّ بـەرگ چـاپکرا. ئـەو رایگـەیاند کەهـەموو جەختکارییـە میتافیزیکییـەکان دەربـارەی ئـەو شـتانەی کـەناتوانریت راسـتەوخۆ تیبینیـی بکریـن، هـەموویان وەکـو یـەك بـیّ مانـان و پیویســـتە فـــریّ بدرینـــە نـــاو ئـــاگرەوە. هیـــۆم لەشیکردنەوەیدا بۆ هۆکاریتی و هەلهینجان causality and induction هیمـای دەکـــرد بـــۆ ئـــەوەی کـــەهیچ پاساودانیکی لۆجیکییانەی نیە بۆ باوەربوون بـەوەی

---

دیارترین نوسراوی بریتیە لە نامەیەك دەربارەی سروشتی مرۆڤ، A Treatise of Human Nature لەسیّ بەرگدا لـەماوەی نیّوان سالأنی 1739 . 1740دا نوسـیویەتی . پاشـان لەسالّی لەســـالّ 1741 . 1742دا دووبـــەرگی ئاکـــاری سیاســـیی بلأوکردەوە.

کــە دوو روداو بەشــێوەیەکی هۆکارییانـــە پێوەســـتن یـاخود هیـچ دەرەنجامێك لـەرابردووەوە بـەرەو ئێسـتا بکرێت، بەمەش ئەو گرفتانە بخەنەوە روو کـە هـەرگیز چارەسەریان نەکراوە. کاری هیـۆم کاریگـەریی لەسـەر زانسـتی مۆدێــرن هــەبوو، لــەوەدا کــە بــەکارهێنانی پرۆسێســـی ئامـــاریی دەدا لـــــەجیاتی شــــێوازە پچڕپچڕەکـان، وروژانـد، هـەروەها هــانی ســەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی چەمکە بنەڕەتییەکانی دەدا.

## کانت

**Kant**

لە وەڵامی گومانگەراییەکەی هیۆمـدا، فەیلەسـوفی ئــەڵمانی ئــەمانوێل کــانت[67]، سیســـتمێکی کــاملی

[67] کــانت، ئــەمانوێل Kant, Immanuel (1724-1804), فەیلەسـوفێکی ئەڵمانییـە، بـەڕای زۆر لـەبیریاران مـەزنترین فەیلەسـوفە لەسـەردەمی مۆدرێنـدا. دەرچـووی زانکـۆی کینگسـبورگەو فیزیـاو ماتمـاتیکی خوێنـدووە، پاشـان بـۆ ماوەی پازدە سـاڵ دەرسـی وتۆتـەوە. سـەرەتا زانسـت و فیزیــای دەوتـــەوە، پاشــان وردە وردە وانـــەکانی فـــراوان کردەوەو، زۆربەی لقەکانی فەلسەفەشی گرتەوە. لەمیانـەی نوسـین و وانەکانییـەوە شـۆرەتێکی باشـی پـەیدا کـردووە،

فەلسـەفەی دامـەزراند کـە بـە یـەکێك لـەکارە فیکرییـە مەزنـەکانی کـەلتوری خۆراوایـی دادەنرێـت. کـانت پرەنسـیپی ئـەزمونیی، کـە دەیـووت هـەموو زانینێـك رەگی خۆی هەیە لەناو تاقیکردنەوەدا، لەگەڵ باوەڕی عەقلانیی بەو زانینەی کەبەهۆی دەرەنجامکردنەوەوە دەسـت دەکـەوێت، ئاوێتـەی یـەکتریی کـرد. ئـەو پێشنیاری کرد کە گەرچی پێویستە ناواخنی ئەزمون

---

بـەلام هـەتا سـاڵی 1770 کورسـی ئوسـتادێتیی لـەزانکۆ بەدەسـت نـەهێناوە، کـە دەبێـت بەپرۆفیسـۆری لۆجیـك و میتافیزیـا، مـاوەی بیسـتوحەوت سـاڵی دواتـر لەسـەر وانەوتنـەوەی نـاو زانکـۆ بـەردەوام بـووە. وانـە نـا . ئاینییـەکانی کـانت، کـە زیـاتر لەسـەر عەقلانییـەت دامـەزرابوون، نـەك سروش یان وەحیـی ئـاینیی، تووشـی چەند قەیرانێکیان کرد لەگەڵ حکومەتەکەی پروسـیاداو، لەساڵی 1792دا، پادشا فرەدریکی دووەم فەرمانی پێدەکات کە نابێت دەربارەی بابەتە ئاینییەکان وانـە بڵێتـەوە یـان بنوسـێت. کـانت بـۆ مـاوەی پێنـج سـاڵ گوێڕایـەڵی ئـەم فەرمانـە دەبێت، دوای ئەوە پادشا دەمرێت، بۆیـە دیسـان تێهەڵدەچێتـەوە. سـاڵێك دوای خانەنشـین بوونـی ، واتـە لەساڵی 1798دا، پوختەی بۆچوونەکانی خۆی لەمەڕ ئایین بـەچاپ دەگەیـەنێت.. لەسـاڵی 1781دا کتێبـە رەخنـەگرتن لەعەقڵی پەتی Critique of Pure Reason بەچاپ دەگەیەنێت، کە بەگرنگترین کتێبی ئەو دەژمێردرێت.

لەتوێی ئـەزمون خۆیـەوە بدۆزرێتـەوە، کـەچی عـەقڵ شێوەو سیسـتم بەسـەر ئەزمونـەکانیدا دەسـەپێنێت، هەروەها ئەو فۆرم و سیستمە پێشەکی بدۆزرێنەوە. ئەمەش بەپەرچدانەوەو هیچی تر. ڕاگەیاندنەکەی ئەو کە هۆکارێتی، جەوهەر، بۆشایی، هـەروەها کـاتیش، هـەموو یـان فۆرمـن و لەلایـەنی عەقڵـەوە بەسـەر ئەزمونـەکانیدا سـەپێنراون، پشـتیوانی لـە ئایدیالیزمەکەی لایبنیز و بارکلی دەکات، بەڵام ئـەو تێڕوانێکی ئایدیالیستانەی ڕەخنـەیی هـەبوو، بەوەی گـەرەنتیی بانگەشـەیەکی ئەزمونکارییانـەی دەکـرد کەئەو شتانەی خۆیان لەخۆیاندا لەدەرەوەی ئەزمونی مرۆییدا بوونیان هەبێت، شتگەلێکی نەزانراون. بۆیە کانت زانینی کورت کردەوە بۆ "جیهانی بەرهەست" ی تاقیکردنـەوە، بەمـەش پارێزگـاریی لـە بـاوەڕە میتافیزیاییـەکان کـرد، دەربـارەی ڕۆح، گـەردوون، یـەزدان ("جیـهانی نۆمینـاڵی" لەئـەزمونی مـرۆڤ تێدەپەڕێنێت)، هەموویان بابەتی باوەڕن نەك زانینی زانستی. کانت لە نوسینە ئێتیکییەکانیدا، لەسەر ئەو باوەڕەیە کە پرەنسیپە مۆراڵییـەکان فـەرمانی ڕەهـاو

یەکلاییکراوەن، فەرمانی رەهای عەقڵن، کەرێگە نادەن بـەهیچ لێدەرکەیـەك و هیـچ پەیوەندییــەکیان بــەچێژ یاخود بەرژەوەندیی پراکتیکییەوە نیە. لەتێڕوانینــە ئاینییەکانیشیدا کەکاریگــەرییان لەســەر تیۆلۆجیــای پرۆتســتانتی[68] هــەبوو، جــەخت لەســـەر هۆشــی تــاك دەکات، هـەروەها یەزدانیشی بەئیدیاڵـە مۆراڵییـەکان وێنــــــاکرد. لەبیرکردنــــــەوە سیاســــــیی و کۆمەڵایەتییــەکانیدا، کـــانت پێشــەنگێك بــوو بــۆ جوڵانەوەی بەرەو عەقڵ و سەربەستی، دژی نەریت و دەسەڵات.

لەفەرەنسا، چالاکییە رۆشنبیرییەکان دەکەونە ئەو ماوەیــەوە کــە بەرۆشــنگەریی ناســراوە، کــەیاریدەی چەند گۆرانکارییەکی کۆمەڵایـەتیی دا کەبوونە هـۆی

[68] پرۆتســتانتیزم Protestantism, یەکێکــە لــە ســێ لقــە سەرەکییەکەی ئاینی مەسیحی، کە دوانەکەی تر کاسۆلیك و ئارسۆدۆکسن. پرۆتســتانتیزم لەســەدەی شــازدەیەمدا، وەکــو جوڵانەوەیــەکی ریفۆرمکــار لـــەناو کەنیســـەی خۆراواییـدا، دەسـتی پێکـردووە. مەبەسـتی سەرەکیشــی بریتــی بــوو لەژیاندنــەوەی دابونەریتــە رەســـەنەکانی مەسیحییەت.

بەرهەمهێنانی شۆڕشی فەرەنسی[69]. یەکێك لە بیریارە پێشەنگەکانی ئەو ماوەیە، ڤۆلتێر[70] بوو، کە پەرەی دا

[69] شۆڕشی فەرەنسیی، French Revolution بریتییە لەگەورەترین وەرچەرخانی سیاسیی و کۆمەڵایەتی لەفەرەنسادا، ماوەی نێوان ساڵانی 1789 ـ 1799ی خایاندووە. لەماوەی شۆڕشەکەدا، فەرەنسا لەسیستمی شاهانەی رەهاوە، کە تێیدا پادشا خاوەنی هەموو شتێك بوو، گواستییەوە بۆ کۆماری تیوریی، کەتێیدا هاونیشتمانان ئازادو یەکسانن. کاریگەریی شۆڕشی فەرەنسە زۆر بەربڵاو بوو، لەدەرێشەوەو لەناویشەوە، ئەم شۆڕشە بەیەکێك لەرۆداوە هەرە گرنگەکانی مێژووی ئەوروپا لەقەڵەم دەدرێت. لەماوەی شۆڕشەکادا سیستمی نوێ لەناو چوو، چەندان حکومەتی تر جێگەیان گرتەوە، گەرچی هیچ یەکێك لەوانە نەیتوانی لەچوار ساڵ زیاتر دەوام بکات. دوای چەند دەستپێشخەرییەك سیستمێکی پەرلەمانی لەفەرەنسادا دامەزرا. ئەو دەسپێشخەرییانە بریتی بوون لە ئامادەکردنی رەشنوسی چەندان ماف و چەند دەستورێکیش. هەروەها دامەزراندنی یەکسانیی یاسایی هەموو هاونیشتمانییەکان، تاقیکردنەوەی ئەزمونی دیموکراسیی، بردنی کەنیسە بۆناو دەوڵەت، هەروەها بیناکردنەوەی ئیدارەی دەوڵەت و دارشتنەوەی کۆدی یاسا.

[70] ڤۆلتێر Voltaire (1694-1778), ناوی خوازراوی فرانسیس ماری ئارۆیتە، نوسەرو فەیلەسوفێکی فەرەنسییە، یەکێکیشە لە رابەرانی رۆشنگەریی. دیارترین

دا بە نـەریتی بـاوەڕبوون بەیـەزدان بـەبێ بـاوەڕبوون بەئایینـەکان، کەلـەلۆك و بیریـارە لیبراڵـەکانی تـرەوە دەستی پێکردبوو، کەباوەڕی ئایینی کورت کردەوە بۆ ئەو بۆچوونانەی کەدەتوانرێت لەرێی دەرەنجامکردنی عـــەقڵیی و لێکۆڵینـــەوەی سروشـــتەوە پاســـاویان بدرێتـــەوە. جـــان جـــاك رۆســـۆش[71] کەرەخنـــەی لەشارســـتانێتی گـــرت وەکـــو خراپکـــەری سروشـــتی مرۆڤایەتی، پێڕەوەکەی هۆبزی پێشخست کەدەوڵەت لەسـەر پـەیمانی کۆمەڵایـەتی لەگـەڵ هاوڵاتییـەکانیدا، دامەزراوەو نوێنەرایەتی ئیرادەی گشتی دەکات، لەپاڵ دینیـس دیـدرۆدا[72]، کەئینسـایکلۆپیدیا نێودارەکـەی

---

نوسینەکانی بریتیە لەمشـتومرە فەلسـەفییەکان و کاندید، هەروەها ژمارەیەکی زۆریش شانۆنامەی نوسیوە.

[71] رۆسۆ، جان جاك Jean Jacques Rousseau (1712 ـ 1778) فەیلەسـوف و تیوریسـتی سیاسـیی نێـوداری فەرەنسـاو نوسینەکانی یبەیەکێك لەهۆیەکانی هەڵگیرسانی سۆڕشی فەرەنســـە دادەنرێـــن. دیـــارترین کتێبـــی . پـــەیمانی کۆمەڵایەتییە 1762 .

[72] دیدرۆ، دینیس Diderot, Denis (1713-1784), فەیلەسـوف و ئینســایکلۆپیدیکارێکی فەرەنســییە، رۆمــان و وتــارو شــانۆگەریی و رەخنـــەی ئەدەبییشـــی نوســـیوە. دیـــدرۆ

دانا، کەگەلێك زاناو فەیلەسوف بەشدارییان تێدا کردووە.

## ئایدیالیزمی رەها

**Absolute Idealism**

لە ئەڵمانیا، لە توێی کاریگەریی کانتەوە ئایدیالیزم و خۆبەخشیی (کەجەخت لەسەر ئیرادە دەکات) بوونە مەیلی باڵادەست. یۆهان گۆتلیب

---

لەپەیمانگای یەسوعییەکانی لانگەر خوێندوویەتی و، پاشان چووە بۆ پاریس و لەساڵی 1732دا دەبێت بە ئوستادی هونەرە جوانەکان. لەساڵی 1742دا دەبێتە هاوڕێی رۆسۆ، هەر لەو ساڵەدا کتێبی مێژووی یۆنان وەردەگێڕێت بۆ فەرەنسیی. لەساڵی 1746دا لەگەڵ دالامپێری ماتماتیکزاندا، ئینسایکلۆپیدیای ئینگلیزیی وەردەگێڕێیت بۆ فەرەنسیی کە سی و پێنج بەرگی گەورە دەبێت. هەرلەوساڵەدا کتێبی بیرۆکە فەلسەفییەکان دەنوسێ و یەکسەر دادگای پاریس تاوانباری دەکان بە لەدین دەرچوون. ساڵی دواتر کتێبی پیاسەی گومان دەنوسێت و بەتەواویی لەگەڵ ئایزاکاندا نێك دەچێت. چەندان دەقی شانۆییشی نوسیوەو ئامادە کردووە.

فێختە[73] بەخۆرزگارکردن لە "شتەکان لەخۆیاندا" ی کانت، ئایدیالیزمە رەخنەییەکەی کانتی بەرەو ئایدیالیزمێکی رەها وەرچەرخاند، ئیرادەی کرد بەواقیعی کۆتایی. فێشتە پێی وابوو کەجیهان لەلایەنی خودێکی رەهاوە خوڵقێنراوە، کەتێیدا ئیرادەی مرۆڤ مانیفێستێکی هەندەکییە کەبەرەو یەزدان و ئیدیاڵە نەناسراوەکان مل دەنێت. تێڕوانینەکانی ئەو خودانەناسیی لێکدرانەوەو ناچارکرا لەساڵی 1799 دا دەستبەرداری کورسی فەلسەفە ببێت لەزانکۆی جینا. وەڵ فریدریك ولیەم

---

[73] فیختە ، یۆهان گۆتلیب Fichte, Johann Gottlieb (1762-1814), فەیلەسوف و رۆشنبیرێکی ئەڵمانییە، لایەنگیری تیۆرییەکی ئیدیالیستانەیە لەمەڕ واقیع و رەفتارە ئاکارییەکان. فیختە رۆژانی یەکشەممە موحازەرەی دەووتەوەو بەشێوەیەکی عەقڵانییانەش باسی ئایینی دەکرد، ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی چەندان کێشەو دوژمنایەتی لەنێوەندە ئاینییەکانەوە بۆ دروست ببێت، هەروەها دەسەڵاتدارانیش زۆر خۆشیان نەدەویست لەبەر ئەو مەیلە شۆڕشگێڕانەیەی هەیبوو. دیارترین کتێبی پێڕەوی ئاکار لەبەر رۆشنایی زانستدا 1798 .

جۆزێف شـیلینگ[74]، لـەوەش زیـاتر پێـی لێهـەڵبڕی لەکورتکردنـەوەی شتەکاندا بۆ چالاکیی خودییانـەی یـەك رۆحـی رەها کەبەناوی پاڵنـەری خوڵقێنـەری نـاو سروشـت پێناسـەی کـرد. کاریگـەریی رۆمانسـیزم لەسـەر هەسـت و لەسـەر یـەزدانێتیی سروشـت لەبیرکردنـەوەی فەلسـەفییانەی شـیلینگدا رەنگـی دایـەوە، کـەکاری کـردە سـەر جوڵانـەوەی بێسـنوریی ئـەمریکایی، کـەرالف وێڵـدۆ ئێمرسـۆنی[75] شـاعیرو وتارنوس رابەری بوو.

---

[74] شلینگ Schelling, Friedrich Wilhelm Joseph von (1775-1854) فەیلەسوفێکی ئەڵمانییە، یەکێکە لەرابەرە دیارەکانی ئیدیاڵیزم و سەردەمی رۆمانسیزم لەفەلسەفەی ئەڵمانییدا.

[75] ئێمرسۆن، رالف والدۆ Emerson, Ralph Waldo (1803-1882) وتارنوس و شاعیری ئەمریکیی، رابەری جوڵانـەوەی فەلسـەفیی بالاییـە. لـەژێر کاریگـەریی قوتابخانـەکانی رۆمانسیزمی ئینگلیزیی و ئەفلاتۆنیزمی نویٚ و فەلسەفەی هیندۆسییدا بوو. ئێمرسۆن توانایەکی باشی هەبوو لەوەدا کـەگوتارە فەلسـەفییەکان لـەزمانێکی شـیعریی قەشـەنگدا داڕێژێت.

## هیگڵ

**Hegel**

بـــەهێزترین عـــەقڵی فەلســـەفیی ســـەدەی نـــۆزدە، فەیلەسوفی ئەڵمانی جۆرج ولیەم فریدریش هیگڵە[76]، کەسیستمەکەی ئـەو دربـارەی ئایدیـالیزمی رەهـا، کەزۆر لەژێر کاریگەریی کانت و شیلینگدا بوو، بەڵام لەسـەر بیرۆکەیـەکی تـازە لەمـەڕ لۆجیـك دامـەزرابوو کەلـــەوێدا ململانـــێ و نـــاکۆکی وەك رەگـــەزە پێویسـتەکانی راسـتیی لەقەڵـەم دەدرێـن، هـەروەها راستییش زیاتر وەك پرۆسێسێك رەچاو دەکرێت نەك وەکـو حاڵـەتی رسـکاوی شـتەکان. بـەلای هیگڵـەوە، سـەرچاوەی هـەموو واقیع، بریتیـە لـەرۆحێکی پـەتی، یـاخود عـەقڵێکی گـەردونی، کەلەرەهاییـەوە پـەرەی

---

[76] هیگڵ Hegel, Georg Wilhelm Friedrich (1770-1831), فەیلەســـوفێکی ئایدیالیســـتی ئەڵمانـــە، یەکێکـــە لەهەرەکاریگـەرترینی فەیلەسـوفەکانی سـەدەی نـۆزدە. شکڵەی ئێستای بەخشی بە فەلسەفە کە شکڵی کۆتاییەتی ، ناسـراوترین نوسـراوەکانی برینـێن لـە فینۆمینۆلۆژیـای رۆح و زانستی لۆژیك و پرەنسیپەکانی فەلسەفەی ماف .

سەرندووە، بوونێکی جیانەکراوە بۆ ناو واقیعێکی زیاتر و زیاتر تۆکمە، بەهۆی پرۆسێسێکی دیالەکتیکییەوە کەپێکهاتووە لەقۆناغێکی سێیینە:

. حاڵەتی بەرایی شتەکان (یان تێزەکان).

. حاڵەتە دژەکەی (یان ناکۆکییەکان).

. حاڵەتێکی باڵاتر، یاخود کۆکراوەکان، کەهەردوو دژەکە یەکدەخات.

بەپێی ئەم تێڕوانینە، مێژوو بەهۆی چەند یاسایەکی لۆجیکییەوە بەڕێوە دەچێت، بۆیە هەموو ئەوەی واقیعییە، ماقوڵیشە. فۆرمە مێژووییەکانی دواتر بەدیهێنانی تۆکمەتری ڕۆحە رەهاکەن، کەباڵاترینی قۆناغەکانی بۆ ناسینەوەی خود لەناو دەوڵەتی نەتەوەیی و فەلسەفەدا دەدۆزرێتەوە. هیگڵ هانی بایەخانێکی زیاتری دا بەمێژوو، بەوەی وەکو دەرکپێکردنێکی قووڵتری واقیع وێنا بکات لەچاو زانستی سروشتییدا. بۆچوونی ئەو دەربارەی دەوڵەتی نەتەوەیی وەکو باڵاترین بەرجەستەکردنی

کۆمەلایەتی رۆحی رەها، هەندیکجار بەسەرچاوەی سەرەکیی ئایدیۆلۆجیا مۆدیرنە بالادەستەکان بیت، گەرچی هیگل خۆشی پیی لەسەر بریکی زیاتری سەربەستیی بۆ تاکەکان داگرتووە.

### چەند فەیلەسوفیکی کاریگەری تریش

فەیلەسوفی ئەلمانی ئارسەر شۆپنهاوەر[77] باوەرە گەشبینەکەی هیگلی رەتکردەوە کەبەبیرو بەپیشکەوتن هەیبوو. لەسالی 1819 دا، کتیبی جیهان وەکو ئیرادەو ئایدیا، ی بلاوکردەوە، کەلەویدا فەلسەفە رەشبینە بیخوداکەی خۆی خستە روو.

---

[77] شۆپنهاوەر، ئارسەر, Schopenhauer, Arthur (1788-1860) فەیلەسوفێکی ئەلمانییە، بەفەیلەسوفی رەشبینی ناسراوە. دیارترین نوسرراوی تەمەنی بریتیە لەکتێبی جیهان وەکو ئیراەو وەکو تەسەور. 1818، تێیدا باس لەوە دەکات کەجیهان وەهمێکی گەورەیەو ئیرادەیەکی کوێرو پووچ دروستی کردووە. بەلام دەرك کردن بەجیهان، وەك ئەوەی لەتەسەوری ئێمەدا بێت، تاقە رێگای رزگارکردنی مرۆڤایەتییە لەم تەنتەڵ. کابووسە، بەمە دەتوانین ئیرادەی ژیان لەناو ببەین و ، ئارامیی ناو پرەنسیپی نێرڤانادا ببەینەوە.

شـوپنهاوەر پێـی وابـوو کەهەریەکـە لەسروشـت و مرۆڤیش بەرهەمی ئیرادەیـەکی ناعـەقلانیین، کـەمرۆڤ دەتوانێـت لـەتوێی هونـەرو دەسـبەرداربوونی فەلسـەفییانە لـەئارەزووی کامـەرانیی، لێـی رابکـات، ماتماتیکزان و فەیلەسوفی فەرەنسی ئۆگست کۆمت[78] فەلسـەفەی پۆزەتیڤـیزمی فۆرمولـە کـرد، کـەتێڕامانی میتافیزیکییانـەی رەتکـردەوەو زانینـی راسـتەقینەی هەڵگرتەوە لەوزانستانەدا کەپێیان دەوترێت پۆزەتیڤ یـان راسـتەقینە. کۆمـت زانسـتی سۆسـیۆلۆجیای ـ کەهەرخۆشـی دایمـەزراندووە ـ خسـتە لوتکـەی پۆلاندنەکەیەوە بۆ زانستەکان. ئابوریناسی بەریتانی جۆن ستیوارت میل[79] نەریتی ئەزمونیی و سودگەرایی

[78] کۆمـت، ئۆگسـت Comte, Auguste (1798-1857), فەیلەسوفێکی پۆزەتیفی فەرەنسییە، دامەزرێنەری زانستی سۆسیۆلۆجیا ـ کۆمەڵناسییە. دیارترین گتێبی بریتیە لە ـ چەند وانەیەك لەفەلسەفەی پۆزەتیفییدا، لەشەش بەرگدا 1835 ـ 1842.

[79] میـلّ، جـۆن سـتیوارت Mill, John Stuart (1806-1873) فەیلەسوف و ئابوریناسێکی بەریتانییـە، کـوڕی جـەیمس میڵـە، کاریگەرییـەکی زۆری لەسـەر بیرکردنـەوەی سـەدەی

سـودگەرایی مشـتومالّ کـردو پـەرەی پێـداو لەسـالّی 1863دا، سـودگەرایی بلاّوکـردەوەو پرەننسـیپەکانی بەسـەر بوارەکـانی بیرکردنـەوەدا پیلدەکـرد. میـلّ و سـودگەراکانی تـر کاریگـەرییان لەسـەر چاکسـازییە ئـابوریی و کۆمەلاّیەتییـەکان هـەبوو لەبـەریتانیای گـەورەدا. فەیلەسـوقی ئـاینیی دانیمـارکی سـیرین کیرکگـارد[80] هـێری کردە سەرجەختکارییە هیگڵییەکـە لەسـەر عـەقلّ، هـەروەها داکۆکییـە پرشـنگدارەکەی لەسـەر هەسـت و نزیکبوونـەوەی بابەتییانـە لەگرفتـەکانی ژیـان بـوو بەیـەکێك لەسـەرچاوە سـەرەکییەکانی فەلسـەفەی بوونگـەرایی لەسـەدەی بیستەمدا

---

نۆزدەیـەمی بـەریتانیا هـەبووە، نـەك تـەنیا لەفەلسـەفەو ئـابورییدا، بـەلکو لـەبوارەکانی زانسـتە سیاسـییەکان و لۆجیك و ئێتیکیشدا.

[80] کیرکگـارد سـۆرین ئـابی (1813-1855) Kierkegaard فەیلەسوفێکی ئاینیی دانیمارکییە، کەبایەخی بەبوونی ، هەڵبژاردن. زۆر بەقووڵی کـاری کردۆتـە سـەر تیۆلۆجیاو فەلسەفەی هاوچەرخ، بەتایبەتی بوونگەرایی.

## فەلسەفەی پەرەسەندنگەرایی

**Evolutionary Philosophy**

هیشتا تیروانینی میکانیکییانە بۆ جیهان لەسەدەی حەڤدەیەمدا لەگەڵ باوەربوون بەبیرو هەستی باو لەسەدەی هەژدەیەمدا، کاریگەرییان مابوو، کاتیك لەسەدەی نۆزدەیەمدا بەهۆی تیروانینە دینامیکییە ئالۆزو فرەکانەوە مشتومال کرا، زیاتر لەسەر بنەمای بایۆلۆجیاو میژوو جیگیر کرا نەك ماتماتیك و فیزیا. تیۆریی بەپراکتیك کاریگەر بریتی بوو لەپەرەسەندن لەتویی هەلبژاردنی سروشتییەوە، کەلەسالی 1858 دا لەلایەنی چارلس داروینەوە[81] جار درا، کەکارەکەی تیروانینەکانی سروشت و

---

[81] داروین، چارلس رۆبەرت Darwin, Charles Robert (1809-1882), زانایەکی بەریتانییە، کە تیورەی پەرەسەندنی هینایە ئاراوە، لەمەر پەرەسەندنی هەموو چەشنەکانی ژیان لەتویی پرۆسیسیکی هیواشی هەلبژاردنی سروشتییەوە. کارە سەرەکییەکەی کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر ژیان و زەمین و زانست و هەروەها لەسەر بیرکردنەوەی مۆدرین بەگشتی

مرۆڤایەتیی سەرسام کرد، کەجەختی دەکردە سەر ململانێ و گۆڕان، وەکو دژێک بۆ بەرداوامبوون لەیەکێتی و سەقامگیرییدا. هەردوو شۆڕشگێڕی ئەڵمانی کارل مارکس[82] و فریدریك ئێنگلز[83] لەساڵی 1844 دا بەیەکتریی گەیشتن. بەیەکەوە فەلسەفەی ماتریالیزمی دیالەکتیکیان پێشخست، کەلەسەر

[82] مارکس، کارل Karl Marx (1818 .1883 ) کۆمەڵناس و ئابوریزانێکی ئەڵمانییە، بزوتنەوەی مارکسیزم لەسەر بنەمای کارو نوسینەکانی ئەو دامەزراوەو زۆرینەی بۆچون و بیروراکانی لەنوسینەکانی ئەمەوە پەرەیان سەندووە. لەساڵی 1848دا لەگەڵ فرەدریك ئەنگلزی هاورێیدا مانیفێستی پارتی کۆمۆنیست دەنوسن، لەویدا گریمانە دەکەن کە مێژوو بریتیە لە مێژووی ململانێی چینەکان و بەسەرکەوتنی چینی پرۆلیتاریا دەگاتە کامڵترین ئاست. ناودارترین نوسراوی بریتیە لە کتێبی سەرمایە کەبەشی یەکەمی لەژیانی خۆیدا بڵاوکردۆتەوەو بەشەکانی تری بەتەواونەکراوی بەجێهێشتووە.

[83] ئێنگلز Engels, Friedrich (1820-1895), شۆڕشگێڕو ئابوریی سیاسیی ناس و دامەزرێنەریشە، لەگەڵ کارل مارکسدا پێکەوە سوسیالیزمی زانستییان دامەزراندووە، کە ئێستا بەکۆمۆنیزم ناسراوە. ئێنگلز گتێبێکی نێوداری هەیە بە ناوی ریشەی خێزان و موڵکایەتی تایبەت و دەوڵەت.

کەلەسەر بنەمای لۆجیکە دیالەکتیکییەکەی هیگڵ دامەزرابوو، بەڵام ئەوان مادەیان کرد بەواقیعی کۆتایی نەك بیر. ئەوان لەهیگلەوە ئەو باوەڕەیان وەرگرت کەمێژوو بەپێی یاسا دیالەکتیکییەکان بەڕێوە دەچێت و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان لەسروشتی فیزیایی ناو بیری تاك ڕاستەقینەترن. پیادەکردنی ئەم پرەنسیپانە بەسەر کیشە کۆمەڵایەتییەکاندا فۆرمی ماتریالیزمی مێژوویی وەرگرت، واتە ئەو تیۆرییەی کەدەڵێت هەموو فۆرمەکانی کەلتور بەپێی پەیوەندیی ئابورییەکان و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیی پێناسە دەکرێن کەلەتویی ململانێی چینایەتیی و شۆڕشی بەردەوامدا بەرەوپێشەوە دەچن. ئەم تیۆرییە بوو بەبناغەی ئایدیۆلۆجیی جوڵانەوەی کۆمۆنیزم[84]. فەیلەسوفی

---

[84] کۆمۆنیزم Communism چەمكێك یاخود سیستمێكی کۆمەڵگایە، کە تێیدا کۆمەڵگا خاوەنی یەکەمی سەرچاوە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنان و ئامێرەکانی بەرهەمهێنانەو ئەو مافە لەتاکەکات وەردەگیرێتەوە. لەرووی تیۆرییەوە ئەم چەشنە کۆمەڵگایانە بەشی یەکسان بۆ ئەندامەکانی دابین دەکات، بەپێی توانای هەریەکێکیان و، بەپێی پێویستییش

بــەریتانی هێربـــەرت سپینســـەر فەلســـەفەیەکی پەرەســـەندنگەرای پێشخســـت کەلەســـەر بنـــەمای پرەنسیپی "مانەوەی چاکترین" دامەزرابوو، کەهەموو توخمـــەکانی نـــاو سروشـــت و کۆمـــەڵگای وەکـــو بەشداریکردن لەناو خەباتی پێناوی مانەوەدا، لێک دەداتـەوە. ئـەمیش وەکـو کۆمـت فەلســەفەی لەســەر بنـــەمای سۆســـیۆلۆجیاو مێـــژوو دامـــەزراند، کەبەپێشکەوتووترین زانست لەقەڵەمی دان.

---

سودیا پێدەگەیەنێت. لەهەندێک بۆچوونی کۆمۆنیزمییدا دەوڵەت سودێکی ئەوتۆی نامێنێت، بۆیە پێیان وایە کە کۆمەڵگایەکی لەم چەشنە، لەدواقۆناغیدا، بێ دەوڵەت دەبێت. کۆمۆنیزم لەرێگای شۆڕشەوە سودی تایبەتی و زێدەبـایی کـار پـووچ دەکاتـەوەو هـەموو توانـاو لێپرسـراوێتییەکان دەخاتە دەستی پـارتی پێشـڕەوی کۆمۆنیستەوە.

# نیچە

**Nietzsche**

فەیلەسوفی ئەڵمانی فریدریك نیچە[85]، گەڕایەوە بۆ سەر تێڕوانینەکەی شۆپنهاوەر لەمەڕ ئەوەی ژیان بریتیە لەگوزارشت کردن لەئیرادەیەکی گەردونیی، بەڵام ئەم ئەوەی پێی دەڵێن ئیرادەی هێز، کردی بەسەرچاوەی هەموو بەهاکان. یەکێك لەتێزەکانی ئەو بەناونیشانی ئیرادەی هێز، لەساڵی 1901 دا بڵاوکرایەوە، واتە ساڵێك دوای مردنی خۆی. بانگەشەی دەکرد بۆ گەڕانەوە لەئێتیکە ئاینییەکانەوە

---

[85] نیچە، فریدریك Friedrich Nietsche ( 1844 ـ 1900 ) فەیلەسوفێکی ئەڵمانییە، دوژمنێکی سەرسەختی هیگڵ و هیگڵییەکان بووە، هەروەها دژایەتی ئایین بەگشتی و مەسیحییەتی کردووە بەتایبەتی. فەلسەفەکە بریتییە لەچاوپێداخشاندنەوەیەکی رەخنەگرانەی بێرەحمانە بە کەلتوری مرۆڤایەتییدا گەیشتن بەوەی مرۆڤ لەم فۆرمەی ئێستایدا مەحکومە بە فەوتان و پێویستە دان بەبەزینیدا بنێت و چاوەڕوانی ئەو مرۆڤە باڵایە بێت کە جێی دەگرێتەوەو بەپێی پرەنسیپی ئیرادەی هێزو نەهلیزمییەتی پشتەوەی خۆی کاردەکات.

بەرەو فەزیلەتە بەراییتر و سروشتیترەکانی ئازایەتی و بەهێزیی. بەمەش شۆڕشە رۆمانسییەکەی دژی بیرو رێکخستنی کۆمەڵایەتی، تەواوکرد. پێی داگرت لەسەر بەهاکانی سەلماندنی خود و غەریزەی بایۆلۆجیی و هەواو هەوەس.

## پراگماتیزم

**Pragmatism**

بەرەو کۆتایی سەدەی نۆزدە، پراگماتیزم بوو بەبەهێزترین قوتابخانەی بیرکردنەوە لەفەلسەفەی ئەمریکادا. بەردەوامبوو لەسەر نەریتی ئەزمونگەرایی چەسپاندنی فەلسەفە لەسەر تاقیکردنەوە، هەروەها جەختیشی دەکرد لەسەر پرۆسەی تێخوێنەرەوانەی زانستە ئەزمونییەکان. چارلس ساندرێس پێرێس[86]،

[86] پێرێس، چارلس ساندێس Peirce, Charles Sanders (1839-1914) فەیلەسوف و فیزیازانێکی ئەمریکییە، لەکامبریدج لەدایك بووەو لەزانکۆی هارڤارد خوێندویەتی. لەنێوان سالآنی 1864 ـ 1884 دا وانەی لۆجیك و فەلسەفەی وتۆتەوە لەهەردوو زانکۆی جۆن هۆپکین و هارڤارد. لەساڵی 1887

کەئــەم نــاوەی لــەم تێڕوانینــە نــاوە، تیوریيــەکی پراگماتیکییانەی زانینی فۆرمولە کـرد، کەپێناسـەی مانای چەمك وەك پێشبینییەك دەكات کـەدەتوانرێت بەبەکارهێنانی ئەم چەمك و ئەو چەمك لەئەزمونێکی داهـاتوودا بیسـەلمێنین. ولیـەم جـەیمس[87]، کـەکارە سەرنجڕاکێشەکەی لەسایکۆلۆجیادا، چوارچێوەیەکی پێشکەش کـرد بـۆ ئایدیـا فەلسـەفییەکانی، بـەپێی تیوریی پراگماتییانە لەمەڕ راستیی پێشخراوە. ئەو پێناسەی راستیی بەوە کرد کەبریتیە لەتوانای باوەڕ بــۆ رێنمــاییکردنی مــرۆڤ بــەرەو رەفتــاری سەرکەوتووانە، هەروەها پێشنیاریشی کرد کەهەموو باوەڕەکـان لـەکردەوە سـودمەندەکانی خۆیانــەوە بـۆ چارەسەرکردنی کێشەکان هەڵسەنگێنراون. جەیمس پاسـاوی ئـایینی لەسـەر بناغـە پراگماتیکییــەکان

---

لەســاڵی 1887 دا دەبێـــە یەکـــەمین نوێنـــەری ئـــەمریکا لەکۆمەڵەی جیۆدۆسیی نێودەوڵەتییدا.

[87] جەیمس، ولیەم James, William (1842-1910) فەیلەسوف و سیکۆلۆجیستێکی ئەمریکییە، فەلسەفەی پراگماتیزمی پێشخستووە. برای هینری جەیمسی رۆماننووسە.

دایەوە، بەڵام پێی لەسەر سنورداریێتی یەزدان داگرت، ئەو پاساوی یەزدانی بەوزەی نەستییانەی سروشت دایەوە.

لەتوێی کارەکانی فرانسیس برادلییەوە[88]، ئایدیالیزم بوو بە قوتابخانەیەکی بەهێزی بیرکردنەوە لەبەریتانیای گەورە، کەئەمیش وەکو هیگڵ پێی وابوو دەتوانرێت شتەکان وەکو سیماکانی گشتێکی رەها تێبگەین. برادلی نکولیی کرد لەوەی پەیوەندییەکان لەسەر زەمینەیەك بوونیان هەبێت کەهیچ دوو شتێك بوونی نەبێت، هەروەها ئەوەش کەدەتوانرێت تەنیا بابەتە راستەقینەکانی بیر گریمانە بکرێن بەوەی خودی واقیعن. ئەو سوربوو لەسەر ئەوەی کەهەرکاتێك وترا شتێك خەسڵەتێکی دیاریکراوی

[88] برادلی، فرانسیس هێربەرت Bradley, Francis Herbert (1846-1924) فەیلەسوف و رابەری ئایدیالیزمی راهایە لەبەریتانیا، کەسیستمێکە پێی وایە تەواوی واقیع بیتیە لەبەرهەمی بیر و شتەکانی تاوی بەهۆی هۆشەوە دەناسرێن. فەلسەفەکەی زۆر لەژێر کاریگەریی هیگڵدا بووە.

هەیە، ئەوا پێویستە ئەو شتە، وەکو بابەتێك، هەموو جیهان و هەموو واقیع بێت. هەر گریمانەیەکی تر، دەبێتە خود ناکۆکیی، چونکە هەرشتێك لەخودی واقیع کەمتر بێت، ناکۆکیی تێدا دەبێت، بۆ نمونە ئاگردانێك هەندێجار گەرمە، بەڵام هەندێجاری تریش ساردە. فەیلەسوفی ئینگلیزی جۆن. م. تاگارتیش[89] دیسانەوە دەچێتەوە سەر ئایدیالیزمە هیگڵییەکە، پێی وایە کەکات و شوێن راستەقینە نین چونکە بیرۆکەکانیان خود ناکۆکییان تێدایە. ئەو پێدادەگرێت کەتاکە واقیع بریتیە لەبیر. فەیلەسوفی بەریتانی بێرنارد بۆسانکوێت[90]، وەکو تاگارت، دەگەڕێتەوە بۆ

[89] م. تاگارت، جۆن م. تاگارت ئێلس M'Taggart, John M'Taggart Ellis (1866-1925) فەیلەسوفێکی ئینگلیزییە، بەهۆی نوسینە فەلسەفیەکانییەوە ناسراوە کەلەژێر کاریگەریی هیگڵدا نوسیونی. تاگارت لەلەندەن لەدایك بووەو لەزانکۆی کامبریدج خوێندویەتی. لەماوەی نێوان سالانی 1897 ـ 1924 وانەی وانستی ئاکاری وتۆتەوە لەکۆلێجی ترینتی، کامبریدج.

[90] بۆسانکوێت، پێرنارد Bosanquet, Bernard (1848-1923) فەیلەسوفێکی بەریتانییە، لەزانکۆی ئۆکسفۆرد خوێندویەتی و لەوێش وانەی وتۆتەوە لەماوەی نێوان

بۆ سەر ئایدیالیزمی هیگڵیی، جەخت دەکات لەسەر کاراکتەری ئیستاتیکی و دراماتیکیی بەرەوپێشچوونی جیهان.

### ئایدیالیزمی پراگماتی

**Pragmatic Idealism**

جوسایا رۆیس[91]، لەجوڵانەوەی ئایدیالیزمی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، ئایدیالیزمی

---

سالآنی 1871 ـ 1912 دا، پرۆفیسۆری فەلسەفەی ئاکاریی بووە. بۆسانکویێت یەکێکە لەرابەرانی هیگڵیزمی نوێ لەبەریتانیا، ئایدیاو بۆچوونەکانی خۆی لەئەفلاتون و هیگڵەوە هەڵهێنجاوە. موسینی زۆری دەربارەی لۆجیک و میتافیزیاو ئیستاتیک و سیاەست و ئێتیک هەیە. وانەکانی گیفۆردی زۆر ناسراون : پرەنسیپەکانی تاکسارێتی و فەزیلەت ـ 1912، لەگەڵ بەهاو چارەنوسی تاک ـ 1913.

[91] رۆیس، جۆسایا Royce, Josiah (1855-1916) مامۆستاو فەیلەسوفێکی ئەمریکاییە، رابەرایەتیی فراوانبوونی ئلیدیالیزمی ئەمریکایی کردووە. سەرەتا ئەندازەی خوێندووەو دواتر دوای تەواوکردنی خوێندن رووی کردۆتە فەلسەفە. لەژێر کاریگەریی نوسینەکانی هیگڵدا بووە، بەتایبەتی لەو رووەوە کەدەیووت بیری مرۆڤ و جیهانی دەرەکی شتێکی یەکگرتوون. باوەڕی بەراستیی

لەگەڵ توخمەکانی پراگماتیزمدا ئاوێتە کرد. رۆیس ژیانی مرۆڤی وەکو هەوڵی خودێکی کۆتا لێکدایەوە بۆ ئەوەی بەرین ببێتەوەو بۆ ناو خودی رەها، ئەمەش لەتوێی زانست و ئاین و گوێڕایەڵیی بۆ کۆمەڵە فراوانترەکان. کارە زۆرەکانی لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستەمدا چاپکراون.

فەیلەسوف و رۆشنبیرو دەرونزانی ئەمریکایی جۆن دێوی[92] زیاتر پەرەی دا بەپرەنسیپە

---

رەها هەبووە، کەبەبۆچوونی خۆی پێویستە هەموانیش دانی پێدا بنێن. رۆیس خۆی داوە لەبوارەکانی لۆجیکی ماتماتیکیی و مێژوو، سایکۆلۆجیا و رەخنەی ئەدەبییش. هەروەها نوسینێکی زۆریشی هەیە دیارترینیان: دیاردەی ئاینیی لەفەلسەفەدا ـ 1885، رۆحی فەلسەفەی مۆدێرن ـ 1892، مانای یەزدان ـ 1897، گرفتەکانی مەسیحییەت ـ 1913.

[92] دێوی، جۆن Dewey, John (1859-1952), سایکۆلۆجیست و فەیلەسوفێکی ئەمریکییە، لێکۆڵینەوەی لەسەر سیستمی پەروەردەیی لەچین و یابان و مەکسیك و تورکیاو یەکێتی سۆڤێت کردووە. خاوەنی تیۆرییەکی پەروەردەیی تایبەتییە کەبەناوی خۆیەوە ناسراوە، کەجەخت دەکاتە سەر گۆڕینی شێوازی فێرکردن لەشێوازێکی رەقوتەقی میکانیکییەوە، بۆ جۆرەها چالاکیی جیاجیا کەهەموویان

پراگماتییەکانی پێریس و جەیمس و کردنی بەسیستمێکی کامڵی بیرکردنەوە کەناوی سروشتگەرایی ئەزمونیی یان سودبەهایی لێنا. دیۆی جەختی کردە سەر بنەما بایۆلۆجیی و کۆمەڵایەتییەکانی زانین و کاراکتەری سودبەهاییانەی ئایدیاکان وەکو نەخشەی کار. پێی داگرت لەسەر نزیککەوتنەوەیەکی سودبەهاییانەی بۆ ئێتیك، ئەویش بەپێی بەستنەوەی بەهاکان بەتاك و پێویستییە کۆمەڵایەتییەکانەوە. تیورییەکەی دیۆی لەمەڕ فێرکردن، کەپێی لەسەر ئامادەکردنی تاك داگرت بۆ چالاکییە خوڵقێنەرەکان لەناو کۆمەڵگایەکی دیموکراسییدا، کاریگەرییەکی قووڵی هەبوو لەسەر

---

جیاجیا کەهەموویان بەمەبەستی فێرکردن و یاری کردنیش ئەنجام دەدرێن. هەروەها وەکو فەیلەسوفیش، جەختی کردۆتە سەر لێکۆڵینەوەی پراکتیکییانە بۆ پیشاندانی ئەوەی چۆن ئایدیا فەلسەفییەکان دەتوانن لەژیانی رۆژانەدا کاربکەن. کارە دیارەکانی بریتین لە: قوتابخانەو کۆمەڵگا ـ 1899، دیموکراسی و فێرکردن ـ 1916، بیناکردنەوەی فەلسەفە ـ 1920، گرفتەکانی پیاوان ـ 1946.

میتۆدەکـانی فـێرکردن لەویلایەتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکادا، ماوەیـەکی زۆر دوای مردنیشـی لەسـاڵی 1952دا، کاریگەریی هەرما.

لەفەرەنسـا کاریگـەرترین تـێڕوانین لەبەشـی سـەرەتای سـەدەی بیسـتەمدا بریتـی بـوو لـە پەرەسـەندنی چوستییەکەی هینری بریگسۆن[93] بوو، کەچوسـتیی و پەرۆشـیی بـەوزەی عەفەوییانـەی پرسێسـی پەرەسـەندن دانـا. بریجسـۆن داکۆکیـی لەهەسـت و زەیـن کـرد دژی نزیکبوونـەوەی شـیکارییانەی ئەبسـتراکت لەسروشـتی وانسـت و فەلسـەفەی زانسـتی عـەقڵیی. لەئـەڵمانیا ئێدمۆنـد هۆسرل[94]، دامەزرێنەری قوتابخانەی فینۆمینۆلۆجیی،

[93] بریگسـۆن، هیـنری Hemri Bregson (1941. 1859) فەیلەسوفێکی فەرەنسییە، یەکێك بووە لەهـەرەدیارترینی بیریارەکانی سەردەمەکەی خۆی، لەساڵانی1900 . 1921 لە کۆلیـج دوفرانـس دەرسـی وتوەتـەوە، دوژمنێکـی سەرسەختی پۆزەتیفەکان بووە.

[94] هۆسـرل، ئـەدمۆند Husserl, Edmund (1859-1938), فەیلەسـوفێکی ئەڵمانییـە، دامەزرێنـەری پـێڕەوی

فینۆمینۆلۆجیـــــی، فەلســــەفەیەکی پیشخســــت کەلــەبونیادی هەســت دەکۆڵێتــەوە، کــەوا لەهەســت دەکات بگەڕێتەوە بۆ بابەتەکانی دەرەوەی خۆی.

## وایتهێد

**Whitehead**

ماتمــاتیکزان و فەیلەسـوفی بــەریتانی ئــەلفرێد نــۆرس وایتـــهێد[95]، لەویلایەتەیـــە یـــەکگرتووەکانی

---

فینۆمینۆلۆجیایــــە. یەکێکـــە لەکاریگــــەرترینی فەیلەسـوفەکانی ســەدەی بیســتەم..ئوســتادی زانکــۆی فرایبــورگ بــووە، دوای خــۆی کورســییەکەی بــۆ هایدگــەر جێهێشتووە، بەڵام کە هایدگەر دەبێت بەسـەرۆکی زانکۆی فرایبــورگ، نــاوی هۆســرل لــە لیســتەی ئوســتادانی ئــەو زانکۆیــەدا دەسـڕێتەوە . لــە ژێــر فشــاری نازییــەکاندا . دیارترین کتێبی بریتیە لە تێڕامانە دیکارتییەکان 1931.

[95] وایتهێد، ئەلفرێد نۆرس Whitehead, Alfred North (1861-1947) ماتمـــاتیکزان و میتافیزیــازانێکی بەریتانییـــە، بەشـێوەیەکی گشـتی بەیــەکێك لەفەیلەسـوفە مەزنــەکانی سـەدەی بیستەم لەقەڵەم دەدرێت. دیارترین نوسـینەکانی ســیمبۆلیزم . 1926، پرۆســێس و واقیــع . 1927، وتــارێك دەربارەی کۆزمۆلۆجیا . 1929.

ئـــەمریکادا، ســـەرلەنوێ رووی کـــردەوە تێڕامـــانی میتافیزیکییانە، بەپەرەپێدانی سیستمێکی تەکنیکیی باڵای ئەو چەمکانەی کەتیوریی ئایدیاکانی ئەفلاتون لەگەڵ ئۆرگانیزمەکەی لایبنیزو بریجسۆن. وایتـهێد، کـــەفیزیازانێکی درەوشـــاوەش بـــوو، شۆڕشـــی پێشـــکەوتنی ســـەدەی بیســـتەمی بـــەکارهێنا بـــۆ پیشاندانی نوشوستیهێنانی زانستە میکانیکییـەکان وەکو ڕێگایەك بۆ لێکدانەوەی تـەواوی واقیع. بـەپێی وایتهێدشتتەکان جەوهـەری نـەگۆڕاوی وەها بوونیـان نیـە کەلەبۆشـاییدا سـنوری دیـاریکراوی خۆیانیـان هـــەبێت. بـــەڵکو بریتـــین لەپرۆسێســـێکی زینـــدووی ئـــەزمون کەبەرجەســـتەی بابەتـــە نـــەمرەکان یـــان گەردونییـەکان دەکـەن و، پێکـەوە لەلایـەنی یەزدانـەوە ئاوێتە دەبن.

## سانتیاناو ئەوانیتر

شاعیرو فەیلەسوفی ئەمریکایی جۆرج سانتیانا[96]، پراگماتیزم و ئەفلاتونیزم و ماتریالیزمی لەفەلسەفەیەکی کاملدا یەکخست، کەجەختی لەسەر بەها زەینیی و ئیستاتیکییەکان دەکرد. بینیدیتۆ کرۆس[97] ئایدیالیزمی وەکو پیرەویکی بالادەست لەناو

---

[96] سانتایانا، جۆرج (1863-1952) Santayana, George فەیلەسوف و شاعیرو رۆماننوسی ئەمرکییە. لەماوەی نیوان سالانی 1907 ـ 1912 پرۆفیسۆری فەلسەفە بووە لەزانکۆی هارڤارد. یەکەمین کاری بلاوکراوەی بریتیە لە سۆناتەکان و هۆنراوەکانی تر ـ 1894.

[97] کرۆس، بینیدیتۆ (1866-1952) Croce, Benedetto فەیلەسوفیکی ئیتالییە، میژوونوس و سەرکردەی سیاسییشە، لەقوتابخانەی رۆمان کاسۆلیکی سەربە زانکۆی رۆما خویندویەتی، سەرباری خویندنە ئاینییەکەشی، پیاویکی بێ خوداو دژە کەنیسەی لیدەرچوو. لەماوەی نیوان سالانی 1920 ـ 1921 دا وەزیری رۆشنبیریی بووە، دواتر لەماوەی جەنگی جیهانیی دووەمدا دژایەتی فاشیزمی کردووەو دژی حکومەتەکەی بنیتۆ مۆسۆلۆنی دەدوا. لەسالی 1947 دا پەیمانگای ئیتالیی لیکۆلینەوەی میژوویی دامەزراند. کۆرس لەژیر کاریگەریی هیگلدا بووە، دیارترین کارەکانی بریتین

لەناو فەلسەفەی ئیتالیدا دامەزراند، گەڕایەوە بۆسەر بۆچوونە هیگڵییەکان دەربارەی واقیع و پێشکەوتنی مێژوو لەتوێی کێشەو دژایەتییەوە. بەڵام پێ لەسەر هەست و زەین دادەگرت وەکو سەرچاوەی کۆتایی راستیی، نەك عەقڵی پەتی. بێرتراند راسێل[98] بەردەوام بوو لەسەر نەریتی ئەزمونیی و سودگەرایی لەبیرکردنەوەی بەریتانییدا. راسێل پێشکەوتنەکانی لۆجیك و ماتماتیك و فیزیای لەسەر گرفتەکانی فەلسەفە تاقیکردەوەو ئەمەش کاریگەریی سەرەکیی قوتابخانەی ئەزمونگەراییە. فەیلەسوفی بەریتانی جی. ئی. مور[99] سەرەکیترین سیمایە لەوەدا کەپێی

---

لەمێژووی ئەوروپا لەسەدەی نۆزدەیەمدا . 1920، پادشاو هاوپەیمانەکانی . 1951.

[98] راسێل، بێرتراند ئارسەر ولیەم Russell, Bertrand Arthur William, 3rd Earl Russell (1872-1970) فەیلەسوفێکی بەریتانییە، ماتماتیکزانەو خاوەنی خەڵاتی نۆبڵیشە، کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر شیکردنەوەی لۆجیکییانەی فەلسەفەی سەدەی بیستەم.

[99] موور ، جـ (ۆرج) ئێ (دوارد) Moore, G(eorge) E(dward) (1873-1958) فەیلەسوفێکی بەریتانییە و کاریگەریی هەبووە لەسەر پێشکەوتنی فەلسەفەی هاوچەرخ،

دەوترێت شۆڕشی ریالیزم دژی ئایدیالیزم، پێی داگرت لەسەر واقیعێتیی بابەتەکانی ناو باوەڕی باو. مۆریس شێوازێکی سادەو رەوانی هەبوو، هەروەها زمانی رۆژانەی خەڵکی لێهاتووانە بەکاردەهێناو کاریگەریی هەبوو لەسەر پێشکەوتنی قوتابخانەی فەلسەفەی شیکاریی.

## فەلسەفەی شیکاریی

**Analytic Philosophy**

قوتابخانەی ئەزمونی لۆجیکیی، یاخود لۆجیکی پۆزەتیڤی، لەڤییەننا دامەزرێنراوەو بووە بە جولانەوەیەکی بەدەسەلات لەبیرکردنەوەی ئەمریکییدا. ئەزمونی لۆجیکیی، کەپۆزەنیڤیزم و هیۆم و کۆمتی لەگەڵ بایەخدانە دیکارتیی و کانتییەکان بۆ لۆجیکێکی وردو توندوتۆڵ، ئاوێتەی یەکتری کرد، میتافیزیاو یاریکردنی بێمانایانە

---

هاوچەرخ، بەشداریکردووە لەداڕشتنی تیوریی ئاکاریی بەریتانییداو داکۆکیی لەفەلسەفەی ریالیزم کردووە.

بەووشـــەی رەتکـــردەوە، پێـــی داگـــرت لەســـەر پێناسەکردنی هەموو چەمکەکان بەزاراوەکانی فاکتە بـــەرچاوەکان، هـــەروەها ئـــەرکی رونکردنـــەوەی چەمکەکان و رێزمانی لۆجیکییانەی زانستەکانی بـۆ فەلسەفە گل دایەوە.

فۆرمێکـــی فەلســـەفەی شـــیکاریی بـــەناوی شـــیکردنەوەی زمانەوانیشـــەوە بـــانگ کـــرا، کەسەراسیمەی کارەکانی مـور بـوو، مەبەراشـکاویی لەلایـەنی وێتجنسـتینی قوتابییـەوە پـەرەی پێـدرا لـــەکتێبی (in Tractatus Logico-philosophicus) دا کەلەسـالی 1921 دا چـاپکرا، کـەبوو بـەتێڕوانینی فەلســەفییانەی بالادەســت لەبــەریتانیادا. ئــەم قوتابخانەیەی بیرکردنەوە، میتافیزیاشی رەتکردەوەو فەلسەفەی سنوردار کـرد بـۆ ئـەرکی روونکردنـەوەی مەتەڵە فیکرییەکان کەبەهۆی تەژمیی زمانەوە سەریان هـــەڵدابوو، بەشـــیکردنەوەی مانـــای وشـــەکانیان لەگوتاری ئاساییدا. پێناسـەی مانـای وشـەیەك لـەو

ڕێگایــەوە دەکــات کــەلێوەی وشــەکە بەشــێوەیەکی گشتی بەکارهاتووە.

## فەلسەفەی بوونگەرایی

**Existential Philosophy**

فەلســـەفەی بونگـــەرایی کـــەوادیارە لەســـەدەی نۆزدەیەمەوە شۆرشێکی رۆمانسییانەی بەرپاکردبێت دژی بـــیرو زانســـت، لەخزمـــەتی تێوەگلانـــی ئینفیعالییانـەوە لـەژیاندا، لـەتوێی کارەکـانی مـارتن هایدگـــەرو[100] کـــارل یاسپەرســـەوە[101]، بـــوو بـــە

---

[100] هایدگـەر، مـارتن Martin Heidegger ( 1889 . 1978 ) یەکێکە لە مەزنترینی فەیلەسوفەکانی سـەدەی بیسـتەم ، هایگـــەر بیریـــاری بوونـــە ، گـــەورەترین پرســـیار لـــە فەلیسـەفەکەی ئـەودا بریتییە لە پرسیاری : بوون چییە ؟ وەڵێ لـە دوایـین هـەوڵیدا بـۆ وەلامدانـەوەی ئـەم پرسـیارە ئەنتۆلۆژییـە دەگاتـە ئـەوەی کـە نیگـەرانیی بریتییـە لـە ماهییـەتی بـوون ، ئەمـەش دۆڕاندنـی ململانێکەیـە لـە بەرژەوەندیی هەبوودا ، نەك لە بەرژەوەندیی بووندا .

[101] یاســـپەرس، کـــارل ,(1883-1969) Jaspers, Karl فەیلەسـوفێکی ئەڵمانییـە، یەکێکـە لەرابـەرانی فەلسـەفەی بوونگـەرایی، کارەکـانی کاریگـەرییان لەسـەر تیۆلۆجیـای مۆدرێن هـەبوو، هـەروەها کاریگەیشـیان لەسـەر فەلسـەفە

فەلســـەفەیەکی کاریگـــەر لەئـــەڵمانیا. هایدگـــەر نزیکبوونـەوەی فینۆمینۆلۆجیـی هۆسـریلی لەگـەڵ جەختکارییە کیککگاردییەکە لەسەر شالاوی ئەزمونی هەســتیی، هــەروەها بۆچوونەکــەی هیگــڵ لەمــەڕ نکوڵییکـردن وەك هــێزێکی راســتەقینە، هــەموویانی یەکخست. فەلسەفەکەی هایدگەر هیچگەرایی خستە جێگـەی یـەزدان وەکو سەرچاوەی بـەهاکانی مـرۆڤ، یاسپەر یـەزدانی دۆزییـەوەو نـاوی لێنـا بـاڵای تـەژم، لەناو شالاوی ئەزمونە سۆزییەکانی مرۆڤدا دۆزییەوە.

---

هــەبوو. یاســپەر لــە 23ی شــوباتدا لــەدایکبووە، یاســاو پزیشکیشی لـەزانکۆی هـایدلبێرگ خوێنـدووەو، هـەر لـەو زانکۆیەشــدا لەســاڵی1916 بــەدواوە، وانــەی نەخۆشــییە عەقڵییەکانی وتۆتەوە. پاشـان رووی کردۆتـە فەلسـەفەو تـا ساڵی 1937 کورسی فەلسەفەی هەبووە. ژنەکەی یاسپەرس جولەکـەبوو، کـە نازییـەکان هـاتن لەسـەر کـار لایـان بـردو، ئـەویش لەسـاڵی 1948دا، لەسویسـرە دەبێـ بـە ئوسـتادی فەلسـەفە. یەکـەمین کتێبـی بریتیـە لـە سـایکۆپاتۆلۆجیای گشتی ـ 1913 ، پاشان کتێبی سایکۆلۆجیای تێڕوانینەکانی جیهان ـ 1919، ئەم کتێبـە زۆر گرنگـەو چـەندان هەڵوێستی حۆراوجـۆری تێدایــە بەرامبــەری ژیـان. کتێبـی سـەرەکیی یاسپەرس بریتیە لەسێ بەرگەکەی فەلسەفە 1932 ـ 1969.

جـۆزێ ئۆرتیگـا ی. گاسـیت کەسـیمای بنـەرەتیی فەلسـەفەی بوونگـەرایی بـوو لەئیسـپانیا، داکۆکیـی لەزەین کرد لەدژی لۆجیك و رەخنەی گرت لەکەلتوری جـەماوەریی و کۆمـەلگای ئـامیرزەکراوی سـەردەمی مۆدیرنـە. نوسـەریکی زایۆنیسـت کـەناوی مـارتن بوبـەرەو لەنەمسا لـەدایك بووە، تەسـەوفی جولەکـەی لەگـەڵ ژیپـەکانی بیرکردنـەوەی بوونگـەرادا لەیـەکداو، ئەزمونی مرۆڤی وەکو دیالۆگی نیوان تاك و یـەزدان راڤە کرد.

پیکهاتـەی جیاجیـای تیۆلۆجیـای کۆنینـە لەگـەڵ تـیروانینی بوونگـەرادا لەمـەر ئـەوەی زانـین زیـاتر شتیکی سۆزییە وەك لەوەی زانستیی بیت، لەلایـەنی کـارل بـارت لەسویسـرەو پـۆڵ تیلیـش لەویلایەتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکاوە، پیشـخران. لەفەرەنسـا جان پۆڵ سارتەر[102] ئایدیاکانی مارکس و کیرکگـاردو

---

[102] سـارتەر، جـان پـۆڵ (1905-1980) Sartre, Jean-Paul فەیلەسوف و درامانوس و رۆماننوس و نوسەری سیاسیی فەرەنسـایی، رابـەری پـێڕەوی بوونگەراییـە لەفەرەنسـا. خەڵاتی نۆبڵی پیبەخشراوە(1964)، بەڵام رەتی کردۆتـەوە.

هۆسرێل و هایدگەری لەناو بۆچوونێکدا لەمەڕ مرۆڤ توانـدەوە، کەگوایـە مرۆڤـەکان پـڕۆژەی خۆیـانن و لەهیچـەوە هـاتووە، بـەوەی جـەخت بکەنـە سـەر بـەهاکانی خۆیـان و لێپرسـراوێتیی ئاکارییانـەی ڕەفتارەکانی خۆیان بگرنە ئەستۆ.

لەماوەی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، ئاینزای ئەمریکیی مارتن لۆسەر کینگ، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کەفەلسـەفەی خۆراوایـی زۆر داپـاو بـووە لەشۆڕشـە کۆمەڵایـەتی و سیاسـییەکان، کەلەسەرانسـەری جیهاندا ڕوویانداوە. کینگ شـوێنی پرەنسیپەکانی ڕابـەری ناسیونالیسـتی هینـدی مۆهـانداس گـاندی کەوت و، داکۆکیی لەبەرەنگارییەکی ناتوندوتیژییانە کرد دژی نادادپەروەریی.

---

لەسـاڵی 1945دا، لەگـەڵ مـێرلۆپۆنتیدا، گۆڤـاری کاتەنوێیەکانیان دامەزراندووە.

سەرچاوە:

**Western Philosophy**

**Encarta Encyclopedia 2002.**